# بێوەژنەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئێریەڵ دۆرفمەن

# بێوەژنەکان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

فاروق هۆمەر



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: بێوەژنەکان – شانۆنامە
نووسینی: ئێریەڵ دۆرفمەن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٢٥
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە:
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥١٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێشەکی

ئەم دەقە لای دۆرفمەن لە پێشدا وەک شیعرێکی درێژ لەدایک بووە و بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

ئەتەوێت چی بڵێی... لاشەیەکی تریان دۆزیوەتەوە؟

من گوێم لێت نییە... ئەم بەیانییە لاشەیەکی تر کەوتووەتە سەر ڕووبارەکە؟

دەنگت هەڵبڕە.. تۆ تەنانەت گوێش بەوە نادەی کە کەس ناتوانێ بیناسێتەوە؟

بەڵام ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی کە لە پشتی ئەم شیعرەوەن، وەک تارماییی بەردەوام بەشوێنیەوە بوون و لە کۆڵی نەبوونەتەوە، ئەوەش تارماییی مردووەکانی شیللی بوون، کە سەردەمانێک ئەوانیش زیندوو بوون و هاوڕێ و دۆست و کەسە نزیکەکانی بوون. دۆرفمەن چیتر دڵی ئاو ناخواتەوە و ئەمجا ڕۆمانێک بەو ناوەوە دەنووسێت، ئەو ڕۆمانەش بۆی ناکرێت، ئازارەکانی لەناو خۆیدا جێ بکاتەوە و پەنا بۆ شانۆ دەبات. ئەوەی ئێمە لێرە بە دواوە هەوڵ بدەین قسەی لەسەر بکەین، ئەو تێکستە شانۆییەیە کە نەک هەر تەنیا بۆ گەلی شیللی، بەڵکو بۆ هەموو ئەو گەلانەش کە بەدەست زوڵم و زۆری دیکتاتۆرییەتەوە ناڵاندوویانە، وێنەی خۆیانی تیا دەبیننەوە، بۆ ئێمەی کوردیش هەروەها. ئەم شانۆییە چیرۆکی مرۆڤ و ڕووبارمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ڕووبارەی کە ڕۆژانە لاشەی ئەو مردووانە لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە،



کە ڕۆژانێک بەر لە ئێستا ئەوانیش لێرە بوون و لەگەڵمان هەناسەیان دەدا و هەمووان پێکەوە دەگریاین و پێ دەکەنین، پێکەوە خەونمان دەبینی و بەدەم ژیانەوە گۆرانیمان دەچڕی، بەدەم زوڵم و زۆرەوە هەڵدەهاتین و دەمانویست ژیان و دەوروبەر پڕ ماناتر بکەین.

بۆیە قەدەرێکی سەیر نییە ئەم شانۆیییە لە دنیای ئێمەوە زۆر نزیک بێت.

دایە سۆفیا، ئەو پیرێژنەیە، کە باوکی و مێردەکەی و دوو کوڕی دیار نین، لە پاڵ ئەویشەوە هەموو بێوەژنەکانی ئەو دۆڵە، کە وێنەی دایە سۆفیا گیرۆدەی هەمان چارەنووسن.

شوێن کەناری ڕووبارێکە و هەموو بێوەژنەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەی پیاوەکانیانن، کە جەنگ هەموویانی هاڕیوە و کەس شتێکیان لەبارەوە نازانێت. ئەوە دایە سۆفیایە هەردەم چاوی بڕیوەتە ڕووبارەکە و وێڵی بینینی شتێکە لە ڕووبارەکەوە بێت. دەنگێک لە دوورەوە هەواڵێکی ئەوانی پێ بێ.

باوکە گابرێڵ، کە نوێنەری ئاینە لەو دۆڵەدا، دێت و هەواڵی هاتنی کاپتنی تازە بۆ خەڵکەکە دێنێت، یان ڕاستتر بۆ بێوەژنەکان، چونکە ئیتر پیاوێک لەو دۆڵەدا نەماوە، ئەو پیاوانەی لەوێن یان سەربازن یان دەستیان لەگەڵ ڕژێمدا تێکەڵ کردووە.

بێوەژنەکان بەرەو ڕووی کاپتنی تازە دەڕۆن، نەک بۆ بەخێرهاتنی، بەڵکو بزانن چ پەیامێکی بۆ ئەوان پێیە. کاپتن دێت و پەیامی ڕۆژگارێکی تازە دەدات بە گوێی بێوەژنەکاندا.

کاپتن: جەنگ دوایی هات، جەنگ لە هەموو شارەکان، لە هەموو شاخەکان و تەنانەت لە دۆڵەکەشدا دوایی هات. ئەرکی نیشتمانی، ئەوەیە کە ئاشتی بەرقەرار بێ، ئەو ئاشتییەی

لەگەڵ خۆی پێشکەوتن دەهێنێت. بەڵام لە یادەوەریی هەندێکتاندا شەڕ هەر ماوە.

ئەم دەقە لە ناو یادەوەریدا هەناسە دەدات، یادەوەریی ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆژگارێک لەگەڵماندا بوون و بەیانییەک کە لە خەو بە ئاگا هاتین، ئەوان لێرە نەمابوون، بەڵام سێبەرەکانیان هەر لێرەیە، ئەوان ڕۆیشتن و هێشتا قاپی نانخواردنەکانیان لەسەر خوانەکان هەڵنەگیراوە، هێشتا خێزانەکانیان لەسەر جێگای نووستنەکانیان دەست دەگێڕن و تەماشا دەکەن ئەوەی تۆزێک لەمەوبەر لە پاڵیاندا نووستبوو، لەوێ نەماوە. لەو هەستکردنەش بە بوونیانەوە بەردەوام چاوەڕێی گەڕانەوەیان دەکەن. منداڵان لە بەردەرگا چاویان بڕیوەتە کۆڵان و پێیان وایە ئێستا نا تاوێکی دی باوکەکان دێنەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو، ئایا دەکرێت مرۆڤ دەستبەرداری یادەوەری بێت؟ ئەگەر مرۆڤەکان بە خۆشی خۆیان دەستبەرداری یادەوەری نەبوون، دەکرێ لە ژێر فشاری زەبروزەنگدا ئەوەیان بەسەردا بسەپێنرێت کە دەست لە یادەوەری هەڵبگرن؟

کاپتن: ئێمە دەبێت هەردوولامان بە خۆماندا بچینەوە، ئێمە چ خەڵک و چ سوپا زەرەرو زیانێکی گەورەمان لە یەکدی داوە. هەردوولامان بە باوەش کردنەوە بۆ داهاتوو، دەکرێت ئەو ڕابردووە ترسناکە لە یاد بکەین. ئێمە ئامادەین لە ئێوە ببوورین، کە سەرپێچیی ئێمەتان کردووە، بەڵام بە مەرجێک ئێوە ئەو ژان و ئازارەتان لە بیر بچێتەوە کە ئێمە بەسەرمان هێناون و هەڵسوکەوتی خۆتان باش بکەن، بەمەرجێک ئێوە ئامادە بن ڕابردوو لە یاد بکەن.

لە بیرکردنی ڕابردوو، تاکە زامنی پێکەوە ژیانی جەلاد و قوربانییە،



ناکرێت من و تۆ پێکەوە بژین و دەریایەک خوێنیش لە نێوانمان ڕژابێ. بۆیە هەمیشە داوا لە قوربانی دەکرێت بەجۆرێکی دی بیر بکاتەوە، دەسبەرداری کەسێتیی خۆی بێت و بڕوانێتە من، منی جەلاد. ئەوە منی جەلادم کە هەمیشە ئەوەت بۆ دیاری دەکەم دەبێ چۆن بژیت و بیر لە چی بکەیتەوە.

کاپتن: بەو جۆرە برینەکان ساڕێژ دەبن، ئیدی لەمەودوا ئێمەش گوێتان پێ دەدەین، خەمی زەوییەکانتان دەخۆین و کارگەی پەینتان بۆ دەهێنین، بایەخ بە ئاژەڵەکانتان دەدەین، قوتابخانەتان بۆ دەکەینەوە.

لە دیالۆگێکی زۆر ناسکدا کە دەکرێت وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو داوایەی کاپتن لە قوربانییەکانی دەوێت، دایە سۆفیا لەگەڵ ڕووبارەکە دەدوێت و دەڵێت:

دایە سۆفیا: ئەی ڕووبار چیت بۆ هێناوم؟ من پیرەژنێکی داماوم و لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم.

فیدیلیا کە کوڕەزای سۆفیایە و باوکی لە ریزی ونبووەکاندایە، دەڵێت:

فیدیلیا: داپیرە؛ باپیرە دەگەڕێتەوە... هەموو ئەوانەی کە دیار نەماون دەگەڕێنەوە.

تریسیا: (یەکێکە لە بێوەژنەکان) فیدیلیا درۆ مەکە...

فیدیلیا: درۆ ناکەم کاپتنی تازە وای گوت... ئەو گوتی پیاوەکان دەگەڕێنەوە.

تریسا: ئەو گوتی دەبێت ئێوە باش بن.

فیدیلیا: بەڵام ئێمە بۆ خۆمان هەر باشین، ئێمە شتێکی هەڵەمان نەکردووە.

**تریسا:** بەڵام سۆفیا نا.

لێرەوە خەڵکی دۆڵەکە بەناچاری مل بەوە دەدەن کە ڕابردوو لە یاد بکەن. بەڵام ئەوەی کە ناتوانێ ڕابردوو لە یاد بکات، دایە سۆفیایە، ئەو ژنەی کە هەمیشە چاوی بڕیوەتە ڕووبارەکە و چاوەڕوانە ئاو، کە تاکە دەروازەی بەستنەوەی دۆڵەکە و دنیای دەرەوەشە، هەواڵێکی لە دوورەوە بۆ بهێنێت، هەواڵێک دەربارەی ئەوانەی کە ڕۆژگارێک لێرە بوون و لەپڕێکدا دیار نەمان. ئەم هەڵوێستە هەمان هەڵوێستی ئەنتیگۆنامان بەبیر دەهێنێتەوە کاتێ کە لە فەرمانی کریۆن یاخی دەبێ و بڕیار دەدات لاشەی پۆلێنسسی برای بەخاک بسپێرێت. پۆلێنسس، ناپاکیی لە نیشتمان کردووە و دەبێ بەپێی فەرمایشتی کریۆنی سەرداری وڵات، لە ناشتن بێ بەری بکرێ و قەل و داڵ لە لاشەکەی بخوات.

بڕوانە ئەو دیالۆژەی کە بێوەژنەکان لە ناو خۆیاندا دووبارەی دەکەنەوە.

تریسا: ڕابردوو لە یاد بکەن.

کاسرینا: ڕابردوو بنێژن.

ڕۆسا: با مردووەکان بڕۆن.

تریسا: ئەو وای نەگوت.

کاسرینا: ئەو بەهیچ جۆرێک باسی مردووەکانی نەکرد.

لێرە بەدواوە ڕوانینێکی جیاواز لە ناو بێوەژنەکاندا سەرهەڵدەدات، کە ڕوانینی دایە سۆفیایە و هەر کەسێتیی ئەویشە گرێی شانۆییەکە دەخوڵقێنێ و کێشمەکێش دەسازێنێ.



سۆفیا: منیش بینیم.

ڕۆسا: گوێی لێ بگرە، ئەویش خراپتر لە کوڕەزاکەی درۆ دەکات.

سۆفیا: ئەوە کاری تۆ نییە.

ڕۆسا: ئەوە کاری منە، ئەو گوتی باش بن.

سۆفیا: من دەزانم ئەو وتی چی، ئەو باسی پەینی کرد.

ئیدی لە نێوان دەستبەرداربوون لە یادەوەری و هەوڵدان بۆ ئەوەی بە دڵی جەلادەکەت بیت، کارەکتەرێکی دی خۆیمان پێ نیشان دەدات، کە هێندەی هەموو کارەکتەرەکانی نێو شانۆییەکە زیندووە و هەر لە هەناسەی یەکەمیشەوە تا کۆتایی شانۆییەکە گوێمان لە دەنگ و هاوارێتی، ئەویش ڕووبارەکەیە. بەر لە کۆتاییهاتنی پەردەی یەکەم ڕووبارەکە لاشەیەک لەگەڵ خۆی دەهێنێت، لاشەیەک کە ڕوخساری شێواوە و کەس نایناسێتەوە، لاشەیەک کە دەکرێت، باوک، برا، یان کوڕی هەموومان بێت. چونکە لە دواجاردا هەموومان لە دوای ونبووەکان دەگەڕێین. دایە سۆفیا کە تاکە بێوەژنی دۆڵەکەیە دەستبەرداری یادەوەریی نەبووە و بەردەوام چاوی بڕیوەتە ڕووبارەکە، پێی وایە ئەوە لاشەی باوکێتی و ئاوەکە لەگەڵ خۆی هێناویتییەوە.

سۆفیا: فیدیلیا بڕۆ باوە بانگ کە و لەوێشەوە پاچێک لەگەڵ خۆت بهێنە.

ئالێکس: (کوڕەزای سۆفیایە) ئەوە کێیە داپیرە؟

سۆفیا: ئەوە باوکمە.

تریسا: نا ئەو نییە... ئەو نییە سۆفیا.

سۆفیا: با ئەوە.

تریسا: تۆ ناتوانیت بینێژیت.

سۆفیا: لێرە نا، ئەو لەلای دایکمەوە شوێنی خۆی هەیە.
لە گۆڕستانەکەی سەر گردەکە.

ناشتنی مردوو، واتە کەسێتییەک لەم دنیایەدا جێ و ڕێی خۆی هەیە، کەسێک بەشەرافەتمەندی ژیاوە و بەهەمان ڕێز و نرخیشەوە دەنێژرێت. ئەگەرچی باوک، روخساری شێوێنراوە و کەس نایناسێتەوە بەڵام سۆفیا دەیەوێت ئەو بایەخەی بۆ بگەڕێنێتەوە و وەک مرۆڤ بە خاکی بسپێرێت. کەسێک کە خاوەنی گۆڕ بوو، دەکرێت بنەماڵەکەی بڕواتە دادگە و داوایەک پێشکێش بە دادوەر بکات و لە هۆی مردنەکەی بکۆڵێتەوە.

ئایا سۆفیا بۆی دەکرێت لاشەی باوکی وەک ئینسانێک لە خاکدا بشارێتەوە؟

ئەفسەر، کەسێتییەکە هاوکاری کاپتنە و بەر لەویش، لەو ناوچەیەدا بووە و دەستی لە کوشتن و بڕینی هەموو قوربانییەکاندا هەیە و زۆریش دەکۆشێ کە تاوانەکانی نەکەونە ڕوو، پێچەوانەی کاپتن پێی وایە نابێت ڕێگە بە کەس بدرێ لاشەی یاخیبووەکان بەخاک بسپێرێت.

کاپتن پەیمان دەدات بە دایە سۆفیا کە ڕێگەی بدات لاشەی باوکی بەخاک بسپێرێت.

بەڵام ئەفسەر، لە دەرەوەی ئیرادەی کاپتنا لاشەکە دەسووتێنێت.

کاپتن: تۆ دڵنیایت لەوەی کە ئەو پیاوە خنکاوە، باوکتە؟

سۆفیا: بەڵێ.

کاپتن: بەڵام بۆچی پیرەمێردێکی ئاوا تێکەڵ بەکاری سیاسی بووە؟



سۆفیا: باوکم سیاسی نەبووە.

کاپتن: باشە، تۆ گوتت باوکت بەند کراوە، بەڵام بۆچی؟

سۆفیا: لەسەر هیچ.

کاپتن: خاتوو فیونتس، هیچ کەسێک بەبێ هۆ بەند ناکرێت؟

پرسیاری سەرەکی لەم دیالۆژەوە دەخوڵقێت، ئایا دیکتاتۆرەکان چ پاساوێک بۆ گرتن و کوشتنی هەزاران مرۆڤی بێ گوناه دەهێننەوە، کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەبنە قوربانی؟

کاپتن، بەخاتری ئەوەی کە نەخشەکەی سەربگرێ و هەرێمەکەی ناوچەیەکی بێدەنگ و ئارام بێ، بەڵێنی ئەوە دەدات بە دایە سۆفیا کە ڕێگەی بدات، باوکی وەک مرۆڤ بشارێتەوە. بەڵام دواجار ئەفسەر لاشەکە دەسووتێنێ و دایە سۆفیاش لەو ئومێدە بێ بەش دەبێت کە ڕۆژگارێک، خەونی پێوە بینیبوو. کاپتن و ئەفسەر، لە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشدا دەبینین، کە وا دەردەکەوێ هەریەکەیان لە ئاست ڕووداوەکاندا خاوەنی دوو دید و بیرکردنەوەی جیاواز بن، بەڵام دواجار بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەردوو بیرکردنەوەکە لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقووڵێن کە ئەویش بێدەنگکردن و سڕینەوەی وێنە و کەسێتیی قوربانییە.

کاپتن: تۆ لاشەکەت سووتاند... چۆن وێرات ئەوە بکەیت... من فەرمانم پێ دایت کە لاشەکە بگەڕێنیتەوە بۆ....

ئەفسەر: ببوورە گەورەم، گوێ لە خۆت بگرە. لەوانەیە ئێستا لە شوێنێکی ئەم وڵاتەدا فەرماندارەکەی تۆ، پارچە پەڕەیەک ون بکات. ئیمزایەک بگۆڕێت. لاشەیەک بسووتێنێ تا پاشەڵی تۆی پێ داپۆشێت. بۆم داپۆشە. لەم بەهەشتی دیموکراتییەدا وا

نەکەین، سوپا بەڕێوە ناچێت. تۆ بۆ منی داپۆشە، منیش بۆ تۆی دائەپۆشم.

کەمێک پێش ئەوەش لە دیمەنێکی ناوازەی تری شانۆییەکەدا ئەفسەر و پزیشک سەرگەرمی پشکنینی لاشەکەن، بۆ ئەوەی کەسێتیی لاشەکەیان بۆ ڕوون بێتەوە. ئەوان دەیانەوێت ئەوەمان تێ بگەیەنن کە لاشەکە لێدان و ئەشکەنجەدانی بە خۆوە نەدیوە، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکان بۆ خۆیان لە ناو ڕووبارەکەدا خنکاون و شەپۆلە خوڕەم و تیژەکانیش بە جۆرێک لاشەکانیان شێواندووە کە نەناسرێنەوە.

ئەفسەر: ئێمە هیوا دەخوازین دکتۆر زانیاریی تەواومان دەربارەی لاشەکە پێ بدات.

پزیشک: سووتێنراوە، لێی دراوە، ئێسقانەکانی ورد و خاش کراوە. کارەساتە. دیارە بەر لەوەی فڕێی بدەنە ڕووبارەکەوە، چاکیان لێ داوە. هەروەها برسیشی بووە، تەماشای پەراسووەکانی بکە.

ئەفسەر: من پێم وایە ڕووبارەکە وای لێ کردبێت.

پزیشک: ئەی بۆ سووتاوییەکەی؟

ئەفسەر: من هیچ سووتاوییەک نابینم، جوانتر لێی وردبەرەوە.

پزیشک: ئەوەی من دەیزانم پێم گوتی، بەڵام ئەگەر تۆ شتێکی جیاوازتر دەبینی....

ئەفسەر: هیچ بەڵگەیەکت دەربارەی کەسێتیی لاشەکە بۆ دیاری ناکرێت؟ تەمەنی؟

پزیشک: من ناتوانم تەمەنی دیاری بکەم. لەوە دەچێ بۆ چەندەها مانگ خۆر لێی نەدابێت، بەڵکو بۆ چەندەها ساڵ. بەڵام



گوندییە. تەماشای دەستەکانی بکە. بە دڵنیاییی شکێنراون... پێم وایە ڕووبارەکە شکاندبێتی.

لە پەردەی دووەمدا، ڕووبارەکە جارێکی دی لاشەیەکی دی دەهێنێتەوە سەر وشکانی.

ئەمجارە، سۆفیا لاشەکە دەناسێتەوە، ئەوە لاشەی میشێلی مێردێتی. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، سۆفیا تەنیا بێوەژنێکە کە هانی بێوەژنەکانی دی دەدات دەسبەرداری یادەوەری نەبن، ئەمەش دەبێتە گەورەترین مەترسی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە. دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەستەپاچەن لە بەرانبەر ئەو لاشانەی کە ڕۆژانە ڕووبارەکە بۆیان دەهێنێت و کێشەیان بۆ دەخوڵقێنێت. بەڵام گرینگ ئەوەیە بەهەر

پاساوێک بێت، ڕێگە نەدەن ئەو لاشانە بنێژرێن.

ئایا ڕێگە دەدرێت دایە سۆفیا لاشەی میشێلی مێردی لە خاکدا بشارێتەوە؟

ئەمانوێیل کە خۆی خەڵکی ناوچەکەیە و پیاوی ڕژێمە و بۆ داپۆشینی تاوانەکانی ئەفسەر فێڵێک دەدۆزێتەوە، کە هەم خۆی لای ڕژێم خۆشەویستتر بکات و هەم بۆشی بکرێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر هاوگوندییەکانی خۆیدا بسەپێنێ.

ئەمانوێیل: ئەگەر کەسێکی تر داوا لەسەر لاشەکە تۆمار بکات. کەسێک بەربەرەکانێ بکات. بۆ نموونە ئەوە لاشەی مێردی کەسێکی تر بێ. هەر کەسێک، مێردەکەی لە ڕووداوێکدا تێدا چوو بێت. دنیایەک پیاو هەن، دیار نەبن و ئەفسەر بەندی نەکردبن. پرسەی هەر کەسێک، ئەفسەر تیا شەرمەزار نەبێت.

کاپتن: تۆ کێت لە مێشکدایە؟

ئەمانوێیل: زیۆ سانجیس.

ئەمانوێیل لە نموونەی ئەو کەسە بێ هەست و سۆزانەن کە پێیان گرینگ نییە لە وڵاتدا چی روو دەدات، ئەوەندی بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە. ئەو سیسیلیای ژنی زیۆی تەفرە داوە بەوەی کە مارەی دەکات و دەیبات بۆ شار و دنیایەک منداڵی لێ دەخاتەوە؛ کە منداڵ تاکە هیوای سیسیلیایە.

ئەمانوێیل: تۆ دەتەوێت مێردەکەت بگەڕێتەوە.

سیسیلیا: من تۆم دەوێت.

ئەمانوێیل: کەواتە بە خاکی بسپێرە.

سیسیلیا: بەڵام ئەوە مێردی من نییە.

ئەمانوێیل: ئەوە خۆیەتی ئەگەر تۆ ئارەزوو بکەیت.

سیسیلیا: نەخێر. ئەوە کەسێکی ترە. زیۆ دەگەڕێتەوە.

ئەمانوێیل: برۆ بینێژە و دڵنیابە ئەو نایەتەوە.

سیسیلیا: خۆزگە ئەوەندە ئاسان بوایە.

ئەمانوێیل: گوێم لێ بگرە. برۆ بینێژە، ئەو هەرگیز ناگەڕێتەوە. ئەوە بە خاتری کاپتن بکە و کاپتنیش دڵنیات دەکات لەوەی کە زیۆ جارێکی تر سەر هەڵناداتەوە.

سیسیلیا: من ناتوانم ئەوە بکەم.

ئەمانوێیل: کەواتە یەکێکمان هەڵبژێرە، من یان ئەو.

سیسیلیا: (ئەمانوێیل ماچ دەکات) بەڵێنم پێ دەدەیت کە چووینە شار بمکەیت بە دایکی هەزاران منداڵ.



ئەمانوێیل: ملوێنێک منداڵ.

ڕەنگە قەدەر نەیەوێت دایە سۆفیا مردووەکانی وەک ئادەمیزاد و بەوپەڕی ڕێزەوە بشارێتەوە. دوای ئەوەی کە لاشەی باوکی سووتێنرا، ئەوەتا لاشەی مێردەکەشی بەناوێکی ترەوە بە خاک دەسپێردرێت. مرۆڤەکان تەنیا بە زیندوویێتی کێشە بۆ دەسەڵات نانێنەوە، بەڵکو بە مردوویش دەبنە کێشە.

دایە سۆفیا: من هەمیشە دەتوانم بیناسمەوە، چاوەکانیشم بنووقێنم، لە تاریکیدابم و کوێریش بم دەتوانم میشێلەکەی خۆم بناسمەوە.

دەسەڵات دەتوانێت هەموو شتێک بکات و هیچ دەستە و تاقمێکیش بۆیان نییە دەنگ هەڵبڕن، تەنانەت نوێنەری ئاینیش کە خۆی لە باوە گابرێلا دەبینێتەوە و بۆ خۆشی دڵنیایە کە ئەوە میشێلە و زیۆ نییە، کەچی دەنگ هەڵنابڕێ و خواوەندی خۆی ڕازی بکات، چ لە ترسی گیانی خۆی، یان لە ترسی لە دەست نەدانی کارەکەی؛ مل بۆ ئارەزووی کاپتن شل دەکات.

کاپتن: من ڕێگەی پێ دەدەم کە مردووەکەی بنێژێت.

باوە گابریڵ: تۆ کەسێکی بەخشندەیت.

کاپتن: باوە تۆ پێت وایە خواوەندی گەورە دەمانبەخشێت.

باوە گابرێڵ: تا ئەو کاتەی بۆ خاتری ئاشتی کار بکەین، بەڵێ دەمانبەخشێت.

کاپتن: ناتوانم پێت بڵێم ئەوە چەندێک ئارامیم پێ دەبەخشێت.

باوە گابرێڵ: هەروەها ئارامیش بە گیانی ماندووی دایە سۆفیاش دەبەخشێ.

کاپتن: سۆفیا، وا بزانم تۆ هێشتا ئەوەت نەزانیوە. ئەوە هەڵە بوو. هەڵەی سۆفیا بوو. ئەو لاشەیە لەلایەن سیسیلیاوە داوای لەسەر تۆمار کراوە.

باوە گابرێڵ: من ناتوانم نوێژی لەسەر بخوێنم. میشێل هاوڕێم بووە. ئەو بۆ چەندین جار لەسەر ئەو کورسییە دانیشتووە کە تۆ ئێستا لەسەری دانیشتوویت.

بەڵام لە دواجاردا باوە گابرێڵ ناچار دەبێت، بۆ ئەوەی کوڕەزا بچکۆڵەکەی سۆفیا نەکوژرێت و کاپتن بۆی ئازاد بکات نوێژ لەسەر میشێل بکات و وەک زیۆی مێردی سیسیلیای بناسێنێت.

دیمەنی سێیەم لە بارودۆخێکی چاوەڕواننەکراودا، ئالۆنسۆی کوڕی دایە سۆفیا لە دنیای ونبووانەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک کەسێکی ئاسایی نا، بەڵکو دوای ئەوەی کە لە زینداندا چۆکی داداوە و بڕیار دەدات ناوی هەموو ئەوانە بڵێ کە لە دژی ڕژێم کاریان کردووە. ئالۆنسۆ دەگەڕێتەوە بەڵام هیچ شتێک لە ڕووداوەکان ناگۆڕێت، ئەو تەنیا وەک جەستەیەکی بێ گیان گەڕاوەتەوە و کەسێکی زیندوو نییە، ڕەنگە ئەگەر وەک هەموو ئەوانی دی ڕووبارەکە لاشەکەی بهێنایەتەوە لە ئێستای شەرافەتمەندانەتر تەماشای بکرایە. ئالۆنسۆ لە شانۆییەکەدا باوکی منداڵێکە کە فێری قسەکردن نابێت و ڕەنگیشە تا ئەبەد بەلاڵی بمێنێتەوە. لە سەرەتای شانۆییەکەدا و لە دیمەنی یەکەمدا دۆرفمەن سەرنجمان بۆ ئەو منداڵە ڕادەکێشێت.

تریسا: منداڵەکە نایەوێت بدوێت؟

یانینا: (دایکی منداڵەکەیە و خێزانی ئالۆنسۆیە) هەر هیچ.

تریسا: تەمەنی چەندە؟





یانینا: لەوە تێپەڕیوە کە فێری قسەکردن بێت.

ئەو کاتەش کاپتن چی دی بۆ نامێنێتەوە کە دایە سۆفیای پێ بێدەنگ بکات، ئەو سۆفیایەی کە هەموو بێوەژنەکانی تریش دەخرۆشێنێ تا داوای مردووەکانیان بکەنەوە.

مێرد و کوڕ و باوکەکانمان دەوێتەوە، ئەگەر زیندوون، ڕێگەیان بدەن بێنەوە ماڵێ.

ئەگەر مردووشن ئەوا لاشەکانمان بدەنەوە تا بیانێژین. بەڵام گرفتەکە تەنیا ناشتنی مردووەکان نییە بەڵکو دوای ئەوەش دەبێت پیاوکوژان دادگەیی بکرێن.

ئەوەش لە داوای سەرەکی دایە سۆفیاوە، دەبێتە داوای سەرجەم بێوەژنەکانی تری دۆڵەکە.

لە دیمەنێکی ناوازەدا کە دەشێت بە زیندووترین و ماناداترین دیمەنی شانۆییەکەی تەماشا بکەین، ئەو ساتەیە کاپتن، داوا لە دایە سۆفیا دەکات، سەرپشک بێت لە هەڵبژاردن لەوەی بۆ هەتاهەتایە بێدەنگبوون هەڵدەبژێرێت یان ئەوەی لەبەردەمیدا، ئالێکسی کوڕەزای، کە دواین نێرینەی زیندووی خێزانەکەیە بکوژرێت.

گرانترین بڕیار لێرەدایە، ئایا دایە سۆفیا بێدەنگبوونی هەتاهەتایی هەڵدەبژێرێت و دەستبەرداری گەڕان لە دوای لاشەی مردووەکان دەبێت، بەرانبەر بەوەی گیانی دواین نێرینەی زیندووی خێزانەکەیان بپارێزێت، یان ئامادەیە گیانی دواین نێرینەش بکاتە قوربانی، بەرانبەر داوایەک کە داوایەکی ئینسانییە و بێدەنگبوون و وازهێنان لە بەرانبەر ئەو داوایەش نەک هەر مانای خۆکوشتن دەدات، بەڵکو ڕازی بوونیشە بەسەرشۆڕی و مل دانە بە قەدەرێک کە قەدەرێکی ئینسانی نییە.

کاپتن: ئەگەر کوڕەزاکەت بدەمەوە تۆ چیم پێ دەبەخشیت؟

سۆفیا: بۆ ماوەیەک ئاشتی. تەنیا بۆ ماوەیەک.

لەو کاتەدا کاپتن داوا لە دایە سۆفیا دەکات کە ساتێکی کورتی ماوە، هەرچی هەیە دەتوانێت بە کوڕەزاکەی بڵێ. ئەویش داوای لێ دەکات تەنیا ڕێگای بدات دەستی لێوە بدات. دایە سۆفیا، بۆ دواجار دەست لەسەر دڵی دوایین نێرینەی زیندووی بنەماڵەکەی دادەنێت و پێی دەڵێ.

سۆفیا: دەتوانی گوێت لێم بێت؟

ئالێکس: بەڵێ.

سۆفیا: ئەوان ناتوانن گوێیان لێمان بێت، پیاوە بچکۆلەکەم. من ناتوانم تۆ بپارێزم، ڕۆڵەکەم. لەوە تێ دەگەیت بۆچی؟

ئالێکس: نەخێر.

سۆفیا: تۆ لە من دەبووریت؟

ئالێکس: بەڵێ.

سۆفیا: من شتێک هەیە پێتی بڵێم. گوندێک هەیە بۆ زیندووان و گوندێکیش هەیە بۆ مردووان و بۆ هەمیشەش ئابڵووقەی ئێمەیان داوە. خۆت بنووسێنە بەو دیوارەی کەوتووەتە پشتەوە. دەستێک هەیە لە ناو بەردەکەدا. دەستی لێوە بدە و بیگرە.

ئالێکس: من دەترسم، من...

سۆفیا: بەڵێ، بەڵێ، دەستەکانی لەوێن، هەستی پێ دەکەیت؟

ئالێکس: من هەست بە هیچ ناکەم.

سۆفیا: ئەوە باوکتە. دەستی دەناسیتەوە.



ئالێکس: بەڵێ.

سۆفیا: ئەوانە دەستێکی پۆلاین، زۆر ناسکن بۆ تۆ. بۆیە دەبێت ئازا بیت. هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوانەی کە لە دوای تۆوە دێن. خەڵکانی وەکو ئێمە نامرن.

کاپتن: خودا بتبەخشێ، خودا هەموومان ببەخشێت.

(تاریکی. دەنگی گوللەیەک دێت و بەدواییدا گوێمان لە دەنگی گوللەیەکی تریش دەبێت)

لە کۆتاییی شانۆییەکەدا فیدیلیا کە کچی ئەلکسەندرایە و کوڕەزای سۆفیاشە، ڕوو دەکاتە منداڵە لاڵەکە و دەڵێ: تۆ دەبێت فێری ئەوە بیت چۆن قسە بکەیت، تۆ پێویستت بەوەیە قسە بکەیت. کۆمەڵێ شت هەن کە تۆ دەبێت باسی بکەیت. ئەگەر تۆ بڕیارت داوە کە هەر قسەش نەکەیت، ئەوا هەر چۆنێک بێت چیرۆکەکەت هەر دەکەوێتە سەر زار و دەماودەم هەر دەبێ بڕوات. دەیان چیرۆک هەن کە هاوار دەکەن کەسێک بیانگێڕێتەوە، ئەگەر وشەش نەبێت ئەوا لە ڕێی پێستەوە بۆ خۆیان دزە دەکەنە دەرەوە. ئەگەر لە شانۆی جیهانیدا بەدوای قەدەری دایە سۆفیادا بگەڕێین، ئەوا قەدەری ئەنتیگۆنا بەتەنگمانەوە دێ کە سۆفۆکلیس لە شانۆییی ئەنتیگۆنادا نیشانی داوین. ئەو خوشکەی کە مل نادات لاشەی براکەی قەل و داڵ بیخوات و گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە بەرانبەر بە شاردنەوەی لاشەی براکەی. دواجار ئەنتیگۆناش و دایە سۆفیاش، دوو کارەکتەرن کە ئامادە نین بێدەنگبوون هەڵبژێرن.

## کارەکتەرەکان

(خێزانی فۆنتس)

سۆفیا فۆنتس: داپیرە.

ئالێکساندرا – خێزانی ئەمیلینۆی کوڕیەتی.

یانینا – خێزانی ئالۆنسۆی کوڕیەتی.

فیدیلا – کچی ئالێکساندرایە.

ئالێکسس – کوڕی ئالێکساندرایە.

ئالۆنسۆ – کوڕی سۆفیایە.

(ژنانی ناو دۆڵەکە)

تریسا ساڵس

کاسرینا

رۆسا

مێری لاز

ئەماندا

لوشا

رەمۆنا

سیسیلا سانجیس – دەزگیرانی ئەمانۆئێلی خزمەتکارە.

فلیپ کاستۆریا

بیاترێس کاستۆریا – خێزانی فلیپە.



برایەکی کاستۆریا

باوە گابرێڵ – قەشەیەکی ئەبرەشییە.

(ئەندامانی سوپا)

کاپتن

ئەفسەر

ئەمانۆئێلی سەرباز

پزیشکێک

کۆمەڵێ سەرباز

دەکرێت لە شانۆییەکەدا ژمارەی ژنانی دۆڵەکە، کەم و زیاد بکرێن، بەڵام نابێت لە سیان کەمتر بن، هەروەها بۆ ئەو سەربازانەش کە لە شانۆییەکەدا رۆڵیان نییە ناکرێت ژمارەیان لە دووان کەمتر بێ، لە هەندێ شوێندا دەکرێت زیاتریش بن.

دەکرێت یەکێک لە ژنانی دۆڵەکە، رۆڵی بیاترێس کاستۆریا یاری بکات، هەروەها براکەی کاستۆریاش، کە لە شانۆییەکەدا نابینرێت دەکرێت کەسێکی دی رۆڵەکەی یاری بکات. یەک ئەکتەر دەتوانێ رۆڵی پزیشکەکە و باوە گابرێڵ و فلیپ کاستۆریا و هەروەها رۆڵی ئالۆنسۆش یاری بکات.

## بەشی یەکەم

### دیمەنی یەکەم

(ژنان لە کەناری دەریاکە خەریکی جل شۆردنن).

**تریسا:**

منداڵەکە نایەوێت بدوێت؟

**یانینا:**

تەنانەت وشەیەکیش.

**تریسا:**

تەمەنی چەندە؟.

**یانینا:**

کاتی ئەوەی هاتووە کە فێری قسەکردن بێت.

**کاسرینا:**

بەختەوەرە کەوا بێدەنگە، دووچاری هیچ گرفتێک نابێت.

**تریسا:**

دەبێت هەندێک جار بدوێ....

**کاسرینا:**

با نەدوێ، لەوە دەکات بۆ خۆی بزانێ خێری خۆی لە کوێدایە.

**ڕۆسا:**

ئەمڕۆ سەرچاوەی ئاوەکە پاکژ نییە.



**ئالێکساندرا:**

تۆ هەموو ڕۆژێک وا دەڵێیت.

**ڕۆسا:**

هیچ شتێک بە پاکژی نایەت.

**مێری لاس:**

بە گوێیدا بچرپێنە.

**ئالێکساندرا:**

"بۆ ڕۆسا" کەمێک لەسەرخۆ جلەکانت لە ئاو هەڵکێشە.

**مێری لاس:**

لە نزیکەوە بە گوێیدا بچرپێنە.

**کاسرینا:**

ئەو منداڵە بۆ باوکی وا دەکات.

**یانینا:**

باوکی خۆی نەبینیوە.

(وچانێکی کورت).

**فیدیلا:**

من بە گوێیدا دەچرپێنم.

**تریسا:**

هەموو ڕۆژێک بە پەنجەش کەمێک زمانی بۆ بشێلە.

**یانینا:**

فیدیلا حیکایەتی بۆ دەگێڕێتەوە.

**ئالێکساندرا:**

سەرباری کارە تاقەت پرووکێنەکەی خۆی.

**فیدیلا:**

دایە.

**رۆسا:**

شتێک هەیە. ئەمڕۆ ئاوەکە وەک ڕۆژانی پێشووی نییە.

**یانینا:**

منداڵێکی غەمگین دیارە.

**کاسرینا:**

تۆ پێت وایە دەزانێت کە باوکی....

**تریسا:**

ششششششش.

**یانینا:**

ئەوەی کە من دەیزانم ئەویش دەیزانێت.

(وچانێکی کورت، باوە گابرێڵ بەهەناسەسواری دێتە ژوورێ).

**باوە گابرێڵ:**

هەمووتان وەرن، کاتی خۆیەتی، ئێستا کاتی خۆیەتی.

(دەڕواتە دەرەوە).

**سیسیلا:**

" دێتە ژوورێ " جێبەکە کشایەوە. کاپتنە تازەکەش گەیشتە ئێرە.

(ژنەکان تەماشای سیسیلا دەکەن. بێدەنگییەکی کپ و خامۆش).

**سیسیلا:**

جێبێکی گەورەیە. (دەچێتە دەرەوە).



(ژنەکان جلەکانیان دادەنێن، جلە تەڕەکان دەگوشن و دەیانخەنەوە ناو سەبەتەکانەوە، بە چرپە بۆ یەکتری دەدوێن، دەچنە دەرەوە، سۆفیا بە تەنیا لەسەر ڕووبارەکە دەمێنێتەوە. فیدیلا جارێکی دی دێتەوە ژوورێ).

**فیدیلا:**

داپیرە، تۆ ناتەوێ بیبینی؟

(ئالێکساندرا جارێکی دی دێتەوە، ئالێکسس دادەنێت).

**ئالێکساندرا:**

(بۆ ئالێکسس) تۆ لەگەڵ داپیرەتدا بمێنەرەوە.

**ئالێکس:**

دەمەوێت کاپتنی تازە ببینم. دەمەوێت بزانم شێوەی چۆنە.

**ئالێکساندرا:**

نامەوێت ئەو کاپتنە تۆ بناسێ، من ژنێکی دنیا دیدەم. نازانم ئەم منداڵانەی من بۆچی ئەوەندە بێ مێشکن؟ فیدیلا...

**فیدیلا:**

داپیرە، دەڵێن ئەم کاپتنە لەگەڵ خۆیدا هەواڵی هێناوە، ئەی تۆ.....

**ئالێکساندرا:**

فیدیلا وەرە. (بۆ سۆفیا) تۆ هەموو شتێکت شێواندووە. خەڵکی پێیان وایە تۆ شێت بوویت و منداڵەکانیش ئێستا گوێ لە من ناگرن.

(ئالێکساندرا و فیدیلا دەچنە دەرەوە. وچانێکی کورت. ئالێکس دەڕوانێتە خامۆشیی پیرێژنەکە، کە بە جۆرێک لە دەریاکە ورد

دەبێتەوە، هەروەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بکات).

**ئالێکس:**

داپیرە...؟ تۆ شێت بوویت؟

**سۆفیا:**

بەڵێ.

**ئالێکس:**

لە کەیەوە شێت بوویت؟.

**سۆفیا:**

تۆ لە من دەترسیت؟.

**ئالێکس:**

نەخێر.

**سۆفیا:**

کەروێشکە بچکۆلەکەم.

**ئالێکس:**

من بچکۆلە نیم، من پیاوم.

**سۆفیا:**

تۆ بەختەوەریت کە هێشتا گەورە نەبوویت.

(کاپتنەکە بەپێی نەخشەیەکی ڕێگاوبان و بە پیادە دەردەکەوێت، هەندێک بەرنامە و پلانی نووسراوی لە بەرگێکی لایلۆنی ئالاندووە و خستووەتییە ژێر باڵی).

**کاپتن:**

(بۆ ئالێکس) هێی کوڕە تۆ، دەکرێ پێم بڵێی....



(ئالێکس هەڵدێ) وەرە ڕاناکەیت، من... نەفرەتت لێ بێ. (بۆ سۆفیا) بەیارمەتیی خۆت، خانم... دە... دەمەوێت کە...

(سۆفیا هیچ نیشانێکی پێوە دیار نییە کە ئاگای لە هاتنە ژوورەوەی کاپتنەکە بێ). ئەمە کەناری ڕووبارەکەیە کە ژنان جلوبەرگی لێ دەشۆن؟ " پارچەیە جل هەڵدەگرێتەوە " دەبێ ئێرە بێ. پێم وابوو کە دەبوو ئێرە شینایی بێ. دەبێ ئێرە ئاوەدان بکەینەوە. کارگەیەکی گەورەی لێ بنیات بنێین بۆ بەرهەمهێنانی پەیین.

پیرێژنەکە منگەمنگێکی لێوە دێ، تەنوورەکەی ڕێک دەکاتەوە.

چۆن؟ تۆ... تۆ خەڵکی ئەم ناوچەیەی، مێردەکەت تا ئێستا دەربارەی پەیین قسەی بۆ نەکردوویت؟ چاکە، پێم وایە تۆ دەبێ تەماشای ئێرە بکەی کە چەندە وێرانەیە، تا ببینی... لەبەرئەوەی خاکەکەی پشتگوێ خراوە.. تا ئێستا مێردەکەت باسی ئەوەی بۆ نەکردوویت کە کێڵگەکەی پێویستی بە پەیینە؟

**سۆفیا:**

نەخێر.

**کاپتن:**

ئێ، باشە پێم وایە کە پەیین زۆر... یاریدەر بێ. ئا لەم شوێنەدا سوپا دەست دەکەن بە دامەزراندنی کارگەیەک، ئەو کاتە مێردەکەت بۆی دەردەکەوێ کە تا ئێستا چی لێ کەم بوو. بەرووبووم ڕوو لە زیادبوون دەکا و بازرگانیش پەرە دەسەنێ . تۆ.. تۆ لێرەدا خەریکی چیت؟ چاوەڕوانی هاتنی کەسێ دەکەی؟

**سۆفیا:**

بەڵێ.

**کاپتن:**

(خۆی پێ دەناسێنێ) من...

**سۆفیا:**

چاوەڕوانی باوکم دەکەم.

**کاپتن:**

باوکت.

**سۆفیا:**

هەروەها مێردەکەشم.

**کاپتن:**

باوکت تەمەنی چەندە؟

**سۆفیا:**

کوڕەکانیشم.

**کاپتن:**

باوکت بەلایەنی کەمەوە دەبێ...

**سۆفیا:**

بەتەمەنە.

**کاپتن:**

دەمێکە چاوەڕوانیت؟

(وچانێک، سۆفیا لێی دەڕوانێ).

**سۆفیا:**

خەڵکەکە هەموویان بەرەو گوندەکە چوون بۆ ئەوەی تەماشات



بکەن.

(پێ دەکەنێ، پێکەنینێکی وشک و ماناداری کورتخایەن، لە سەرەتادا کاپتنەکە دەشڵەژێ، دواجار ئاسایی دەنوێنێ و ئەویش پێ دەکەنێ).

(سۆفیا پێکەنینەکەی ڕادەگرێت).

هەر هەموومان. هەر هەموومان زۆر دەمێکە چاوەڕوانین.

## دیمەنی دووەم

(کاپتن و ئەمانۆئێلی خزمەتکار).

**ئەمانۆئێل:**

کەناری ڕووبارەکەت دۆزییەوە، گەورەم؟

**کاپتن:**

بێگومان دۆزیمەوە، من دەتوانم نەخشە بخوێنمەوە. ڕووبارەکەش ئەوەندە شتێکی گران نییە تا لە دەستم عاسی بێت.

**ئەمانۆئێل:**

دەبوو من بۆ خۆم بتگەیەنمە ئەوێ. کاری من ئەوەیە.

**کاپتن:**

سەرباز، من خۆم ئاگادارت دەکەم لەوەی کاری تۆ دەبێ چی بێت.

**ئەمانۆئێل:**

باشە، گەورەم.

**کاپتن:**

هەر کاتێ ویستم پیادە بم، ئەوا پیادە دەبم، ئەوەت لا ڕوونە.

**ئەمانۆئێل:**

هەروەک خۆت دەڵێی گەورەم.

**کاپتن:**

زۆرباشە. تۆ خەڵکی ئەم ناوچەیەی، وا نییە؟

**ئەمانۆئێل:**

کاپتن، خەڵکی ئەو دیوەی تری گردەکەم، چل میلێک لێرەوە دوور ئەبێ.

**کاپتن:**

کەواتە شارەزای ئەم خەڵکانەی ئێرەی؟

**ئەمانۆئێل:**

تا ڕادەیەک، کاپتن.

**کاپتن:**

تا ڕادەیەک. کاپتن ئارکویدا پێی گوتم کە تۆ ئەو دەوروپشتەی خۆت باش دەناسی.

**ئەمانۆئێل:**

من لەوان ناچم، کاپتن. من لەلایەن کاستۆریاوە دامەزراوم، لەو ڕێیەوە شارەزام. بە ڕوخسەتی خۆت گەورەم، پێم وا نییە تا سەر هەموو ژیانی خۆم لێرەدا بەسەربەرم. پێم خۆشە کە...

**کاپتن:**

لەسەر ئاوەکە ئەو پیرێژنەم بینی. ئەو سەگسارە ناشرینە.





هەستم کرد چاوەڕوانی کەسێکە کە... بە بەلەم یان بە شتێکی تر...

**ئەمانۆئێل:**

سۆفیای پیر. ژنەکەی فۆنتس.

**کاپتن:**

دەیناسیت؟

**ئەمانۆئێل:**

گەورەم، بە درێژاییی ڕۆژ لە کەناری ڕووبارەکە دەوەستێ. بۆ چەند مانگێک دەچێ کەمێک مێشکی لەدەست داوە. پێی گوتی چاوەڕوانی پیاوەکانی ئەکات؟

**کاپتن:**

هەرچۆنێ بوو توانیم چەند وشەیەکی لە دەم دەربهێنم. باوکی و مێردەکەی و....

**ئەمانۆئێل:**

کوڕەکانیشی. پیاوانێکی زۆر لە دۆڵەکە.... تیاچوون گەورەم.

**کاپتن:**

تیاچوون.

**ئەمانۆئێل:**

دیارنەمان، ئەوان....

**کاپتن:**

زیندانی کران؟ ئەوانەی کە دیار نەماون چەند کەس دەبن؟

**ئەمانۆئێل:**

هەر هەموویان، گەورەم.

**کاپتن:**

هەر هەموویان؟ هەر هەموو پیاوەکان؟

**ئەمانۆئێل:**

من... پێم وایە باشترە لەو بارەیەوە لەگەڵ ئەفسەردا بدوێن.

**کاپتن:**

بەر لەوەی بێمە ئێرە لەو بارەیەوە هیچیان بۆ باس نەکردووم.

(وچانێک)

دەمەوێ پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە لە ڕووی دادوەرییەوە کارێکی شیاو نییە ئەو هەموو پیاوانە ئاوا بێ سەروشوێن بکرێن. ئەوە وا لە ژنان دەکات کە عەقڵ و هۆش لە مێشکیاندا نەمێنێ. ئەگەر پارچە گۆشتێکیش بێ بیاندەیتەوە بە خاکی بسپێرن، بەڵام کاتێ هیچ نەبێ بیاندەیتەوە...

ئەوا ئەو خەڵکە شێت و هار دەبن. دنیاش بەو کارە دەزانێ.

ڕۆژگارێکی سەختە.

**ئەمانۆئێل:**

وایە گەورەم.

**کاپتن:**

کەمێک سمێڵی لێ ڕوا بوو.

**ئەمانۆئێل:**

گەورەم؟

**کاپتن:**

حەزم لە ئافرەت نییە گەندە مووی هەبێ.

(لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات) هەموو خانەوادەکەی؟



**ئەمانۆئێل:**

هەموو نێرینەکان.

**کاپتن:**

پێم وایە دەبێت بیبەخشین.. مەبەستم لە گەندە مووەکانی روخسارێتی.

تۆ ئەڵێی چی؟

**باوە گابرێڵ:**

" دێتە ژووری " زۆر ئاسوودەین کە دواجار ئێرەتان دۆزییەوە، کاپتن. بیستمان کە ون بووبوون.

**کاپتن:**

باوە کێ ئەوەی پێ گوتن؟

**باوە گابرێڵ:**

ئەها. کاپتن، ئێمە هەر لە ڕێی واتەواتەوە هەموو شتێک دەبیستین. بەڵام ژنان چاوەڕوانت دەکەن.

**کاپتن:**

ژنان چاوەڕوان دەکەن. ئێمە ئەوەمان ناوێت.

## دیمەنی سێیەم

(کاپتن بۆ ژنان دەدوێت. بەتەنیا لەسەر شانۆ دەبینرێ و قسە بۆ گوێگران دەکات).

**کاپتن:**

جەنگ لە شارەکان، لە چیاکان، لە دۆڵەکەش کۆتاییی پێ هات. ئەوەی کە ماوەتەوە ئەرکێکی نیشتمانییە کە ئاشتییەکی قووڵ

و ڕاستەقینە بنیات بنێین.

ئاشتییەک گەشەسەندن بە دوای خۆیدا ڕاپێچ بکات. بەڵام لە یادەوەریی هەندێ کەسدا جەنگ هێشتا ماوە. ترسناکە، پێویستیمان بە پەیمانێکی پتەو هەیە، چ لەلایەن خەڵک و چ لەلایەن سوپاشەوە، ئێمە هەموومان زیانێکی گەورەمان لێ کەوت. هەردوو لامان بە لەخۆبردووی و ئازایەتییەوە وا بکەین ئایندە بەردەوام بێ. ئێمە ئامادەین لەو یاخیبوونەی ئێوە ببوورین ئەگەر ئێوە بتانەوێ ئەو وەڵامە توندوتیژەی ئێمە لە یاد بکەن، ئەگەر ئێوە فێری ئەوە بن کە ڕەفتاری خۆتان جوان بکەن. ئەگەر ئێوە بێنە ناو ئێمەوە، ئەگەر ئێوە ئامادە بن بۆ ئەوەی ڕابردوو لە یاد بکەن، لە دواجاردا لەوە دەچێ برینەکان سارێژ بن. دیمۆکراسی و تەکنەلۆجیا دەهێنین بۆ ئەوەی چی دی وا بەدواکەوتوویی نەمێننەوە، کارگەی پەیین و ئاژەڵداری و دەرمانی مێشوولە... کتێبخانە، کێڵگەی نوێ بۆ خەڵکانێکی نوێ. ئەگەر ئێوە ڕێگەمان بدەن، ئەوا ئێمە دوایی بەو داخ و کەسەر و تەنیاییەتان دەهێنین.

## دیمەنی چوارەم

سۆفیا بەتەنیا لەسەر ڕووبارەکەیە.

**سۆفیا:**

(بۆڕووبارەکە) چیت لەگەڵ خۆت بۆ هێناوم؟ من پیر بووم، چی دی بۆمناکرێ لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەم.

(فیدیلا بە ڕاکردن دەردەکەوێ).



**فیدیلا:**

دێنەوە بۆ ماڵێ، هەر هەموویان دێنەوە بۆ ماڵێ!

**ئالێکساندرا:**

(دەردەکەوێ) سۆفیا، ئالێکس لە کوێیە؟

(وچانێکی کورت). سۆفیا؟ لە کوێیە....

**سۆفیا:**

(گێژ دەخوات، تەماشای ئەملاولای خۆی دەکات) نازانم، ئێستا لێرەدا بوو، لەوانەیە چووبێتەوە بۆ ماڵێ.

**ئالێکساندرا:**

ئای سۆفیا، دەبوو چاوت لێی بوایە.

**فیدیلا:**

پێم وایە، دەبوو ئەو چاوی لە دایە سۆفیا بوایە.

**ئالێکساندرا:**

بێدەنگ بە. ئالێکسس! (بەدەم بانگکردنی ئالێکسسەوە دەڕواتە دەرێ) ئالێکسس!

**فیدیلا:**

باوکە دێتەوە ماڵێ. داپیرە، هەر کەسێک دەبینی ئاسوودەیە، هەر هەموویان.

(تریسا بەدەم پاککردنی گەنمەشامییەکەوە دەردەکەوێت).

**تریسا:**

فیدیلا، درۆ بڵاو مەکەرەوە.

**فیدیلا:**

من درۆ ناکەم، کاپتنە تازەکە، بۆ خۆی گوتی کە پیاوەکان دەگەڕێنەوە...

**تریسا:**

ئەو گوتی لەوانەیە، ئەگەر ئێمە رەفتارمان باش...

**کاسرینا:**

(بەدەم ڕێکخستنی جلوبەرگەکانییەوە دەردەکەوێ) ئەگەر ئێمە باش بین.

(یانینا دەردەکەوێت).

**فیدیلا:**

بەڵام ئێمە بۆ خۆمان هەر باشین. ئێمە شتێکی هەڵەمان نەکردووە.

**تریسا:**

بەڵام سۆفیا نا.

**کاسرینا:**

بەدرێژاییی رۆژ لەسەر ڕووبارەکە دانیشتووە...

**تریسا:**

رەفتاری باش نییە.

**یانینا:**

ئەو منداڵەم لێ وەربگرە، شان و باڵم کەوتنە خوارێ.

(یانینا منداڵەکە دەدات بە فیدیلا).

**ئالێکساندرا:**

" هاوار دەکات " ئالێکسس!



**یانینا:**

سۆفیا، دەبوو تۆش لەگەڵمان بوویتایە، کاپتنە نوێکە لەگەڵمان کۆبووەوە.

ئەو قسەی بۆ کردین، ئەو گوتی...

**تریسا:**

ڕابردوو لە یاد بکەن.

**کاسرینا:**

ڕابردوو بنێژن.

**رۆسا:**

(بەدەم وردبوونەوە لە مەنجەڵێکەوە دەردەکەوێت) واز لە مردووەکان بێنن.

**تریسا:**

ئەو وای نەگوت.

**کاسرینا:**

ئەو هەرگیز ناوی مردووەکانی نەهێنا.

**یانینا:**

سۆفیا، ئەو بەڵێنی پێ داین، ئەگەر هاریکاریی بکەین، ئەو گوتی.... لەوانەیە نەتوانین بڕوای پێ بکەین، ئەگەر تۆ لەوێ بوویتایە، بۆت دەکرا پێمان بڵێی. ئەگەر تۆ بتبینیایە...

**سۆفیا:**

بینیم.

**رۆسا:**

گوێی لێ بگرن، ئەویش لە کوڕەزاکەی درۆزنترە.

**سۆفیا:**

تۆ بچۆ بەلای کاری خۆتەوە...

**رۆسا:**

ئەوە کاری منە، ئەو گوتی باش بن.

**سۆفیا:**

ئەو گوتی کارگەی پەیینتان بۆ دەهێنین، من دەزانم ئەو چی گوت.

**یانینا:**

بەڵام تۆ لەو کاتەوە لێرە بوویت. ئەوە چۆن توانیت؟

**سۆفیا:**

یانینا بچۆرەوە ماڵێ، ئەوە خەریکە تاریکی دادێت، بەتەواوی سەبەتەکان بە تۆڕەکان داپۆشە با مێرووەکان لە خاکەکەوە نەیەنە دەرێ و زیان بە بەروبوومەکە نەگەیەنن.

**یانینا:**

زۆر بە چاکی دام پۆشیون.

**فیدیلا:**

منیش یاریدەم دا، داپیرە، ئێمە...

**سۆفیا:**

لەوانەیە بە باشی داتان نەپۆشیبێت. هەرچۆنێ بێت بەتەواوی هەمووی داپۆشن تا مێرووەکان بۆیان نەکرێ بچنە ناوی.

**کاسرینا:**

هەر خەریکی ئامۆژگاریکردن بە و ڕەخنە لەم و لەو بگرە، بۆ خۆشی بۆ مانگێک دەچێ بەردێکی نەخستووەتە سەر بەردێ.



سۆفیا، هەندێ ئامۆژگاریی خۆشت بکە، تۆ سەرت سپی کردووە.

**تریسا:**

هەر لەوێدا دادەنیشێ....

**رۆسا:**

وەک بەردەکانی سەر ڕووبارەکەی لێ هاتووە...

**کاسرینا:**

کەللەڕەق، دەستەوئەژنۆ، وەک کێلی قەبر...

**رۆسا:**

هەر خەریکی سەرزەنشتکردنی ئەم و ئەوە...

**تریسا:**

هەروەک ئەوەی بڵێی ئێمە لە یادمان کردبێ کە...

**رۆسا:**

(پەنجە لەسەر لێوی دادەنێ) ششششش

**تریسا:**

بۆت ناکرێ سەرپەرشتیی خێزانەکەت بکەی. ئەوەی هۆش و گۆش بێ لە مێشکتدا نەماوە، خەریکە بەتەواوی وەک بەردت لێ دێ.

**ئالێکساندرا:**

(بەردەوامە لە بانگ کردن) ئالێکسس!

**رۆسا:**

کاتێ کە خاکەکەیان لێ زەوت کردین، دەبوو هەر تەماشا بکەین

چۆن پەرژینی دەکەن و... پێ بکەنین. هەروەک ئەوەی پەیمانێکم پێ بدەی، سۆفیا، چرپاندت بە گوێمدا و گوتت " خەمت نەبێ، ژیان وەک زەمین بەردەوام دەبێ " ئێستا هەستە با بڕۆین.

**سۆفیا:**

بۆم ناکرێ، من خەمی ئەو چوار پیاوە لە پەلوپۆی خستووم. باوکم، مێردم، دوو کوڕم. کوان لە کوێن؟ هەر کامێکیان دەگری ژانی خۆی هەیە، هەر کاتێ بیر لە یەکیان دەکەمەوە، تۆ بڵێی ئێستا برسی نەبێ، تۆ بڵێی ئێستا تینووی نەبێ، تۆ بڵێی ئێستا سەرمای نەبێ، ئەوەندەی تر باری خەمم قورس دەبێ. من بووم بە بەرد. ئێستا لە کوێن؟ پیاوەکانی من ئێستا لە کوێن؟ زۆر بە قووڵی هەست بە ونبوونیان دەکەم و هەموو شتێکی دیم لە بیر چووەتەوە، چۆن خواردن لێ بنێم، چۆن کشتوکاڵ بکەم، تەنانەت ڕۆیشتن و ڕاوەستانیشم لە بیر چووەتەوە. ناتوانم بجووڵێم. من لێرەدا چاوەڕێ دەکەم لەبەرئەوەی....

(ئالێکساندرا دەردەکەوێ و ئالێکسیشی بە باوەشەوەیە)

**فیدیلا:**

داپیرە؟ لەبەرئەوەی چی؟

**سۆفیا:**

چاوەڕێ دەکەم. لەبەرئەوەی چی تر بەرگەی چاوەڕوانی ناگرم.

**ئالێکساندرا:**

من لەوە بێزار بووم. ئێمە دەڕۆینەوە ماڵێ.

**فیدیلا:**

داپیرە.



**ئالێکساندرا:**

وازی لێ بهێنن، با بۆ خۆی وەک ئاژەڵ لەو سەر خاکە لێی درێژ بێ. (بۆ سۆفیا) ئەوانە چاودێریمان دەکەن و بۆ خۆشت زۆرباش دەزانی. تۆ سەرنج بۆ خۆت ڕادەکێشی. سەرنج بۆ هەر هەموومان ڕادەکێشی.

(ئالێکساندرا لەگەڵ فیدیلا دوور دەکەونەوە. ئالێکسس لە دواوە هەوڵ دەدات بمێنێتەوە تا لەگەڵ سۆفیادا بدوێ)

**ئالێکسس:**

(بۆ سۆفیا) دەبێ منیش لێرە بەنگ نەبم، دایکم پێی گوتوم کە نابێ... (ئالێکساندرا باسکی ئالێکسس رادەکێشێ و لەگەڵ یانینا و فیدیلا دەڕۆنە دەرێ. سۆفیا بەتەنیا دادەنیشێت. هەر هەموو ژنەکان دەڕۆن بێجگە لە تریسا)

**سۆفیا:**

هەست بە شتێک ناکەیت....

**تریسا:**

هەست بە چی؟

**سۆفیا:**

شتێک بەرەو ئێرە دێت.

**تریسا:**

نەخێر.

**سۆفیا:**

ئەوە شتێکە.

(وچانێکی کورت).

**تریسا:**

کاتێ کە مێردەکەم دەگەڕێتەوە، پێی خۆشە لە ناو کێڵگەکەدا بمبینێ سەرقاڵ بم بە ئیش و کار و فرۆشتنی بەروبووم و بەخێوکردنی منداڵەکانمەوە. منیش چاوەڕوانم، بەڵام بەو شێوازەی تۆ نا، سۆفیا، بەو شێوازە نا.

**سۆفیا:**

(دەستی دەخاتە ناو ڕووبارەکەوە) ئەوە شتێکە. خەریکە دەگاتە جێ.

## دیمەنی پێنجەم

(سیسیلا و ئەمانۆئێل لەسەر ڕووبارەکەن، ئەمانۆئێل هەوڵ دەدات خۆشەویستی لەگەڵ سیسیلادا بکات).

**سیسیلا:**

لێرەدا نا.

**ئەمانۆئێل:**

من حەزم لەم شوێنەیە، شینایییە و دڵگیرە.

**سیسیلا:**

من حەزم لە شینایی نییە.

**ئەمانۆئێل:**

تەنانەت بەر لەوەی تۆش بناسم ئەم شوێنە تۆی بیر دەخستمەوە.

دەمزانی کە ڕۆژێک دێ لەم شوێنەدا پێکەوە دەبین.



**سیسیلا:**

من پێشتریش دەهاتمە ئەم شوێنە، لەگەڵ... (دەوەستێ)

**ئەمانۆئێل:**

پێم بڵێ لەگەڵ کێ؟

**سیسیلا:**

با بڕۆین.

**ئەمانۆئێل:**

زیۆ "گاڵتەی پێ دەکات" هێی، زیۆ!

**سیسیلا:**

بێدەنگ بە. زیۆ دەگەڕێتەوە. هەموو کەس دەڵێ...

**ئەمانۆئێل:**

ئەو سەگە هیچ و پووچە.

**سیسیلا:**

کاپتنەکە پێی گوتوون. خۆم گوێم لێی بوو.

**ئەمانۆئێل:**

هەرگیز شتی وای نەگوتووە...

**سیسیلا:**

هەموو ژنەکان، جێگای نووستنەکانیان ساز دەکەن...

**ئەمانۆئێل:**

کەواتە لەم دەڤەرەیا دنیایەک ژنی بێ ئومێد لە ناو جێگە ساردوسڕەکانیاندا گینگڵ دەدەن.. بێجگە لە ژنێکی بچکۆلەی شیرین کە خۆم دەیناسم. ئەو ژنە بەختەوەرە...

(دەست بۆ سیسیلیا دەبات، خۆی دوور دەخاتەوە)

**سیسیلا:**

ئەو جادووگەرانە ڕقیان لێمە، لەبەرئەوەی ئێمە یەکترمان خۆش دەوێت. دەچن بە زیۆی دەڵێن.

**ئەمانۆئێل:**

خەمت نەبێ کەس ناتوانێ لە گوڵ کاڵترت پێ بڵێ. (دەست بۆ پۆشاکە سەربازییەکەی دەبات) دەزانیت ئەوە چییە؟ (دەمانچەکەی دەگرێت) دەزانیت ئەوە چییە؟ ئەو چی هەیە؟ مەبەستم مێردەکەتە؟ هەتا ئەگەر گەڕاشەوە، کە ئەوە هەرگیز ڕوو نادات، با بڵێین وا هاتیشەوە؟ ئەو درەختانە دەبینی؟

**سیسیلا:**

بەڵێ.

**ئەمانۆئێل:**

ئەو درەختانەم خۆش دەوێن. دەست لە میوەی ئەو درەختانەوە بدەی، کەسێک کە تۆ ناتوانی ببینی؛ ئەو دەستانەت دەداتە بەر گوللە. ئەو خاکە سەوزە ماڵی کاستۆریایە، پارێزراوە.

کاتێ کە منداڵ بووم دەهاتم بۆ ئێرە، شەش کاتژمێر بێرەدا دەهاتم و دەچووم و باڵندەم لێ دوور دەخستنەوە.

**سیسیلا:**

قەت بەسەر ئەو درەختانەیدا هەڵنەزناوی و میوە بدزی؟

**ئەمانۆئێل:**

من نا . من باڵندەم لێ دوور دەخستنەوە، ئەگەر ئەوان بهاتنایە



و لەسەر درەختە بەردارەکان بنیشتنایەتەوە؛ ئەوا من بەردم تێ دەگرتن و دەمترساندن. ئەوەشم دەزانی کە دەبێ من پارێزگاری لە ماڵ و موڵکی ئەو بکەم، ئەوە شتێ بوو کە من بۆ ئەوە لەدایک بووبووم. کۆستریا بۆ خۆی نەیدەزانی من لەوە بەئاگام، کە ئەگەر بەسەر پەرژینەکەیدا هەڵبزنێم ئەوان دەمدەنە بەر گوللە، بەڵام من شانازیم بەوەوە دەکرد کە پارێزگاری لە ماڵ و مۆڵکی ئەو دەکەم. باوکیشم لەسەر ئەوە لێی دەدام. ئەو دەیزانی من لە کوێ بووم و هەرکە دەچوومەوە ماڵێ ئیدی تێروپڕی لێ دەدام.

**سیسیلا:**

کوڕێکی داماو بووی.

**ئەمانۆئێل:**

تۆ دەزانی شەڕ چییە؟

**سیسیلا:**

بەڵێ دەزانم شەڕ چییە.

**ئەمانۆئێل:**

تۆ لایەنی لایەک دەگری و ئەگەر ئەو لایە دۆڕاندی ئەوا تۆش لەگەڵیان تیا چوویت. " ئەوان خاکی خەڵکانی ئێمە زەوت دەکەن" باوکم کە بە کەمەربەندەکەی فەلاقەی دەکردم، وای دەگوت، " ئەوان ئێمە بەرەو چیاکان ڕەوانە دەکەن"

ئەو وای دەگوت و شەلاقی لێ دەدام. " ئێستا دەبێ ئێمە بێین و میوەکانی بەرین " باکی نەبوو لەوەی دەیگوت... ئەو لەوەدا لەسەر هەق بوو کە لێی دەدام. باوکم دەیزانی کە من دوژمنی

ئەوم. ئیدی ڕۆژێک نەگەڕامەوە ماڵێ. کاستۆریا بەسەر ئەسپێکی سپیی گەورەوە لە دەروازەکەوە دەرکەوت و پرسیاری ئەوەی لێکردم کە دەتوانم بچمە لای و کاری بۆ بکەم. دەزانی چی گوت؟

**سیسیلا:**

نازانم.

**ئەمانوئێل:**

" دەبێ گوللە بەو باڵندانەوە بنێی کە میوەکان دەخۆن، ئەگەر باڵندەکان نەکوژیت جارێکی تر هەر دێنەوە " ئەوەی گوت و دەمانچەیەکی دایە دەستم. وابزانم باوکم بە درێژاییی ئەو ڕۆژە بە قامچییەکەی دەستییەوە چاوەڕوانی منی کردبوو بگەڕێمەوە. بەڵام ئیتر بۆ هەتاهەتایە نەگەڕامەوە ماڵێ.

(کاپتن و ئەفسەر لە نزیکیانەوە، لەسەر گردەکە ڕاوەستاون).

**ئەفسەر:**

تۆ دەزانی کاپتن من چی ئەم وڵاتەم پێ خۆشە؟ ئەو سروشتی نەگۆڕییەی کە لەگەڵ خۆی هەڵی گرتووە. لەو شوێنە، لە ناو ئەو تەپوتۆزەدا، پیاوێک بە جووتیاری لەدایک بووە، ئیتر کوڕەکەی و کوڕی کوڕەکەی لەسەر هەمان بنج دەڕوێنەوە، ئەگەر ڕێگەشیان پێ بدەی ئەوا ئەوپەڕی خۆشنوودی دەنوێنن، خامۆشیش بۆ خۆی لەو ڕەزامەندییەوە هەڵدەقوڵێت. لەو جێیەوە، لەو شوێنە پڕ لە شینایی و پیت و بەرەکەتەوە ماڵ و مۆڵک لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دی دەستاودەست دەڕوات. لە باوکی منەوە بۆ باوکی ئەو و بۆ باوکێکی دی... چواردە



خێزان بۆ چوارسەد ساڵە کشتوکاڵ، بە ڕایەڵێکی سۆزداری لە یەکبینە، گرێی داون بەم خاکەوە، بەوپەڕی میهرەبانی و دەست ڕەنگینییەوە، بەرهەم پێشکێش دەکەن بە هەمووان.

لەم دنیایەدا قووڵاییەک هەیە، ساختومانێکی حەتمی، ساختومانێکی پیرۆز، ئەگەر ئەوەت قبووڵ بێت. هەروەها ساختومانێکی تریش هەیە کە هەمیشە خەڵکانی ناو ئەو تەپوتۆزەی هەڵوەدا کردووە بەدوای شینایییدا . ئەگەر هەر بیروباوەڕێکیشیان بەرچنگ کەوێ، ئەوا هەست دەکەن ئەو بیروباوەڕە بەتەنگیانەوە دێ بۆ ئەوەی شینایی پێ بپارێزن. هەموو شتێکی قەشەنگ و پڕ بایەخ و شارستانیی بە تەپوتۆز داپۆشراوە. هەروەک ئەوەی بە درێژاییی ئەم هەشت ساڵەی ڕابردوو ڕەچاومان کردووە.

**کاپتن:**

تۆ بۆچی ئەوەم پێ دەڵێی؟

**ئەفسەر:**

دوێنێ لە گوندا لەگەڵ ژنان بوویت. کاپتن، مەبەستم ئەوە نییە، کە بێ ڕێزی بە ئێوە بکەم، بەڵام گوتارێکی جوانتان پێشکێش کرد، دیموکراسی و پەینی کیمیاویی.

**کاپتن:**

من خۆم ئارەزوویەکی خۆشم بۆ گوتار خوێندنەوە هەیە. لەوەدا زۆر لێوەشاوەم.

**ئەفسەر:**

گوتارێکی زۆر جوان و سەرنجراکێش بوو. بێگومان ئەو

گوتارانە نا کە من دەیاندەم، ئەگەر بهاتایە من کاپتن بوومایە، بەڵام کاپتن نیم.

**کاپتن:**

بەڵام ئەگەر تۆ.... قسەت لەسەر ئەوە دەکرد... تەپوتۆز؟

**ئەفسەر:**

هەر چۆنێ بێ، من پێت دەڵێم " پیرۆزە ". ئێوە زیندوون. دەتەوێ هەروا بەردەوام بی؟ کاپتن، ئێمە ناتوانین سەرنجی خۆمان بدەین، ئێمە لەو ئاستەیدا زۆر لاوازین.
(وچانێک).

**کاپتن:**

ئەفسەر، چەند ساڵێک لەمەوبەر کاتێ لە نانخواردن دەگەڕاینەوە، فەرمانم بە تیپەکەم دا حەشاماتێک گوللەباران بکەن کە لە گۆڕەپانی گوندێکدا مۆڵیان خواردبوو. خۆم وەستابووم و تەماشام دەکردن. کاتێ کە تاریک داهات لایتەکەم دەرهێنا و لە ناو گۆڕەپانەکەدا بەناو لاشەکاندا دەگەڕام. خوێنێکی زۆر چۆڕابووەوە ناو پووتەکانم. منداڵێکی نۆ ساڵان لە ناو بریندارەکاندا کەوتبوو کە دیاربوو لە هەموویان گەنجتر بوو. لەوێدا وەستام و کەوتمە سەرنجدانی منداڵەکە. وابزانم کاتژمێرێکی خایاند تا گیانی دەرچوو. لە میانەی ئەو تەماشاکردنەمدا پووتەکانم وشک بوونەوە و لایتەکەشم ڕووناکیی تێدا نەما. پیاوی لاواز بەرگەی شەوی ئاوا ناگرێ. من پیاوێکی لاواز نیم. بەڵام... ماندووم. جەنگ کۆتاییی پێ هات.



**ئەفسەر:**

کۆتاییی پێ هات. ئەوە دەبینی لەوێدا وەستاوە، لەو شوێنەدا کە ڕووبارەکە پێچ دەکاتەوە. هەر هێندەی مێشێک دەبێ و نابێ، بەڵام ئەوە مێش نییە پیرێژنێکە.

**کاپتن:**

خاتوو فۆنتسی پیر.

**ئەفسەر:**

تۆ پێت وایە... جەنگ لای ئەو کۆتاییی پێ هاتبێ؟ فەرموو بچۆ ئەوەی پێ بڵێ. بەڵام دڵنیابە لەوەی کە دەمانچەکەت لە شوێنی خۆیەتی.
هەشت ساڵمان دەوێ بۆ ئەوەی نیزام بگەڕێنینەوە و کاری ئێمەش ئەوەیە کە دڵنیا بین لەوەی جارێکی دی نیزام نەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.
چونکە نە تۆ بۆت دەلوێ جارێکی دی تەماشای ئەو منداڵە بچکۆلەیە بکەیتەوە کە چۆن گیان دەدات، نە منیش بۆم ڕێ دەکەوێ جارێکی دی تەماشای ئەو دیمەنانە بکەمەوە کە تەماشام کردوون.

**کاپتن:**

نیزام بەبێ گۆڕانکاری نابێ. ئەگەر بتەوێ نیزام ڕابگری ئەوا دەبێ ئەو خەڵکە لە برسێتی و تەپوتۆز ڕزگار بکەی. دەبێ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

**ئەفسەر:**

ئەوجا تۆش سەرلەنوێ وەک ڕەشەبا بەرەو ئێرە هەڵدەکەیتەوە.

دەڕوانیتە سەوزایی، دەڕوانیتە تەپوتۆز، دەڕوانیتە پیرێژن، ئەو چەق بەستوویەی ئێرە. کاپتن، ڕابردوو چاوەڕێت دەکا.

**سیسیلا:**

ئەمانوئێل، ڕۆژگار گۆڕاوە. ڕەنگە بۆمان بکرێ سەردانی خێزانەکەت بکەین و لەگەڵ باوکیشتدا ئاشت بیتەوە.

**ئەمانوئێل:**

ئەو... ئەو پیاوێکی دۆڕاوە. گوێشی مەدەرێ.

**سیسیلا:**

بۆ نا؟ من گوێی دەدەمێ.

**ئەمانوئێل:**

ئەویشیان بردووە. هەر وەکو زیۆ بێ سەروشوێنە. هەرگیز ناگەڕێتەوە.

## دیمەنی شەشەم

(درەنگانێکی شەوە، سۆفیا و فیدیلا و ئالێکسس لەسەر کەناری ئاوەکەن).

**سۆفیا**

لێرە، لەو شوێنەی کە ڕووبارەکە بیر لەوە دەکاتەوە بەیەک ئاراستەدا بڕوا و دواجاریش بەپێچەوانەوە... ئەوە ئەو شوێنە بوو کە لێی مردن.

**ئالێکسس**:

کێ کوشتنی؟



**سۆفیا:**

تۆ بۆ خۆت ئەو چیرۆکە دەزانی.

**فیدیلا و ئەلێکسس:**

داپیرە جارێکی تر بۆمان بگێڕەوە.

**سۆفیا:**

ئیسپانییەکان، باپیرە گەورە گەورەکەم و ژنەکەی. ژنەکەی زۆر دڕندە بوو، ئیسپانییەکان باوەڕییان وابوو کە ئەو گلێنەی چاوی دوژمنەکانی دەخوات.

**فیدیلا:**

جا ئەوە ڕاست بوو؟

**سۆفیا:**

خۆزگە وا بوایە. من ئەم مۆمانە بۆ ڕۆحە بچکۆلەکانی ئەوان ڕۆشن دەکەم. ئەم ئاوە چاوی لێیان بووە کە مردوون. ئاو دەڕوانێتە هەموو شتێ. لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایەدا هەڵدەقوولێ و لە کوێدا ڕێگە هەڵە بکەم یان شتێک ون بکەم، دەزانم ئاوەکە یاریدەم ئەدا بیدۆزمەوە. دەبێ بزانی چۆن پرسیاری لێ دەکەیت.

(دەنکە شخارتەیەک دادەگیرسێنێ و مۆمێک ڕۆشن دەکا و دواتر ئەوانی دی). ئێستا ئەو ڕۆحە گچکانە لێم دەڕوانن، ئێوەش بڕۆن بنوون، بڕۆن ڕۆڵەکانم. ئەگەر دایکتان لە خەو ڕابێ و نەتاندۆزێتەوە...

لە ناو ئەو تاریکییەدا، مۆمە داگیرساوەکان دەبریسکێنەوە.

**ئالێکسس:**

داپیره، ئەوە....

**سۆفیا:**

ششش. ئەوە کێیە؟ ئەوە کێیە لەوێ؟

(هاژەی ڕووبارەکە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێ).

**تریسا:**

(دەردەکەوێ) تا ئێوە لە شەوا لێرە بن، خەو ناچێتە چاوم. هەموو ئەوەی پێی ڕادەگەم هەر تێبینیکردنی ئێوەیە...

**سۆفیا:**

بەڵام تۆ چەند میلێک لێرەوە دووری...

**تریسا:**

لە پەنجەرەی نزیک دەرگاکەوە... گوێم لە خشپە و جووڵەیەک بوو، ئەنتۆنیۆ بوو. پێم وابوو ئەنتۆنیۆ بوو، لەو ساتەوەی ئێوە لێرەیا دادەنیشن، منیش هەموو شەوێک هەمان خەون دەبینم. مێردەکەمە، بەڵام نایەوێت لەگەڵمدا بدوێ. هەمووی تۆیت، تۆ هەراسانیان دەکەی، بۆ هەر شوێنێکیان کێش کردبێ، تۆ لێیان نابیتەوە، بڕۆ ماڵەوە، با کەمێک پشوو بدەم.

**کاسرینا:**

(دەردەکەوێ) گوێم لێ بوو رۆبەرتۆ بانگی ئەکردم، بەپەلە ڕام کردە بەردەرگاکە تا بەخێرهاتنی بکەم، بەڵام حەوشەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، ئەو مۆمانەم بینی داگیرسابوون. سۆفیا دەمەوێ بنووم بەبێ ئەوەی خەون ببینم. لە شەو گەڕێ با بۆ خۆی تەنیا بێ.



**سۆفیا:**

منیش خەونم هەیە. من دەستەکانی خۆم دەبینم، دەرزی و دەزوو لە ناو دەستەکانی خۆمدا دەبینم و سەرقاڵی دوورینەوەی شتێکم، کە دەڕوانمە خوارێ، دەبینم ئەوەی کە دەیدوورمەوە دەمی کەسێکە، دەمێک دەدوورمەوە تا بێدەنگ بێ. برژانگێک دەدوورمەوە، گوێکانی مرۆڤێک، هەر هەمووشیان پێم ئاشنان. کە دەبینم نە دەرزییەکە خوێنی پێوەیە و نە دەزووەکە و نە پەنجەکانیشم، ئەوا.... هەموویان دەدوورمەوە و دەیانکەم بە کلافەوە، کلافەیەکی سپیی باریک، ئەو بانگم دەکات، گوێم لێیە، دەترسم لەوەی کە ڕەنگە مردبێ بەڵام ئای خودایە تۆ بیژێنە.

(هاژ و هوژی ڕووبارەکە بە شێوەیەکی زۆر ترسناک زیاد دەکات).

(رۆسا دەردەکەوێ).

**رۆسا:**

ئەم ئاوە بۆ وای لێ هاتووە، ڕووبارەکە چ دەردێکی گرتووە. بۆچی ئەو هاژ و هوژە ترسناکەی لێوە دێ، سۆفیا چیت کردووە، چیت لە ئاوی ئەم ڕووبارە کردووە؟ ئاوی ڕووبارەکە لێڵ بووە، جلوبەرگەکانیش خاوێن ناکاتەوە، لە ڕووبارەکە بگەڕێ با بۆ خۆی تەنیا بێ...

**فیدیلا:**

داپیرە، ئەوە چی ڕوو دەدات، ڕووبارەکە بۆ وای لێ هاتووە؟

**تریسا:**

شتێک لە ئاوەکەدایە، ڕیز بگرن، قولاپێک بهێنن.

**رۆسا:**

منداڵەکان، منداڵەکان دوور بخەنەوە لەو...

**سۆفیا:**

ئالێکسس و فیدیلا، لە ڕووبارەکە دوور بکەونەوە...

(ژنەکان بەرەو ناو ڕووبارەکە دەکشێن؛ دەنگی ترسناکی ڕووبارەکە هەر بەردەوامە. ژنەکان لە ناو خۆیاندا دەچرپێن، یان وەک ئەوەی ئەو چرپەچرپە لە تۆمارێکەوە بێتە گوێمان).

**تریسا:**

وریا بن، وریا بن، با دوور نەکەوێتەوە...

**رۆسا:**

ڕیشاڵی جلەکانی ڕابکێشن، ڕیشاڵی...

**سۆفیا:**

ڕای بکێشنە سەر بەردەکان، بیخەنە سەر بەردەکان، ڕای بکێشن...

**تریسا:**

ڕای بکێشن، ڕای بکێشن..

**سۆفیا:**

بە هێواشی، ئێستا وازی لێ بهێنن.

(ژنەکان گیانیان تەڕ بووە، لاشەیەک بەرەو دەرەوەی ڕووبارەکە ڕادەکێشن. ناڵەناڵی ڕووبارەکە تا دێ خاوتر دەبێتەوە و دواتر ئاسایی دەبێتەوە).

ئۆووو، من دەیناسم.

بێدەنگی. مێری لاز دەردەکەوێ و لە دوای ئەویشەوە ژنانێکی تر.



**مێری لاز:**

ئای خودایە. ئای خودایە خۆ ئەوە...

**تریسا:**

لە هیچ کەسێک ناچێت.

**سۆفیا:**

من دەیناسم، دەیناسم...

**رۆسا:**

منداڵینە تەماشای مەکەن. سۆفیا، خۆ ئەوە.. ڕوخساری نەماوە. (وچانێک).

**سۆفیا:**

فیدیلا برۆ قەشە بانگ بکە و خاکەنازێکیش بهێنە.

**ئالێکسس:**

ئەوە کێیە، داپیرە؟

**سۆفیا:**

ئەوە باوکمە.

**تریسا:**

ئەو نییە.. سۆفیا، بەهیچ جۆرێک.

**سۆفیا:**

خۆیەتی.

**تریسا:**

تۆ ناتوانی بە خاکی بسپێریت.

**سۆفیا:**

لێرە نا. جێی تایبەتی خۆی هەیە، لە گۆڕستانی سەر گردەکە لە تەنیشت دایکمەوە بەخاکی دەسپێرم.

**رۆسا:**

دەبێ ڕوخسەت وەربگریت.

**سۆفیا:**

بۆ ئەوەیان نا.

**تریسا:**

کاپتن گوتی ڕەفتارتان جوان بێ.

**ئەماند:**

بۆ خاتری خوا، سۆفیا، بۆ خۆت دەزانی کە دەبێ ڕوخسەت وەربگریت.

**لوشا:**

ئێستا نابێ هەرا بنێینەوە.

**رۆسا:**

هەموو پیاوەکانی ئێمەیان لە ژێر دەستایە.

**فیدیلا:**

داپیرە، ئەگەر باوکە... ئەگەر باوکم...

(وچانێک).

**سۆفیا:**

گرفتێک نییە، باشە، ڕوخسەت وەردەگرم؛ ئەوە باوکمە.

(خۆی ئامادە دەکات بۆ رۆیشتن).



**ئالێکسس**:

چاوەڕێ بکە، لەگەڵتدا دێم.

(وچانێک).

**سۆفیا:**

باشە تۆ ناترسیت؟

**ئالێکسس**:

بەهیچ جۆرێک.

**سۆفیا:**

دەبێ بترسی. وەرە.

**رۆسا:**

ناتوانی کوڕەکە لەگەڵ خۆتدا بەری، تۆ مێشکت....

**فیدیلا:**

داپیرە، دایە تووڕە دەبێ ئەگەر...

**سۆفیا:**

ئایا بۆ دەبێ وابێ. ئێستا ئەگەر ئەمیلینۆ لێرە بوایە هەر بۆ خۆی لەگەڵم دەهات. ئا بەو جۆرە فۆنتس مردووەکانی خۆی بەخاک دەسپێرێت.

**کاسرینا:**

فۆنتس دەبێ منداڵەکانی خۆی بپارێزێ.

**سۆفیا:**

ئیتر لەمەودوا هیچ کەسێک ناتوانێ بیانپارێزێ. فیدیلا، هیچ کەسێک بۆی نییە دەست لەو لاشەیەوە بدات. تێگەیشتی؟

**فیدیلا:**

بەڵێ، داپیرە.

**سۆفیا:**

ئالێکسس، وەرە. هیچ شتێک نییە لێی بترسیت. ئەو کاپتنە جیاوازە، وا نییە؟

**تریسا:**

باشتر وایە بێ هیوا نەبی.

**سۆفیا:**

تۆ هیوا بخوازە، منیش دەڕۆم باوکم بە خاک دەسپێرم.

(ئەوان دەڕۆنە دەرێ، ئەو ژنانەی ماونەتەوە تەماشای لاشەکە دەکەن. یانینا دەردەکەوێ).

**یانینا:**

لە جێگەکەم ڕابووم، بۆم نەکرا بنووم، من... (لاشەکە دەبینێ).

ئاخ، ئاخ، ئاخ خودایە.

(وچانێک).

ئەوە کێیە؟

## دیمەنی حەوتەم

(بەرەبەیانییەکی زووە، پزیشکەکە لە نزیک ڕووبارەکەوە ڕاوەستاوە جگەرە دەکێشێ).

(ژنەکان لە نزیکی لاشەکەوە کۆمەڵیان بەستووە. ئەفسەر و سەربازەکان پێکەوە دەردەکەون).



**ئەفسەر:**

ئەم ڕووبارە جێی سەرسڕمانە. پێم وا نییە کەسێک لاشەکەی جووڵاندبێ، وا نییە؟ (وچانێک).

وایە یان نا؟ ژنەکان سەریان بە نەخێر دەجووڵێنن.

کێ لە ئێوە ئەم لاشەیەی دۆزییەوە؟

(ژنەکان ئاماژەیەکی بە کۆمەڵی دەکەن؛ هەموویان پێکەوە دۆزییانەوە).

**پزیشک:**

مردووە، ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نییە.

**ئەفسەر:**

من هیوا دەخوازم دکتۆر، بۆت بکرێ لەو بارەیەوە گەلێک زانیاریی بەکەڵکمان بخەیتە بەردەم.

(دکتۆرەکە ئاماژە بۆ سەربازەکان دەکات کە لاشەکەی بۆ هەڵگێڕنەوە. سەربازەکان تەرمەکە هەڵدەگێڕنەوە).

(بۆ تریسا) تۆ لاشەکەت دۆزییەوە؟

(وچانێک) وەڵام بدەرەوە. تۆ دۆزیتەوە؟

**تریسا:**

بەڵێ گەورەم، لەگەڵ ژنەکانی تردا پێکەوە دۆزیمانەوە.

**ئەفسەر:**

دەیناسیتەوە؟

(تریسا وەڵام ناداتەوە، تەماشای لاشەکە دەکات. ئەفسەر دەڕوانێتە ئەماندا).

تۆ تەماشای ڕوخساریت کردووە؟
(ئەماندا سەری دەجوولێنێ و دەگەڕێتە دواوە).
من پرسیارم لێ کردی، ئای خودایە، ئێوە بەکەڕی لەدایک بوون؟
بۆپزیشکەکە. پانتۆڵەکەی لەبەردا داکەنن.

**پزیشک:**

ئەوە هەر بەتەنیا هەوڵدانێکی بەراییيە...

**ئەفسەر:**

یاریدەی ئەوە دەدات کە بیناسینەوە.

**ڕامۆنا:**

ئەوەمان ناوێ.

**ئەفسەر:**

ناتەوێ ڕوخساری ببینی؟

**ڕامۆنا:**

نەخێر گەورەم.

**ئەفسەر:**

(بۆ پزیشکەکە) ئەو پانتۆڵە نەفرەتییەی لەبەردا داکەنن.
(وچانێک. سەربازەکان پانتۆڵەکە لەبەری لاشەکە دادەکەنن).
کەواتە؟

**پزیشک:**

سووتێنراوە، لێی دراوە، ئێسکەکانی شکێنراوە... کارەساتە. من وای دەبینم بەر لەوەی فڕێیان دابێتە ئەم ئاوەوە زۆریان ئەشکەنجە دابێ، برسیشیان کردبێ، بڕوانە پەراسووەکانی.



**ئەفسەر:**

پێم وایە ڕووبارەکە لەوە بەرپرسیار بێ.

**پزیشک:**

لە سووتانەکەی؟

**ئەفسەر:**

من هیچ سووتانێک نابینم، باشتر لێی وردبەرەوە.

**پزیشک:**

هەموو بۆچوونەکانی خۆمم بە ڕاشکاوی پێ گوتی. بەڵام ئەگەر تۆ بۆچوونەکانت جیاوازە...

**ئەفسەر:**

هیچ نیشانێکت لا ڕوون نییە دەربارەی کەسایەتی؟ تەمەنی؟

**پزیشک:**

ناتوانم تەمەنی دیاری بکەم. لەوە دەچێ بۆ چەندەها مانگ ڕێیان پێ نەدابێ خۆر لێی بدات، لەوانەیە چەند ساڵێکیش بێ. جووتیارە. تەماشای دەستەکانی بکەن... بێگومان ئێستا شکێنراون. پێم وایە... ڕووبارەکە بووبێ.

**ئەفسەر:**

ئەوە چییە لە گیرفانەکانیدا؟

**پزیشک:**

هیچ.

**ئەفسەر:**

(بۆ ژنەکان). ئێوە ژنان. دەمەوێ یەکە یەکە بڕۆنە سەر لاشەکە

و بەتەواوی لە ڕوخساری ورد ببنەوە. پرۆسەیەکی سروشتیی ناسینەوەی لاشەکە. هەموو شتێک بەوپەڕی ناسکی و کەماڵەوە بۆ ئێوەی هاوولاتییانی هاوچەرخ لەم خاکە نوێیەدا، فەراهەم کراوە.

(بێجگە لە فیدیلا، ژنەکان هەموویان داواکارییەکەی جێبەجێ دەکەن).

**کاسرینا:**

لەوە دەچێ براکەی من بێ گەورەم، بەر لە چوار ساڵ لەمەوبەر بێ سەروشوێنیان کرد.

**ئەفسەر:**

براکەت؟ لەوە دڵنیای؟

(وچانێک).

**کاسرینا:**

من چۆن بتوانم لەوە دڵنیا بم؟ چۆن دڵم بەرایی دێنێ ئەوە بکەم بە برای خۆم؟

**ئەفسەر:**

هەروەها منیش نامەوێ هی من بێ. چاکە. خەڵکی قسەی خۆیان کرد، یان هێشتا تەواو قسەی خۆیان نەکردووە.

(ئاماژە بۆ سەربازەکان دەکات کە لاشەکە دوور بخەنەوە. کاتێ کە لێی نزیک دەکەونەوە فیدیلا بەرەو لاشەکە دەڕوات).

**ئەفسەر:**

زۆرباشە، زۆرباشە، پێداچوونەوە هەیە...



**فیدیلا:**

ئەوە باپیرە گەورەی منە.

(ئەفسەر بە شێوازێکی ئارەزووبازانە بۆ ماوەیەکی درێژ لێی دەڕوانێ).

**تریسا:**

پشتگوێی بخە گەورەم، کەمێک تەواو نییە .

**ئەفسەر:**

باپیرە گەورەی تۆ. ئۆی خودایە. ناوی تۆ چییە؟

**فیدیلا:**

فیدیلا فۆنتس.

**ئەفسەر:**

کچی ئەمیلینۆی؟

**فیدیلا:**

بەڵێ. ئەوە باپیرە گەورەی منە. کارلۆس مێندز.

**ئەفسەر:**

کچێ تۆ هەر وا لە دوورەوە بەو سادەیییەوە ناسیتەوە؟

**فیدیلا:**

سۆفیای داپیرەم ناسییەوە، گەورەم.

**ئەفسەر:**

شتێکی سەیرە کە ئەو لێرە نییە. پێمان وا نەبوو داپیرە بتوانێ بۆ ساتێ لێرە دوور بکەوێتەوە. ئێمە پێمان وا بوو بێرەوە داکوترابێ.

ئێستا دەبێ لە کوێ بێ؟ هیچ شتێک دەربارەی ئەوە دەزانی؟

(بەر لەوەی وەڵام باتەوە، فیدیلا زۆر بەخێرایی بەرەو لای تەرمەکە دەڕوات و لەلایەوە دادەنیشێت و دەستێکی دەگرێت).

**فیدیلا:**

بۆ لای کاپتن چوو، گەورەم. چوو ڕوخسەتی ئەوەی لێ بخوازێ تەرمی باوکی بەخاک بسپێرێت.

**ئەفسەر:**

کاتی خۆی بەفیڕۆ دەدات.

(وچانێک).

ئێستا لە لاشەکە دوور بکەوەرەوە.

وچانێک.

(فیدیلا لە شوێنی خۆی ناجووڵێ).

کچێ لەگەڵ مندا ئەو هەڵسوکەوتانە مەنوێنە.

(وچانێک).

(ئەفسەر و سەربازەکان تەماشای فیدیلا دەکەن کە وەڵامیان ناداتەوە و لە شوێنی خۆی ناجووڵێ. ژنەکان لە دوورەوە ڕاوەستاون بەڵام زۆریش دوورنین).

**تریسا:**

وازی لێ بهێنن، گەورەم. پێم گوتی کەمێک تەواو نییە.

**یانینا:**

فیدیلا وەرە.

**ئەفسەر:**

تۆ خێزانی.... ئالۆنسۆی، وا نییە؟



من بۆ ناو لەبەرکردن زۆر باشم.

**یانینا:**

فیدیلا!

**فیدیلا:**

گەورەم، داپیرەم هەرگیز کاتی خۆی بەفیڕۆ نادات.

ئەو باوڕی بە شتی وا نییە.

(ئەفسەر بەرەو لای فیدیلا دەڕوات و شانی دەگرێ و بەوپەڕی هێزەوە بەڵام بەتەنگەوەهاتنێکی تەواوەوە لە لاشەکەی دوور دەخاتەوە. بەتوندوتیژییەوە ماچی دەکات و ڕێگەی پێ دەدات بڕوات. ئاماژە دەدات بەسەربازەکان. سەربازەکان لاشەکە هەڵدەگرن و دەیبەنە دەرەوە).

**پزیشک:**

من تینوومە.

**ئەفسەر:**

ئەوە ڕووبارەکەیە. ئاگات لە خۆت بێ نەکەویتە ناوی.

(ئەفسەر دەڕواتە دەرەوە. ژنەکان لە شوێنی خۆیان بێ جووڵە دەمێننەوە).

## دیمەنی هەشتەم

(ژووری کاپتنە، کاپتن و ئەمانۆئێل و سۆفیا و ئالێکسس لەوێن).

**کاپتن:**

تۆ تەواو لەوە دڵنیایت.

**سۆفیا:**

بەڵێ.

**کاپتن:**

لەوە تەواو دڵنیایت کە ئەو پیاوە خنکاوە باوکی تۆیە؟

**سۆفیا:**

بەڵێ.

**کاپتن:**

بۆچی پیرەمێردێکی وا تێکەڵ بەکاری سیاسی بووە؟

**سۆفیا:**

بەهیچ جۆرێک تێکەڵ نەبووە.

**کاپتن:**

تۆ گوتت بەند کراوە. بەڵام بۆچی؟

**سۆفیا:**

هیچ هۆیەک نەبووە.

**کاپتن:**

خاتوو فۆنتس، کەس نییە لە خوتوخۆڕایی زیندانی بکرێ.
ئەوانە...
بۆ ئەمانۆئێل. ئەمانۆئێل تۆ ئەو پیاوە دەناسی؟ مێندز؟

**ئەمانۆئێل:**

بەڵێ گەورەم.

**کاپتن:**

بۆم باس کە...؟



(وچانێکی کورت، ئەمانۆئێل لە بەردەم ڕوانینەکانی سۆفیادا زۆر دەشڵەژێ).

**کاپتن:**

(کەمێک نائارامە). سەرباز.

**ئەمانۆئێل:**

مێندز، باوکی ئەو، هەر خەریکی هاتوچۆ و دەور و خولی ماڵان و کڵێسە و ئەو شوێنانە بوو کە پیاوان لەوێ سەرقاڵی خواردنەوە و قسەکردن بوون لەسەر زەویوزار، لەسەر زەوییەکانی کاستۆریا. زۆر تووڕە بوو کاتێ.... کە ئێمە لەسەر زەوییەکان دەرمان کردن. مێردەکەشی بە هەمان شێوە. باوکی ئەو ڕەچەشکێن و سەرقافڵەچی بوو. فایلەکان دەڵێن ئەو لە ژێر چاودێریدا نەبووە.

**کاپتن:**

(بۆ سۆفیا). لەوە دەکات شڵەژا بێت.

**سۆفیا:**

نەخێر.

**کاپتن:**

لەوە دەکات باوکت هانی دابن یاوەخود...

**سۆفیا:**

بەهیچ جۆرێک.

**کاپتن:**

لەوانەیە تووشی کارەساتێک بووبێ، یان.. باشە، هەندێک جار پیاو ڕادەکات بۆ...

**سۆفیا:**

باوکم ڕێ و ڕۆیشتنی تەواو نەبوو.

**کاپتن:**

ژنان وا لە پیاوان دەکەن ڕەفتاری سەیروسەمەرە بنوێنن.

**سۆفیا:**

ئەو تەمەنی هەشتا ساڵان بوو.

**کاپتن:**

هەندێک جار ئاژاوەگێڕەکان یەکتری قەڵاچۆ دەکەن.

**سۆفیا:**

نەخێر ئەو پیاوێکی توندوتیژ نەبوو. ئەو هەرگیز...

**کاپتن:**

باشە ئێ خۆ دەبێ هەر شتێکی کردبێ. لەوە زیاتر چلەحانێم لەگەڵ مەکە.

(دەڕواتەوە سەر مێزەکەی خۆی و لاپەڕەیەک دەردەهێنێت).

ئەوە دەقی بڕیاری لێبووردنی گشتیی تازەیە. دەزانی لێبووردن چییە؟ لێبووردن. ئەگەر باوکت یان مێردت...

**سۆفیا:**

یان کوڕەکانم.

**کاپتن:**

یان هەر کەسێک بێ. کە لەگەڵ میریدا کەوتبێتە گێرمە و کێشەوە، بەبێ هیچ ترس و نارەحەتییەک بۆیان دەکرێ خۆیان بدەن بەدەستەوە. لە هەر کون و قوژبنێکدا خۆیان حەشار دابێ ئیتر هەموویان دەگەڕێنەوە ناو باوەشت. ئەو کاتەی کە باوکت



دەگەڕێتەوە، دەبێ بیر لە چی بکاتەوە کە دەبینی تۆ سەرقاڵی بەخاکسپاردنی ئەویت؟ ها؟

(سۆفیا لاپەڕەکەی لێ وەردەگرێ و وەک بابەتێکی سەیروسەمەرە تەماشای دەکا، ئەم دیو و دیوی پێ دەکات و زۆر بە وریایی دەیخاتەوە سەر مێزەکە).

**سۆفیا:**

من هاتووم روخسەتی ئەوەت لێ بخوازم کە باوکم بەخاک بسپێرم.

**کاپتن:**

بەڵێ، بەڵێ لەبارەی ئەوەوە دوایین، ئەوە دەزانین، تۆ زۆر لەمەوبەر ئەوەت ڕاگەیاند. تۆ هیچ وشەیەکت گوێ لێ بوو لەوانەی کە من....

**سۆفیا:**

ئەو لە زەمینی مردووانەوە.... بەرەو لای من گەڕاوەتەوە. لاشەی ئەو. ئەو دەخوازێ من بەخاکی بسپێرم. لەو شوێنەی کە هەموو مردووەکانی خێزانی ئێمەی لێ نێژراون. لە گۆڕستانی سەر گردەکە. هەر بەخاتری ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ لای کیژۆڵەکەی خۆی. ڕوخسەتم بدەرێ.

(لە دەرگە دەدرێت، ئەفسەر دێتە ژوورێ).

**ئەفسەر:**

گەورەم بۆ تاوێک دەمەوێ لەگەڵتاندا بدوێم، ئەگەر....

**کاپتن:**

بێگومان، من... ئەفسەر تۆ خاتوو فۆنتس دەناسی؟ ئەوەش کوڕەزاکەیەتی... مممم...

**ئەفسەر:**

ئالێکسس.

**کاپتن:**

ڕاستە، ئالێکسس. خاتوو فۆنتس من پیاوێکی ژیرم، چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی دەکەم، ئەگەر ئەو لاشەیە بەتەواوی بۆمان ڕوون بێتەوە کە باوکی ئێوەیە....

**سۆفیا:**

کارلۆس مێندز...

**کاپتن:**

ئەگەر ئەوە کارلۆس مێندز بێ، ئەوا زۆر بە سروشتی تۆ بۆت هەیە کە بەخاکی بسپێریت. سوپا خۆی بە خزمەتکاری خەڵک دەزانێ.

**سۆفیا:**

من چاوەڕێ دەکەم.

**کاپتن:**

لەوانەیە ماوەیەکی زۆر...

**سۆفیا:**

چاوەڕێ دەکەم.

(سۆفیا پەلی ئالێکسس دەگرێ و دەڕواتە دەرەوە. کاپتن بە پەنجە ئاماژە بۆ ئەمانۆئێل دەکا کە بڕواتە دەرەوە).

**کاپتن:**

بۆ تاوێکیش چاوی ناترووکێنێ. ئەو پیرێژنە سەگسارە، بەجارێ منی تەنگەتاو کردووە. دوای لێکۆڵینەوە...



**ئەفسەر:**

لێکۆڵینەوە.

**کاپتن:**

بەزووترین کات ئەو لاشەیەی پێ بدەرەوە با ڕزگارم بێ لە دەستی.

**ئەفسەر:**

تۆ گاڵتە دەکەی. لێکۆڵینەوە؟ لاشەکەی پێ بدەمەوە؟ تۆ شۆخی دەکەی.

**کاپتن:**

لەو باوەڕەدا نیم شۆخی بکەم.

**ئەفسەر:**

ئەی لە دوای بەخاکسپاردنەکەی چی بکەین؟

**کاپتن:**

دوای....؟

**ئەفسەر:**

ئەو کاتەی دەیەوێ بۆی ڕوون بێتەوە کێ باوکی کوشتووە.

(وچانێک). هیچ مەدرەکێک لە بەردەستدا نییە.

**کاپتن:**

مەبەستت لەوە چییە....

**ئەفسەر:**

هیچ مەدرەکێک لە بەردەستدا نییە.

**کاپتن:**

لاشەکە لە کوێیە ئەفسەر؟

(ئەفسەر لە ناو تەپڵەکی جگەرەکەدا مشتێ خوڵەمێش هەڵدەگرێ و بەئاسماندا بڵاوی دەکاتەوە).

**ئەفسەر:**

نەما.

**کاپتن:**

تۆ....

**ئەفسەر:**

ببوورە، سووتاندم.

**کاپتن:**

تۆ.. تۆ.... سووتاندت.. تۆ چۆن دەوێری، چۆن بوێری دەکەی، من فەرمانم پێ کردی کە ئەو لاشەیە بهێنیتەوە بۆ.... تۆ سووتاندت؟ ئەوە گەورەترین سووکایەتییە بە فەرمانی من و بەکاروباری سوپاش، تۆ...

**ئەفسەر:**

تۆ باسی چی دەکەی؟ بمبەخشە گەورەم، بەڵام تۆ دەربارەی چی.... کاروباری سوپا... گوێ لە خۆت بگرە. لە شوێنێک، هەر ئێستا لە شوێنێکی ئەم وڵاتەدا، لەوانەیە فەرماندارەکەی تۆ، کەسێک پارچە پەڕەیەک ون بکات، ئیمزایەک بگۆڕێ، لاشەیەک بسووتێنێ بۆ ئەوەی پاشەڵی تۆی پێ داپۆشێ. تۆش... بۆم داپۆشە. لەم بەهەشتی دیموکراسییەدا سوپا بەو جۆرە نەبێ بەڕێوە ناچێ. من بۆت پینە دەکەم، تۆش بۆم پینە بکە.

**کاپتن:**

تۆ باوکی ئەوت کوشتووە؟ تۆ...



**ئەفسەر:**

من زیندانم کرد.

**کاپتن:**

هەروەها تۆ...

**ئەفسەر:**

با بکەوێتە بەیانی. دوای ئەوە چی ڕوو دەدات... ئەوە بۆ ئێمە نییە بیڵێین.

**کاپتن:**

ئای خوای گەورە. تۆ لاشەکەت... باشە من چی پێ بڵێم؟ ئێستا ئەو دەڵەسەگە خۆی و ئەو منداڵە بۆگەنە لە دەرەوە وەستاون، لە ڕێی خوا، ئێستا من وەڵامی چی پێ بدەمەوە؟

**ئەفسەر:**

پێی بڵێ هیچ لاشەیەک نەبووە، پێی بڵێ لاشەی چی، هیچ لاشەیەکم نەدیوە. پێی بڵێ پیرێژنی قەحبەی هیچ و پووچ. (کاپتن بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات و دەیکاتەوە، پیرێژنەکە دەبینێ لە دەرەوە دانیشتووە، دەرگەکە دادەخاتەوە).

**کاپتن:**

باشە من چۆن بۆم دەکرێ... لەوەی چاوەڕێ بکا. بۆ هەتاهەتا لەوێدا چاوەڕێ دەکات.

**ئەفسەر:**

بۆ هەتاهەتا نا. لووتی بگری ڕۆحی دەردەچێ، تۆ دەتوانی وای لێ بکەی گیان دەرنەکات.

"کۆتاییی بەشی یەکەم"

## بەشی دووەم

دیمەنی نۆیەم

(ئالێکساندرا و یانینا دانەوێڵە دەبێژنەوە، فیدیلاش دانەوێڵە پاککراوەکە دەخاتە ناو گونییەوە).

**ئالێکساندرا:**

بەهێواشی بیبێژەرەوە، تۆ هەمووی ئەڕژێنیتە ئەرزەکە.

**فیدیلا:**

من هیچ نارژێنم.

**ئالێکساندرا:**

بەرپەچی قسەم مەدەرەوە.

**یانینا:**

تۆ خۆت دەیرژێنی، ئالێکساندرا، تۆ زۆر بەخێرایی دەیبێژیتەوە. نیوەی بەملا و لای خۆتدا فڕێ دەدەیت...

**ئالێکساندرا:**

دڵم بڕوایی ناهێنێ ئالێکسی لەگەڵ خۆی بردبێ. (بۆ فیدیلا).

بڕوا ناکەم تۆی بە دیار ئەو تەرمەوە دانابێ. بڕوا ناکەم دەستت تێوە دابێ، تۆ زۆر ساویلکەی، ئەوە خاوێن نییە.

دەستەکانت خاوێن کردنەوە. ئاوت لە دەمت وەردا؟



**فیدیلا:**

لەوەوبەریش ئەو پرسیارەت لێ کردم، بە بەڵێ وەڵامم دایتەوە، ئەوەندە بەسەرما مەقیژێنە، من...

**ئالێکساندرا:**

(دانەوێڵە تێ دەکاتەوە). هێشتا هەر بۆنت لێوە دێ، بڕوا ناکەم خۆت باش خاوێن کردبێتەوە، بۆنی مردووەکە تێکەڵ بەدانەوێڵەکە ئەبێ، من....

**یانینا:**

(دانەوێڵە تێ دەکاتەوە). منداڵەکە لە خەو ڕادەپەڕێنی، بەیارمەتیت بیبڕەوە...

(سۆفیا و ئالێکسس دەردەکەون. ئالێکساندرا کتوپڕ بێدەنگیی لێ دەکات و بەوپەڕی خێراییەوە دەست دەکاتەوە بەبێژانەوە. ئالێکسس بەرەو ماڵەوە دەڕوات).

**ئالێکساندرا:**

(بۆ ئالێکسس). لێرە مەجووڵێ.

(وچانێک. خەریکی بێژانەوە دەبێ).

**سۆفیا:**

(بۆ ئالێکساندرا، تووڕەیی خۆی بەزۆر ڕاگرتووە). تۆ زۆر بێدەربەستانە دانەوێڵەکە دەبێژیتەوە. (ئالێکساندرا خێراتر دەبێ). سینییەکە دەڕووشێنیت، واز لە بێژانەوە بێنە....

**ئالێکساندرا:**

لەگەڵ مندا قسە مەکە.

**سۆفیا:**

ئەو سینییەی کە تۆ دەیڕووشێنی سینیی منە و ڕێگەت پێ نادەم...

**ئالێکساندرا:**

لێرە هیچ شتێک نییە کە هی تۆ بێ، کاتێک هی تۆیە کە بەکاری بهێنی. ئەوە بۆ مانگێک دەبێ دەستت لە هیچەوە نەداوە، ئیتر لەمەودوا هی تۆ نییە، سینیی منە، ماڵی منە، بزنی منە، مریشک و دەخڵ و دان و... منداڵی منە، بەڵام تۆ... بچۆرەوە سەر ڕووبارەکە و واز لە کەلوپەلەکانی من بێنە، تۆ هەموو شتێکت پشتگوێ خستووە!

**سۆفیا:**

(زۆر بە هێمنی). مانگێ لەمەوبەر کە شتەکانم بەجێ هێشت چوار بزنمان هەبوو، ئێستا تەنیا سیانیان ماوە؛ بزنە گچکەکەت بە چەند فرۆشت؟

**ئالێکساندرا:**

دەزانی من دڵم لە چی پاک نابێتەوە؟ ئەوە شوورەیی نییە لاشەیەکی بۆگەنکردوو بە باوانی خۆت تەماشا بکەی، ئەوە پیرێژنێکی شێت و ماڵوێران نییە کە دەستەپاچە لێی کەوتووە و ناتوانێ بەردێ بخاتە سەر بەردێ، ئەوەی کە هەرگیز ناتوانم بیبەخشم، تۆی....

**سۆفیا:**

من پرسیارم لێ کردی.



**ئالێکساندرا:**

(بەزۆر خۆی ڕاگرتووە). چۆن؟

**سۆفیا:**

بزنەکەت بەچەند فرۆشت؟

**ئالێکساندرا:**

(بە شێنەیی). تۆ کوڕ و کچەکەمت خستووەتە خەتەرەوە.. پێم وا بوو... تەنیا شتێک کە پشتم پێت بەستبوو ئەوە بوو کە سەرپەرشتیی منداڵەکانم بۆ بکەی، کوڕەزاکانت. تۆ چاوت لێیان بێ و بیانپارێزی. بەڵام مردووان هۆش و ئاگاییان لەبەر هەڵگرتوویت.

**فیدیلا:**

نا دایە، ئەوە ڕاست نییە، ئەو....

**سۆفیا:**

فیدیلا کە تۆم لەسەر ڕووبارەکە بەجێ هێشت چیم پێ گوتی؟

**فیدیلا:**

داپیرە، من...

**سۆفیا:**

من لاشەی باوکمم بەدیار تۆوە بەجێ هێشت. کەچی تۆ ڕێگەت پێ دان هەر وەکو خۆڵ و خاشاک، ئەو کافرانە لاشەی باوکم بەرن و بیسووتێنن.

تۆ ڕێگەت پێ دان.

**ئالێکساندرا:**

لەگەڵ کچەکەم بەو جۆرە مەدوێ....

**سۆفیا:**

دەبوو بەمەرگی خۆی پارێزگاریی لە لاشەکە بکردایە و ڕێگەی پێ نەدانایە بیبەن! بەخشین! من لەسەر ئەوە لە کەستان نابوورم! (بۆ ئالێکساندرا).

تۆ خوێنی مێندز بە دەمارەکانتدا ناگەڕێ، خوێنی فۆنتسیش... تۆ هیچ لەوە تێ ناگەیت، بەڵام تۆ بۆ (فیدیلا). من وام زانی تۆ کچی ئەمیلینۆی، بەڵام تۆ لە هیچ تێ ناگەی، هەردووکتان لە هیچ تێ ناگەن، ئەوەندە چاوەڕێتان نەکرد تا دەگەڕێمەوە، خۆتان کرد بە بازاردا. لاشەی باوکم.. ئەم خانووە ئەو بنیاتی نا. ئەو ئێستا دووکەڵی ڕەش و خۆڵەمێشە و ئێوەش دەچنە بازاڕ. هیچ شتێک سەودا و مامەڵەی ئێوە ڕاناگرێ، نە ژیان، نە مردن. هیچ مەرگەساتێ بەر بە سەودا و مامەڵە و دانەوێڵە بێژانەوەی ئێوە ناگرێ. ئێوە هەمووتان، هەمووتان لەم دۆڵە دوابڕاوەدا، ئێوە قەحبەن، ئێوە حەشەرین، ئێوە ژیان و یادەوەریی مێردەکانتان دەفرۆشن، ئێوە دەبووا وەک بەرد لە خوارەوە بوونایە لەسەر ڕووبارەکە. ئێوە دەبووا سنگتان بکوتایە و جلتان لەبەر خۆتاندا بدڕانایە لەسەر ڕووبارەکە. دەبوو ڕۆژ و مانگ و ڕەشەبا لە جێی خۆیان ئەوق بوونایە تا ئێوە مردووەکانی خۆتان بەخاک دەسپارد. من ڕاناوەستم، هەر دەبێ بزانم لاشەی باوکمیان لە کوێ سووتاندووە و ئەو خۆڵەمێش و خاکە سووتماکەی کۆ دەکەمەوە و دەیبەم لە گردەکە لە قەبرێکی دەنێم، دەبینی چۆن ئەوەی دەیڵێم بێ سڵەمینەوە ڕای دەپەڕێنم. هەر تۆز و گەردێکی هەڵدەگرمەوە، دەبینی چۆن ئەوەی دەیڵێم جێبەجێی دەکەم، ئەمجا لەوانەیە



ئێوە ڕاوەستن و بڕوانن.

باشە ئەوە باوکمە، ئەی کوا میشێڵ. ئەوە باوکمە، ئەی کوا ئەمیلینۆ، پێم بڵێ، پێم بڵێ، کوا مێردەکەت، باشە ئەوە باوکمە، ئەی کوا ئالۆنسۆ. یانینا پێم بڵێ، ئالۆنسۆ، ئەنتۆنیۆ، زیۆ لە کوێیە، لویس لە کوێیە، راوۆڵ لە کوێیە، پاپلۆ، هێرناندۆ، کلۆدیۆ، واکین، جێون کوا، ئێنریک، لویس، رافائیل، پاپلۆ، ئەرماندۆ، بینیتۆ، فلێپ، سیباستیان، زیۆ، واکین، میشێل... میشێل، میشێڵ، ئەمیلینۆ، ئالۆنسۆ، دیاکۆ، فلاکۆ، ئێوە لە کوێن، فردریکۆ، ریکاردۆ، ئێدواردۆ، سۆڵ، ئاندرێس، کارلۆس، لۆرنازۆ، گابرێل، کرستیان، زیگۆندۆ لە کوێیە، دەیڤد، جۆیۆ، فلیپ لە کوێیە، ئەنجڵ، میشێڵ، رۆبەرتۆ، ماریۆ، ئێرنستۆ، سلڤادۆر، ئێرنستۆ...

(یەک لە دوای یەک بەردەوام دەبێ لە دووبارەکردنەوەی ناوەکان).

**ژنەکان:**

(لەو کاتەدا کە سۆفیا ناوەکان بانگ دەکات). ناویان مەهێنە، بێدەنگ بە ناویان مەهێنە، گوێیان لە ناوی خۆیان دەبێ، گوێیان لێ دەبێ، ناویان مەهێنە، ئیتر بێدەنگ، ناوی کەس مەهێنە، ناو مەهێنە، یەک ناو چییە مەیهێنە، گوێیان سووکە، گوێیان لە ناوی خۆیان دەبێ، بانگیان مەکە، با ڕانەچڵەکێن، کەسیان بانگ مەکە، ناوی کەسیان، بانگیان...

مەکە، مەکە، مە...

(ژنەکان بەردەوام دەبن لەسەر قسەکانی خۆیان...)

**ئالێکساندرا:**

(سۆفیا و ژنەکان هێشتا بەردەوامن لە بانگکردن و قسەکردنی خۆیان). دانەوێڵەکە هەڵبگرە، دانەوێڵەکە بهێنە، ئێمە دەچین بۆ بازاڕ، فیدیلا گونییەکە هەڵگرە. ئالێکسس، گالیسکەکە. یانی، منداڵەکە لە باوەش بکە. دەمی گونییەکە گرێ بدەن، گوێ لە کەس مەگرن، گوێ لە هیچ مەگرن، تەنیا گونییەکە و گالیسکەکە بێنن و وەرن... تۆ پیرێژنێکی شێت و جانانەی، بڕۆ بۆ لایان و هەموو ناوەکانیان بدەرێ، هەموو ناوەکانیان پێ بڵێ، فۆنتس، فۆنتس، مێندز، ناوی هەموومانیان پێ بڵێ.. ئاگەداریان بکەرەوە. تۆ هەموویان بە کوشت دەدەی، تۆ سەری هەموویان بە فەتەراتدا دەدەیت. تۆ تێ ناگەیت پیرێژن رۆحی هەموو پیاوەکانمان وا لە ژێر دەستی ئەواندایە...

(وچانێکی کورت.)

مێردەکەی من نەمردووە! ئەمیلینۆ نەمردووە. نەمردووە!

(فیدیلا لەو کاتەدا گونییە دانەوێڵەکە هەڵدەگرێت، گونییەکە شەق دەبا و دانەوێڵەکە بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە. کشوماتی باڵ بەسەر شوێنەکەدا دەکێشی و هیچ شتێک نابزوێتەوە. هەموویان تەماشای دانەوێڵە ڕژاوەکە دەکەن. ئالێکساندرا و هەموو ئەوانی دی و تەنانەت ژنەکانی دۆڵەکەش دەکەونە سەرئەژنۆ و زۆر بەبێدەنگی دەست دەکەن بەکۆکردنەوەی دەنک دەنکی دانەوێڵەکە. سۆفیا لێیان دەڕوانێ و دواتر ئەویش یاریدەیان دەدات. یەکێک لە ژنەکان دەست دەکات بە گریان، کەس گوێی پێ نادات، تەنانەت ژنە گریاوەکە



بۆ خۆشی دەست لە کۆکردنەوەی گەنمەکە هەڵناگرێ، بەڵام سۆفیا بە دەم ئازارەوە و بە شێنەیی بەرز دەبێتەوە. ئەو چنگە دانەوێڵەیەی کە کۆی کردبووەوە فڕێی دەدا. بەرەو لای ژنە گریاوەکە دەڕوا و دەست بە سەریدا دێنێ. ژنەکان بە کوڵ دەگرین. سۆفیا دەڕواتە دەرەوە. ژنەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی دانەوێڵەکەن، گوێمان لە هاژە و خوڕەی ڕووبارەکەیە و تا دێت دەنگەکەی بە شێوەیەکی ترسناک بەرزتر دەبێتەوە).

## دیمەنی دەیەم

(تاریکە شەوە. گوێمان لە هاژە و خوڕەی ڕووبارەکەیە کە لە هەر کاتێکی پێشتر بەدەنگ و خوڕترە. لە تاریکییەکەدا تارماییەک دەبینین لە بەرانبەر نەبینراوێکدا بەربەرەکانێ دەکا، تارماییەکە زۆر بە سەختی بارێکی گران لە گوێ ڕووبارەکەوە ڕادەکێشێ و هێزی ئاوەکە زۆر بەسەختی بەرەو دواوەی دەبات و دەیخات، کۆڵ نادا و لێبڕاوانە هەر دەیهێنێت. وچانێک ڕادەبورێت، دەنگ و هاژەی ڕووبارەکە و تاریکی شەو. کەسێکی تر دەردەکەوێ. دەنکە شخارتەیەک دادەگیرسێ، فیدیلیایە لە جێی خۆی قەرار دەگرێ و دەنکە شخارتەکە ڕادەگرێ و مۆمێک گڕ دەدات. تارماییەکە لەسەر ئەرزەکە دەردەکەوێ، لە ژێر ڕۆشنایی مۆمەکەدا سۆفیا دەبینین هەموو گیانی ئاوە و باوەشی بە لاشەیەکدا کردووە.. فیدیلیا لە پاڵییەوە دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و مۆمەکە دەکوژێنێتەوە. هەردووکیان لە تاریکییەکەدا دەمێننەوە).

## دیمەنی یازدەم

ڕۆشنایی چرای جێبێکە، لە پێشدا بەناو ریزی بینەراندا دێت و دەچێ، دواتر دەچێتە سەر شانۆ و وەک ئەوە وایە جێبەکە لە گردێک پێچ بکاتەوە و ئەوجا ڕابوەستێ. ڕۆشناییەکە دەکەوێتە سەر سۆفیا، باوەشی بە لاشەکەدا کردووە.

فیدیلا ڕاوەستاوە، دێتە دواوە).

**ئەفسەر:**

(لە دەرەوەی شانۆیە). لەوێیە! لەوێ! ئەوەتا ... ئەو قورمساخە کێیە... ئەو قورمساخە کێیە کە... (فەرمان دەردەکات). بە هەموو لایەکدا بڵاو ببنەوە، ئەو لایەم بۆ تەوق بدن، بەشی سەرەوەتان بیر نەچێ، لای ڕاست بگرن، برۆن!

(دەردەکەوێت، سەربازەکان بە دوایدا دێن، سۆفیا توندتر لاشەکە دەگرێت)

کەس نەجوولێ، کەس جووڵە نەکات! دوورکەوەرەوە لەو....

(ئالێکساندرا لە ڕووکارێکی ترەوە دەردەکەوێ).

**ئالێکساندرا:**

فیدیلا! فیدیلا! وەرە ئێرە، خێرا وەرە ئێرەوە.... سۆفیا.

(ڕۆشنایی چرایەکی تر لە ڕووکاری بەرانبەرەوە هەڵدەکرێ و بەسەر بەردەکاندا لەتر دەدات، کاپتن دەردەکەوێ و بەدوایدا ئەمانۆئێل دێ).

**کاپتن:**

ئەوە چییە... لێرە چی ڕوو دەدات، چی بووە...



**ئەفسەر:**

تەڕپیر، لەو لاشەیە دوور بکەوەرەوە.

**کاپتن:**

ئەوە باوەشی بە چییا کردووە، خاتوو فۆنتس ئەوە خەریکی چیت... ئای خودای گەورە..

**ئەفسەر:**

تەڕپیر ئاگەدارت دەکەم لەوەی بە بێدەنگی دوور بکەویتەوە و هەراسانمان نەکەی.

(دەمانچەکەی لە کیفەکەی دەردەهێنێ).

**کاپتن:**

ئەفسەر. ئەفسەر. ئەو دەمانچەیە لابە.

(لەوە دەکات ئەفسەر گوێی لە کاپتن نەبێت. پەلەپیتکەی دەمانچەکە ڕادەکێشێت، ئالێکساندرا خۆی دەخاتە نێوان ئەفسەر و سۆفیاوە. ژنەکانی تر دەردەکەون و لە دوورەوە تەماشا دەکەن).

**یانینا:**

تەقە نەکەی، وازی لێ بهێنە.

**ئالێکساندرا:**

چیت لەو پیرێژنە داوە، ئەو خەڵکە هەموو چاویان لێیە، نەکەی...

**کاپتن:**

ئەفسەر دەمانچەکەت لابدە و بگەڕێرەوە بۆ ناو جێبەکەت.

(کاپتن پاڵ بە ئالکێساندراوە دەنێ و دەکەوێتە نێوان ئەفسەر و پیرێژنەکەوە).

من فەرمانت پێ دەدەم کە بگەڕێیتەوە بۆ ناو جێبەکەی خۆت.

(ئەفسەر دوودڵە، دەمانچەکەی دادەنەوێنێ، ئاوڕ دەداتەوە و دەڕواتە دەرێ).

(بۆ ژنەکان) بڕۆنەوە ماڵێ. هیچ نەبووە. بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانی خۆتان.

(کەس ناجووڵێ.) بەرەو لای پیرێژنەکە دەڕوات.

خاتوو فۆنتس، لەو لاشەیە دوور بکەوەرەوە، خاتوو فۆنتس. لە کوێ ئەوەت...

ئەوەت لە کوێ بینییەوە... خاتوو فۆنتس؟ خاتوو فۆنتس، دەتوانی لێی دوور بکەویتەوە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین تەماشایەکی بکەین و بزانین....

**سۆفیا:**

(سەر بەرز ناکاتەوە). ئالێکساندرا؟

**ئالێکساندرا:**

چییە، سۆفیا؟

**سۆفیا:**

میشێل...

**کاپتن:**

ئەوە گوتی چی...

**ئالێکساندرا:**

گوتی.. پێی وایە کە ئەوە لاشەی مێردەکەیەتی. پێی وایە....



**سۆفیا:**

میشێل.

(وچانێک).

**کاپتن:**

(بۆ ئالێکساندرا)، گوێ بگرە. ئێمە لاشەکە دەبەین و....

**سۆفیا:**

بەهیچ جۆرێک.

**کاپتن:**

من ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتیی ئەو لاشەیە دەگرمە ئەستۆی خۆم. لێکۆڵینەوەی یاسایی بۆ... ئێمە خەمخۆری خۆمان دەخەینە ڕوو، هەروەک.... سۆفیا، هێی تۆ. گوێم لێ بگرە. دەبێ لە پێشدا بمکوژی. لەوە تێ دەگەیت. تا من زیندوو بم بۆتان ناکرێ دەست لەو لاشەیەوە بدەن.

**کاپتن:**

(دەڕوانێتە ژنەکانی ئەملا و لای خۆی). تێگەیشتم. دەتەوێت... دەکرێ یاریدەم بدەیت...

**سۆفیا:**

هیچ یارمەتییەک نییە.

**ئالێکساندرا:**

با هەڵی بگرین. سۆفیا، سۆفیا وەرە.

(ژنەکانی دی دێنە پێشێ و هەموویان پێکەوە لاشەکە هەڵدەگرن کە ئاوی ڕووبارەکە قورسی کردووە. لە سەربازەکان ڕەت دەبن و دەڕۆنە دەرێ).

**کاپتن:**

دوو لاشەی نەفرەتی! دوو لاشە! کەسێک لەوێ خۆی بۆ ناومەتەوە، من... برۆ بە ئەفسەر بڵێ با هەر ئیستا بێت بۆ ئێرە.

(ئەمانۆئێل دەڕواتە دەرێ).

دەروازەیەکی نەفرەتی. دەروازەیەکی هیچ و پووچ. ئەو ڕووبارە پڕ وەیشوومەیە داپۆشن. ئەو.... ئەو ڕووبارە بە چیمەنتۆ سەررێژی بکەن. تا پاکژ بێتەوە. ڕۆژی یەکشەم بەلەمەکان با بکەونە خۆ. زۆرباشە. هەر دەبێ وا بێ.

(ئەفسەر دەردەکەوێ. ئەمانۆئێل لە دوای دێت. کاپتن و ئەفسەر لەیەک دەڕوانن. کاپتن فەرمانی ڕۆیشتن بە ئەمانۆئێل دەدات).

**ئەفسەر:**

پێت وایە ئەو لاشانە لە کوێوە دێن؟

**کاپتن:**

پێت وایە دەبێ لە کوێوە بێن؟

**ئەفسەر:**

من لە پێشدا پرسیارم لێ کردیت.

**کاپتن:**

من لە تۆ باڵاترم.

**ئەفسەر:**

کەواتە دەبێ تۆ لە من زرنگتر بی.

**کاپتن:**

هەر واشە.



**ئەفسەر:**

کەواتە گەورەم وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

**کاپتن:**

پێم وایە کەسێک دەیەوێ فڕێم بداتە ناو دەرد و بەڵاوە.

**ئەفسەر:**

پێم وایە کەسێک دەیەوێ من فڕێ بداتە ناو دەرد و بەڵاوە.

**کاپتن:**

کێ؟ هەر کەسێک بێ بۆچی دەیەوێ ئەو کارە بکات؟ تۆ لاوێکی سەرنج ڕاکێشییت.

**ئەفسەر:**

بەڵام پێم وایە هەندێ کەس ئەو سەرنج ڕاکێشییەی منیان بە دڵ نەبێت.

کۆمۆنیستەکان، توندڕەوەکان، گێرەشێوێنەکان، ئەو پیرێژنە، ئەو بەو کارە ڕادەپەرمووێ! ئەوانە ئەو لاشانە فڕێ دەدەنە ناو ئاوەکەوە! تۆ هان دەدەن لە کەسانێکی وەک من بەدەنگ بێی. خەڵکانێک کە بێ لە دڵسۆزی هیچی تریان نییە بیبەخشن. ئەگەر فۆنتس بە خاک سپێردرا، ئەوا ژنەکەی دێت و لە بکوژەکەی دەکۆڵێتەوە، دێن و لەوە دەپرسن کە کێ زیندانی کردووە، ئیدی هەموو گومانەکانی دادگە شوێن پێی من هەڵدەگرن.

**کاپتن:**

ئەو قسە هیچ و پووچانە چییە. ئەوە کاری خۆتە! کاری خۆت و هاوڕێ چاکەکانت! ئێوە لاشەکان دەدەن بەدەم ئاوەوە بۆ ئەوەی

پیرێژن بیانگرێتەوە و لە من کێوی و دەهری بێ و ئیدی منیش دەستبەرداری بەرنامەکانی خۆم بم و پەنا بەرمە بەر گوللەبارانکردنی....

**ئەفسەر:**

ئەها گوللەبارانکردن! ئێوە زۆر ناسکن، کاپتن ئەو چاکسازی و ناسکییەتان لەگەڵ مندا بەرەو ڕووی دادگە دەبنەوە. هەروەها ئێوەش لەسەر ئەو کارانەتان کە لە شوێنێکی دی ئەنجامتان داوە، ڕواو ڕووی دادگە دەبنەوە، بۆت دەکرێ ئەوە بهێننە پێش چاوی خۆتان؟

**کاپتن:**

هیچ دادگەیەک لە ئارادا نابێ. لە کاتێکدا ڕواو ڕووی دادگە دەبینەوە کە لاشەکان بکەونە سەر شەپۆلەکان. لە بارودۆخێکی ئاوادا کە ڕوون بێتەوە کێن ئەوانەی لاشەکان فڕێ دەدەن....

**ئەفسەر:**

من نازانم کێن ئەوانەی....

**کاپتن:**

(بە لاقرتێوە) ئاگەداریان بکەرەوە با تۆزێ زرنگ بن، با چاوێک بەوەدا بگێڕنەوە کە بەرژەوەندیی خۆیان لە کوێدایە، لەبەرئەوەی لەم ئان و ساتەدا هەموو ڕوانینی من لەسەر ئەو خاڵە کۆ دەبێتەوە کە لوولەی تفەنگەکەم بەرەو ڕووی ئەو ژنانە نەکەم... بەڵکو ئاراستەی ئەو کەسانەی بکەم کە لەسەر ڕێگەم قوت بوونەتەوە.

(وچانێک)



**ئەفسەر:**

زۆر سوپاسی ئەو ئامۆژگارییە زیرەک و هاوڕێیانەیەت دەکەم، با منیش هەندێ ئامۆژگاریت بۆ هەڵبڕێژم. هەموو ئەو کارانەی کە ئێمە لێرە پێی هەڵدەسین لەلایەن کەسانێک لە سەروو خۆمانەوە خراونەتە ژێر چاودێرییەوە، کەسانێک کە پارێزەرانی هەقیقی ئەم نیشتمانەن.. ئەگەر هاتوو پرسەیان دانا، کاتژمێرێک دوای ئەوە؛ تەلەفۆنێکت بۆ دێ و پلە سەربازییەکەت لێ دەسەندرێتەوە. ڕۆژێک یان زیاتر دوای ئەوەش خۆت دەبینی کە چۆن بۆ ئەو پایتەختە بانگ دەکرێیتەوە کە شەقامەکانی پڕن لە حەشامات و ماشێن پیایاندا هاڕەیان دێ. هێندەش ڕانابا بەیانییەک لە نزیک خۆتەوە پیاوێک بە تفەنگ و گوللەوە دەبینی.

**کاپتن:**

هەڕەشەکانت بۆ خۆت هەڵبگرە، تۆ....

**ئەفسەر:**

دێیتەوە بۆ ئەم دۆڵە دۆزەخییە و جارێکی تر لوولەی تفەنگەکەت ڕواو ڕووی دوژمنەکانمان دەکەیتەوە. تۆ ناپاکیت دەرهەق بەمن کرد و لایەنی ئەو مێگەلەت گرت. هەموو ئەو ژنانە ئەوەیان بە چاوی خۆیان بینی.

**کاپتن:**

ئەفسەر.

**ئەفسەر:**

کاپتن من داواکەم ڕەوا و ڕوونە، ڕێگە نەدەی ئەو پیرێژنە لاشەکەی بە خاک بسپێرێ.

(ئەفسەر سەر دادەنەوێنێ و دەڕواتە دەرێ).

(لە ڕووکارێکی تری شانۆ، خێزانی فۆنتس بە لاشەکەوە دەردەکەون و بەبێدەنگی دەیشۆن و ئامادەی دەکەن بۆ ناشتن).

**کاپتن:**

(بەتەنیا دەبینرێ). دۆزەخ. ئەمانۆئێل تۆ بەدرێژاییی قسەکانمان گوێت لێ ڕاگرتبووین؟

(ئەمانۆئێل دەردەکەوێ).

**کاپتن:**

سێبەرە بچکۆلەکەم. هیوا دەخوازم ئەوەی دەیڵێم وا نەبووبێ. پێم وابێ من زۆر نزیک نەبووم.

**ئەمانۆئێل:**

ئەفسەرم بینی زۆر شڵەژابوو.

**کاپتن:**

ئای لەو دیقەت و وریاییە.

**ئەمانۆئێل:**

کاپتن؟ دەتوانم پێشنیازێک ڕابگەیەنم؟

**کاپتن:**

زۆر بە دڵنیایی. پاشی هەموو شتێک تۆ بەتەواوی ڕێگە پێ دراویت.

**ئەمانۆئێل:**

تۆ میشێل فۆنتس ناناسی. بۆت دەکرێ خۆت بە هەڵەیدا بەری.

**کاپتن:**

بە هەڵەیدا.



**ئەمانۆئێل:**

ئەگەر کەسێکی دی داوای لەسەر ئەو لاشەیە تۆمار کرد، داوایەک بۆ بەربەرەکانێ. وەک ئەوەی کە مێردی کەسێکی دی بێت. کەسێک کە مێردەکەی بە ڕووداوێک کۆچی دوایی کردبێ. چەندەها پیاو هەن بێ سەروشوێنن و ئەفسەر دیل و کۆتی نەکردوون و پرسە بۆ گرتنیشیان هیچ دڵەڕاوکێیەک بۆ ئەو ناخوڵقێنێت.

**کاپتن:**

هیچ کەسێکی وا شک دەبەی؟

**ئەمانۆئێل:**

زیۆ سانجینز.

**کاپتن:**

کەسێکە کە تۆ....

**ئەمانۆئێل:**

من ژنەکەی دەناسم... سیسیلا سانجینز. ئێستا ئەو دۆستی منە.

**کاپتن:**

کەواتە ڕاستیان پێگوتم کە ئێوە لەو جۆرە کەسانەن کە پیاو دەتوانێ متمانەتان پێ بکات. تۆ گوێ لە قسە و گفتوگۆکانی من ڕادەگریت.

دوور نییە کە نامەکانیشم بکەیتەوە و بیانخوێنیتەوە. تۆ کار بۆ کێ دەکەی؟ جاسووسی بۆ کێ دەکەیت؟ بۆ کاستۆریا؟ (وچانێک).

**ئەمانۆئێل:**

کاپتن هەڵبەت ڕوخسەتت لێ دەخوازم و پێت ڕادەگەیەنم کە من دەمەوێ ئەم ناوچەیە بە جێ بهێڵم. چ سیسیلا و چ فلیپ کاستۆریاش لەوە ناچێ پێیان وابێ کە ئەوە کارێکی چاک بێ.

**کاپتن:**

کاستۆریا ئاگای لە هاتنەوەی ئەم لاشانەیە؟

**ئەمانۆئێل:**

گەورەم، کاستۆریای خاوەن خودان هەمیشە دەڵێ؛ لە ناو خاکی مندا گەڵایەک بێ ئاگەداری من هەڵناوەرێت.

**کاپتن:**

لەوە دەچێ کاستۆریا و ئەفسەر زۆر لەیەکەوە نزیک بن. مەبەستم خێزانەکانیانە.

**ئەمانۆئێل:**

داوەت و داوەتکاری لە ئارادایە، چەند جارێک ئەفسەر مێوانداریی کراوە.

**کاپتن:**

ئەهەهەهەمەم. ئەگەر ڕێکەوت جارێکی تر بەم نزیکانە ڕێتان کەوتەوە ماڵ و دیاری خۆتان، پێم خۆش دەبێ ئەو ڕاسپاردەیە بە کاستۆریا ڕابگەیەنی کە لێرە من سەرپەرشتیاری ئەم ناوچەیەم. ئەگەر من لێرە لە کاروبارەکانمدا سەرکەوتنم بە دەست هێنا، زۆر بە وەفا دەبم بۆ ئەوانەی کە پشتگیرییان لێ کردووم. ئێستا من لە خەمی ئەو بێوەژنە هاوکارەماندام.



**ئەمانۆئێل:**

خاتوو سانجینز.

**کاپتن:**

دەکرێ ئاگەداری بکەنەوە کە مێردەکەی لە کارەساتێکی دڵتەزێندا خنکاوە.

من دڵنیام لەوەی کە دەتوانن بە شێوازی خۆتان دڵنەوایی بدەنەوە.

**ئەمانۆئێل:**

فەرمایشتە گەورەم... ئەی دەربارەی ئەو پیرێژنە گەورەم؟

**کاپتن:**

(لە کەناری ڕووبارەکە و لە شوێنەکەی سۆفیایا دادەنیشێ) ئەگەر وەک ئەو لێرەیا دانیشم، تۆ بڵێی لاشەیەک بەرەو پیرم بێت؟ لە کوێوە، لە کوێ، ئەو لاشانە لە چ شوێنێکەوە بەرەو ئێرە دێن؟ (وچانێکی کورت).

کوڕەزاکەی سۆفیا تەمەنی چەند دەبێ؟

**ئەمانۆئێل:**

ئەمممم، سێزدە، چواردە، من....

**کاپتن:**

(هەڵدەستێ). دەروویەکی بچکۆلەیە لە ناو ئەم بۆگەناوەدا، ئەگەر خودا یاریدەم بدات لە داهاتوودا بیرێکی لێ دەکەینەوە.

## دیمەنی دوازدەم

سیسیلا و ئەمانۆئێل

**ئەمانۆئێل:**

دەتەوێ ئەو بگەڕێتەوە.

**سیسیلا:**

تۆم دەوێ.

**ئەمانۆئێل:**

کەواتە بە خاکی بسپێرە.

**سیسیلا:**

ئاخر ئەو نییە.

**ئەمانۆئێل:**

هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەگەر تۆ ئارەزوو بکەیت.

**سیسیلا:**

نەخێر. ئەوە کەسێکی ترە. زیۆ دەگەڕێتەوە.

**ئەمانۆئێل:**

بەخاکی بسپێرە و دڵنیابە ناگەڕێتەوە.

**سیسیلا:**

خۆزگە ئەوە ئاسان بوایە.

**ئەمانۆئێل:**

ئاسانە، گوێم بۆ ڕادێرە؛ بە خاکی بسپێرە و ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە. تۆ ئەو کارە بۆ کاپتن ڕاپەڕێنە، کاپتنیش وا دەکات



کە زیۆی هەقیقی جارێکی دی سەرهەڵنەداتەوە.

(وچانێکی کورت).

**سیسیلا:**

کاری وام پێ ناکرێ.

**ئەمانۆئێل:**

بڕیار بدە، ئەو یان من.

(وچانێکی کورت، دواتر سیسیلا ئەمانۆئێل ماچ دەکات).

**سیسیلا:**

بەڵێنم پێ بدە؛ کاتێ کە چووینە شار هەزاران منداڵ دەخەینەوە.

**ئەمانۆئێل:**

تۆ بڵێ بە ملوێن نەک بە هەزار، بە ملوێن منداڵ.

**سیسیلا:**

چاوی هەریەکێکیان وەک چاوەکانی تۆ وابن.

## دیمەنی سێزدەم

(خێزانی فۆنتس لە ژورێکدا لە دەوری لاشەکە، کە شۆراوە و کەفن و دفن کراوە و لەسەر دارە مەیتێک دانراوە، خڕ بوونەتەوە. مۆم داگیرساوە و کازێوەی بەیانییە).

**سۆفیا:**

کاتێ کە کچێکی تازە هەڵچوو بووم، لەگەڵ دەستەخوشکەکانم چووین بۆ شار. هەموو بەرگی ئاڵوواڵامان پۆشیبوو، کە

داپیرەمان بۆ کەرنەڤاڵی کشتوکاڵ بۆی بەدوورین دابووین. کاتێ لە گالیسکەیەکدا دەچووین بەرەو کەرنەڤاڵ، لە دوورەوە بە درێژاییی چیاکە بازنەیەکی ڕۆشناییمان دەبینی... ئەو دەمەی گەیشتینە ناو بازنەکەوە تەواو درەنگی کردبوو، هەر بە گەیشتنمان بۆ ئەوێ، خوشکەکانم کە رەنگە ئیستا هیچیان لە ژیاندا نەمابن، لە ناو حەشاماتەکەیدا، کە هەموویان جووتیاری بالابەرز بوون، ون بوون و دیار نەمان.. ئاوازی مۆسیقا ئەو ناوەی هێنابووە جۆش و خرۆش. لە پڕێکدا هەستم بە دەستەکانی کرد کە لە پشتمەوە فرێی دانە سەر دەفەی شانم. هەر لە پشتمەوە چرپاندی بە گوێمدا کە ئاوڕنەدەمەوە، سەرپۆشە سوورەکەمی لەسەر کردمەوە و چاوەکانمی توند پێ گرێ دان، کاتێ کە چاوەکانم کردنەوە ئەوەی بۆم دەکرا ببینم تەنیا ڕۆشناییـیەکی سوور بوو. هەر بە چاوی نابیناوە کێشی کردمە ناو هەڵقەی سەماوە.

**فیدیلا:**

ئەی دوای ئەوە چی ڕووی دا؟

**سۆفیا:**

چەندەها جار ئەوەم بۆ گێڕاونەتەوە کە چی ڕووی دا. سەمامان کرد. من نەئەکرا بیبینم. هەر ئەوە بوو هەستم پێی دەکرد. هەردووکمان دوو گەنج بووین لە تافی لاویدا. تیپی مۆسیقا دەستیان کرد بە ژەنینی ئاوازێک کە ریتمێکی نامۆی بە من هەبوو، پێی ئاشنا نەبووم، پێم گوت تۆ گەمژەی، چاوەکانم بکەرەوە، هیچ نابینم و ناشزانم چۆن ئەو سەمایە بکەم. ئەو



گوتی خەمی هیچت نەبێ، بۆ خۆم فێرت دەکەم. دووبارە لێم پرسییەوە کە بۆچی خۆت بتوانی ببینیت و منیش هیچ؟ پێی گوتم کە ئەویش هیچ نابینێ و چاوەکانی نووقاندووە. ئەگەر چی پێم وابوو میشێل لاوێکی شێت و دێوانەیە بەڵام حەزەکەیم بەلاوە شتێکی سەرنجڕاکێش و خۆش بوو، ئیدی ڕێم پێ دا لەگەڵمدا سەما بکا. وەختێک سەما دوایی هات، سەرپۆشەکەی لە چاوم کردەوە و تەماشای کردم و پێی گوتم، تۆ زۆر جوانی.

**فیدیلا:**

جا وا بوو؟

**سۆفیا:**

نەخێر، من جوان نەبووم. بەڵام ئەو وای پێگوتم. لە دوای ئەو شەوەوە ئەگەرچی چاوەکانیشم نووقا بن و تەنانەت ترووسکاییشیان تیا نەما بێ، یان بەتەواوی لە تاریکاییدا بم، هەمیشە بۆم دەکرێ بیناسمەوە. من هەمیشە دەتوانم میشێلەکەی خۆم بناسمەوە.

## دیمەنی چواردەم

(کاپتن و باوە گابرێڵ)

**کاپتن:**

کەوتوومەتە کێشەوە. هیچت بیستووە دەربارەی ئەو لاشەیەی کە ڕووبارەکە لەگەڵ خۆی هێناوێتی. لەوە دەچێ کە نەناسرێتەوە. بەڵام بێوەژنێک داوای لەسەر تۆمار کردووە کە

گوایە ئەوە تەرمی مێردەکەیەتی. دەبێ سەرکێشی بکەم. لەوە دەچێ، بەتەواوی....

**باوە گابرێڵ:**

خودا رەحممان پێ بکات.

**کاپتن:**

بەڵێ. دەروویەک بەو بێوەژنە بدەم کە لاشەی مێردەکەی بشارێتەوە. تۆ بڵێی گوناهم بگات بەوەی کە ڕێگەی پێ دەدەم پرسەی بۆ دابنێ، سەرەڕای ئەوەش گومانم هەیە بەرانبەر ئەوەی کە ئەو لاشەیە تەرمی مێردەکەی بێت؟

**باوە گابرێڵ:**

کاپتن منیش هەمان پرسیارم لە خودی خۆم کرد.

**کاپتن:**

بەڵێ.

**باوە گابرێڵ:**

پاش هەموو شتێ، دەبێ ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی بۆ بەرێوە بەرم و....

**کاپتن:**

ئەگەرچی هێشتا دڵنیاش نیت..

**باوە گابرێڵ:**

من بۆ خۆم چوومە سەر لاشەکەی. گومانیش بە تەواوی تەنگی پێ هەڵچنیوم.

**کاپتن:**

ئەی چۆن؟



**باوە گابرێڵ:**

ئیستا قۆناخێکی هەستیارە. ئەو ژنانە پێویستییان بەوەیە کە کۆتایی بە نیگەرانییەکانیان بهێنرێت. نادڵنیایی شتێکە... کە بەرگەی ناگیرێت. ئەوە بۆ خۆی جۆرێکە لە دۆزەخ. ئەگەر ناشتن ئارامییان پێ ببەخشێ، ئەوا بەناوی خوای گەورەوە بە خاکسپاردنەکەی پیرۆز دەکەم.

**کاپتن:**

بڕوات بەوە هەیە کە خودای خاوەن بەهەشت بمانبەخشێ.

**باوە گابرێڵ:**

تا ئەو شوێنەی بەناوی ئاشتییەوە کارەکانمان ڕاپەڕێنین، بەڵێ.

**کاپتن:**

باوە، نازانم بە چ جۆرێک باسی ئەوەت بۆ بکەم کە ئەو کارە چەندە کۆمەکم پێ دەکات.

**باوە گابرێڵ:**

هەروەها کۆمەکێکیشە بۆ ئازارەکانی سۆفیا فۆنتس.

**کاپتن:**

سۆفیا فۆنتس. ئەها، تۆ هێشتا ئەوەت نەبیستووە کە ئەوە بۆ خۆی.... هەڵەیەک بوو. خاتوو سۆفیا فۆنتس بە هەڵەدا چووبوو. لاشەکە لەلایەن سیسیلا سانجینزەوە داوای لەسەر تۆمار کراوە.

**باوە گابرێڵ:**

سیسیلا؟

**کاپتن:**

مێردەکەی ئەو، زیۆ سانجینز. ئەوە بۆ حەوت مانگ دەچێ کە بێ سەروشوێنە. لەوە دەچێ پیاوێکی بەدمەست بووبێ، خراپ ئەشکەنجەی ژنەکەی دەدا. زۆر لە پیاوان بەو جۆرە رەفتار دەنوێنن. سەیرە کە هێشتا نەهاتووەتە لای ئێوە بۆ بەرێوەبردنی رێورەسمی بەخاکسپاردنی مێردەکەی. گومانی تێدا نییە کە هێشتا دڵی بڕوایی نایە.

(وچانێکی کورت)

**باوە گابرێل:**

کاپتن، من ناتوانم.... تۆ ئەو لاشەیەت داوەتەوە بە سۆفیا فۆنتس.

**کاپتن:**

بەلام بۆ خۆت دانت بەوەدا نا کە تەواوێک دڵنیا نەبووی لەوەی...

**باوە گابرێل:**

ئەوەیە کە ناناسرێتەوە. بۆچی زیاد لە هەر کەسێکی دی ژنێک، سوورە لەسەر داواکەی؟

**کاپتن:**

بۆ ئەو مەسەلەیە دەبێ وەک حەزرەتی سلێمان بکەم. ناتوانم لاشەکە بکەم بە دوو کەرتەوە، شتی وا دەکرێ؟ لەوە دەکات بدرێ بەو بێوەژنەی کە داوای لەسەر لاشەکە تۆمار کردووە.

(وچانێکی کورت).



**باوە گابرێل:**

من نامەوێ کاری وا بکەم. بۆم ناکرێ. میشێل فۆنتس هاوڕێم بووە.

لەسەر هەمان کورسی دانیشتووە کە ئێستا ئێوە لەسەری دانیشتوون، ئەو، چەندەها شەو....

**کاپتن:**

کەواتە دەتەوێ دەستگیرۆیی خانەوادەکەی بکەی.

**باوە گابرێل:**

ئەوان پێیان وا نییە کە ئەوە دەستگیرۆیییەک بێ بۆ.....

**کاپتن:**

بەڵێ وا تەماشای دەکەن، لەوە دڵنیابە، وەکو وەفایەک بۆ بە تەنگەوەهاتنت لە (بەخاک سپاردنی) زیۆ سانجینز و لە پاداشتی ئەو گیانی هاوکارییەی خێزانی فۆنتسیشا، زیندانییەک ئازاد دەکەین، کەسێکی نزیکی ئەوان.

**باوە گابرێل:**

ئەمیلینۆ؟ ئالۆنسۆ؟

**کاپتن:**

ئمممم، پێم وایە ناوی ئالێکسس بێ.

**باوە گابرێل:**

نا، ئالێکسس توڵفێکە.

**کاپتن:**

بەڵێ. خۆیەتی.

(وچانێک)

**باوه گابرێڵ:**

خۆ ئەو...

**کاپتن:**

ئەم دوانیوەڕۆیە قۆڵبەستمان کردبوو.

(وچانێکی کورت)

**باوه گابرێڵ:**

بە یارمەتی... دەستەودامێنتم ئەشکەنجەی ئەو منداڵە نەدەن.

**کاپتن:**

کەوا بێ بەختاتوو سانجێنز ڕادەگەیەنم کە ئێوە هیچ لارییەکتان نییە.

ئەوەندەی بۆشتان دەکرێ لەگەڵیدا نەرمونیان بن، چونکە زۆر دەردەدارە.

ئەشکەنجەی ئەو منداڵە بدەم؟

باوە، دەزانم چۆن بیر لە من دەکەنەوە؟

**باوه گابرێڵ:**

من لەو بڕوایەدا نیم کاری واتان لێ بوەشێتەوە.

**کاپتن:**

دەتوانم پێشبینیی ئەوە بکەم. لە خۆتەوە بڕیار دەرمەکە. من...

ئەوەی من گرفتار دەکا، ڕقم لە ئازارە، لە زەبروزەنگ، بەڵام لەو کاتەدا ناچار کرام کە.... دەبێ دڵ و دەروونی خۆمان خاوێن کەینەوە و ڕوو لە خوا بکەین.

لێرە، پەنا براوەتە بەر زەبروزەنگ کە بەردێکی نەخستووەتە سەر بەردێک بۆ ئەم نیشتمانە. هەر وەکو تۆ چۆن ئیمانت بە



ئاشتی هەیە، منیش ئیمانم پێی هەیە. بەڵام هەندێ جار ڕێگەی ئاشتی، هەر وەکو خۆشت دەزانی، پڕە لە بڕیاردانی سەخت. نەدەبوو بەو خێراییە بڕیار لەسەر من بدەی.

**باوه گابرێڵ:**

بە هیچ جۆرێک کاپتن، تەنیا مردووەکان دادوەری لەسەر مردووان دەکەن.

(وچانێکی کورت، کاپتن دەکەوێتە سەر ئەژنۆ).

**کاپتن:**

باوە ڕۆحم ئازاد بکە، لە هەموو ئەو گوناهانەی کردوومە.

(ڕووناکی لەسەر کاپتن و باوە گابرێڵ نامێنێت، تەنیا ڕۆشنایی دەچێتە سەر ئەو کورسییەی کە کاپتن لەسەری دانیشتبوو. لە تاریکییەکەوە فیدیلا دەردەکەوێت).

## دیمەنی پانزەم

(فیدیلا و کورسییەکە).

**فیدیلا:**

ئازارت هەیە؟ ئازارت هەیە؟ دەکرێ چیت بۆ بکەم... بۆ ئەوەی بەهاناتەوە بێم؟

**ژنەکان:**

(ڕۆشنایی دەڕواتە سەریان) بەڵێ، ئازاری هەیە، بەڵێ فیدیلا ئازاری هەیە.

(ڕۆشنایی لەسەر کورسییە خاڵییەکە نامێنێ و دەکەوێتە سەر کورسییەکی دی لە تەنیشتییەوە. لەسەر ئەو کورسییە پیاوێکی

ڕووت کراوه دانیشتووه به گرانی هەناسە دەدات و به پارچه قوماشێک چاوی داپۆشراوه. زۆر به گران بۆی دەکرێ بجووڵێ. زۆر دژواره بتوانی به جەستەیدا تەمەنیت بۆ دیاری بکرێ، زۆر لاوازه).

**فیدیلا:**

دەتوانم چی بۆ بکەم، چۆن دەتوانم یاریدەی بدەم، بۆم دەکرێ بڕۆم بۆ لای؟

**ژنەکان:**

فیدیلا، به هیچ جۆرێک ئەوەت بۆ ناکرێ، دەرگەکەی داخراوه و گەلێکیش دووره.

**فیدیلا:**

دەتوانم ئاوی بۆ بەرم، تۆ بڵێی تینووی نەبێ، دەتوانم دەرمانی فریا بخەم، تۆ بڵێی بریندار نەبێ، دەتوانم چی بۆ بکەم؟

**ژنەکان:**

کچێ، قسەی لەگەڵدا بکە، دەتوانێ گوێی لێت بێت، لەگەڵی بدوێ، حیکایەتی بۆ بگێڕەوه.

**فیدیلا:**

حیکایەت؟ حیکایەت، نازانم.... چ جۆره حیکایەتێک، دەربارەی چی حیکایەتی بۆ بکەم؟

**ژنەکان:**

فیدیلا، دەربارەی ئەوه، دەربارەی ئەو شتانەی که ڕوویان داوه.

**فیدیلا:**

نا، ئەو حیکایەتانه ئازاری دەدەن، من نامەوێ ئەوانەی بۆ باس



بکەم، ناتوانم، ناتوانم....

**ژنەکان:**

فیدیلا باسی ڕاستییەکان، ئەو مەرگەساتانەی ڕوویان داوه.

**فیدیلا:**

نازانم له کوێوه دەست پێ بکەم. باڵندەیەکم بینی، باڵندەیەکی کوژراو که به مل هەڵکێشراوی لەسەر پشت فڕێیان دابوو، دەنووکی کرابووەوه، پێوەی دیار بوو که بۆ دواجار هەوڵی دابوو... بفڕێ، نا نا هەوڵی دابوو چەند تنۆکێ ئاو... هێشتا تێر ئاوی نەخواردبووەوه، بەڵکو دەنووکی له ناو ئاوەکەدا بوو. نەخێر وانەبوو...

دەرگەکە. بەشەق کەوتنه شکانی دەرگەکە. دەرگەکەیان له گرێژەنه برد.

دایکم قریشکاندی، دایکم وەک باڵندەکە هاواری کرد... نا، دایکم... هاواری کرد... هاواری بۆ شتێ کرد، وابزانم وتی... فریام کەون، دایکم گوتی، وابزانم گوتی... پاش ئەوەش، بەڵام دوای ئەوەش، بەڵام ئەوان دەیانزانی کە پیاوەکەی له ناو کێڵگەی گەنمەشامییەکەدایه، له ناو گەنمەشامییەکاندایه، بەڵام ئەوان دەیانزانی که ئەو خۆی له ناو کێڵگەی گەنمەشامییەکەدا حەشار داوه، کێ پێی گوتبوون، دایکم هاواری کرد، بەڵام ئەوان هەر وەکو ئاگری قورەت هێندەی یەک و دوو خۆیان کرد بەناو کێڵگەکەدا و هەموو گەنمه شامییەکانیان شێلا و ئەویان تێدا دۆزییەوه و هەر وەکو لقێکی گەنمەشامی پڕیان پێدا کرد و هەڵیان کێشا و پەلکێشیان کرد، ئەو هەر دەیقریشکاند و

دەنگی دەرنەدەهات... من لە کوێ بووم لەو کاتەدا، لە کاتێکدا کە باوکمیان فڕاند... من لە کوێدا ڕاوەستابووم، لە تەنیشت دایکمەوە ڕاوەستابووم، نا، من لە.... نا من لە ناو کێڵگەکە نەبووم، من لە.... لە ئاسمانـدا بووم، من لە بەرزاییـدا سەرگەرمی فڕین بووم و... نا، من.... لە گیانەڵادا بووم، من... لەسەر پشت کەوتبووم، دەمویست... تێر ئاو بخۆمەوە، بەڵام، نازانم چۆن ئەو چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە، باوکە، بۆ خۆشم نازانم کام چیرۆکەیانت بۆ بگێڕمەوە، من... باوکە؟ تۆ لەوێی؟ باوکە ئەویشیان برد، ئەلێکسسیان پەلکێش کرد و بردیان.

## دیمەنی شانزەم

(گۆڕستانێکە لەسەر گردێک، قەبرەکان ڕەگوریشەی خەڵکانێکی جوتیاری رەش و رووت و بێدەرەتان نیشان دەدەن. سیسیلا، ئەمانۆئێل، کاپتن و ئەفسەر لەلای قەبرێکی تازە هەڵکەنراوەوە ڕاوەستاون و چاوەڕوانی خێزانی فۆنتس دەکەن تا لاشەکە بگەڕێننەوە. باوە گابرێل بەتەنیا ڕاوەستاوە. کەس هیچ ناڵێ. ئالێکساندرا و یانینا و سۆفیا بە لاشەکەوە دەردەکەون).

**ئالێکساندرا:**

کوا کوڕەکەم؟

**کاپتن:**

ئەفسەر، کوڕەکەی بۆ بهێنەوە.

(ئەفسەر بەبێدەنگ دەڕواتە دەرەوە).

**کاپتن:**

(بۆ ژنەکانی فۆنتس) پێم وایە خاتوو سانجینز بناسن.



بێدەنگی. خاتوو سانجینز، تۆ ئەوان...

**سیسیلا:**

(بەحاڵ دەنگی دەبیسترێ) بەڵێ.

ئالێکساندرا، من داوای لێبووردن دەکەم.

**ئالێکساندرا:**

زیۆ دەتکوژێت.

(ئالێکساندرا پشت دەکاتە سیسیلا).

**کاپتن:**

خانمان بەیارمەتیی خۆتان.

(ئەفسەر جارێکی تر لەگەڵ ئالێکسس دەگەڕێتەوە. ئالێکسس ناتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. کراسەکەی لەبەریدا هەلا هەلا کراوە و هەروا بە هاکەزایی بۆی ڕێکخراوەتەوە. تەماشای بەرپێی خۆی دەکا و چاوێکی نووقاندووە. لەلایەکی تری شانۆکەوە فیدیلا خۆی و منداڵە بچکۆلەکە دەردەکەون. لە دوورەوە تەماشای دیمەنەکە دەکات).

**کاپتن:**

(لەگەڵ دەرکەوتنی ئالێکسسا) ئەم، زۆرباشە. زۆر... ئێستا دەکرێ...

(ئالێکساندرا بەرەو لای ئەفسەر و ئالێکسس دەڕوات و بە گریانەوە باوەش بە ئالێکسسا دەکا و پەلی دەگرێ و دووری دەخاتەوە. ئالێکساندرا ڕوو دەکاتە کاپتن).

**ئالێکساندرا:**

چیت لێ کردووە... چیت کردووە لەو؟

**ئەفسەر:**

ئەوە ساخ و سەلامەتە. سوپاسی خوا بکە. جارێکی دی گەڕ لە ئێمە مەئاڵێنن. کاپتن، ئەوە زیندانییەکەتانە.

(ئەفسەر دەڕواتە دەرەوە)

**کاپتن:**

(بە شەرمەزارییەوە) هەر گێرەشێوێنێک کە زیندانی دەکرێ دەبێ بەناو زنجیرەیەک لێپرسینەوەی تایبەتیدا بڕوات. بە هەڵە لێم تێ مەگەن. ئەگەرچی من کەسێکی ئاشتیخوازم بەڵام... ناتوانم لەم هەرێمەی ژێر دەسەڵاتی خۆما مل بۆ یاخیبوون شل بکەم. خاتوو فۆنتس، سوپاستان دەکەم کە تەرمی خوالێخۆشبوو سانجینزتان بۆ گەڕانینەوە. داوای لێبووردن دەکەین لەو هەڵە نەویستراوەی کە ڕووی دا. ئێستا دەستی کوڕەزاکەت بگرە و بگەڕێرەوە بۆ ماڵی خۆتان. خاتوو فۆنتس، خاتوو فۆنتس.

(بەرەو لای ئالێکسس دەڕوا و باڵی دەگرێ).

(ئالێکسس دەگری).

ژنان هێشتا ئێوە ئەو تاڵاوانەتان نەچێشتووە کە دەشێ من بەسەرتانی بهێنم.

**ئالێکساندرا**: سۆفیا.

(سۆفیا بەوپەڕی هێزی خۆیەوە لاشەکە توند دەگرێ، کەس ناجووڵێ، پاشان لاشەکە جێ دەهێڵێ و پشتی تێ دەکا و بەرەو لای کوڕەزاکەی دەڕوات و زۆر بە ناسکییەوە دەست دەکاتە ملی و لە کاپتنی دووردەخاتەوە.



کاپتن ئاماژە دەدات بە دوو سەرباز و سەربازەکان بەرەو لای ئەو گالیسکەیە دەڕۆن کە لاشەکەی لەسەرە، لاشەکە هەڵدەگرن و بەرەو لای قەبرەکەی دەبەن. لاشەکە دەخەنە ناو گۆڕەکەوە).

**کاپتن:**

خاتوو سانجینز...

(ئەمانۆئێل سیخورمەیەک لە سیسیلا دەسرەوێنێ و سیسیلا لە شوێنی خۆی رادەچڵەکێ و پاشان بەرەو لای گۆڕەکە دەڕوات، تەماشای گۆڕەکە ناکات، گوڵێک فڕێ دەداتە سەر لاشەکە و ئاوڕ دەداتەوە و دەڕواتە دەرەوە. ئەمانۆئێل ڕای دەگرێ).

**کاپتن:**

باوە...

**باوە گابرێل:**

باوکی ئاسمانی، ئەوە... یەکێک لە منداڵەکانی خۆت. ئێمە...

**کاپتن:**

ناوی بهێنە.

**باوە گابرێل:**

زیۆ سانجینز. باوکە، گیانی ئەو لە هەر شوێنێکە. ڕەحمی خۆت بڕژێنە بەسەر زیۆ سانجینزی هاوڕێمدا. ئەوەی لە خۆڵەمێش دروست بووە هەر دەبێتەوە بە خۆڵەمێش، ئەوەی لە خاکەوە هاتووە هەر دەبێتەوە بەخاک. تۆ لە خۆڵەوە دروست بوویت و دەبیتەوە بە خۆڵ. ئامین.

**کاپتن:**

زۆر سوپاس. خاتوو سانجینز سەرخۆشیی خۆمت پێ

ڕادەگەیەنم.
(سـیـسـیـلا) بەخـێـرایـی دەڕواتە دەرێ. ئەمـانۆئێل شـوێنی دەکەوێ.
(بۆ ئالێکساندرا). سوپا ئەو پارەیەتان بۆ دەگەڕێنێتەوە کە لە کفنەکەدا سەرفتان کردووە. ڕۆژێکی خۆش.
(کاپتن دەڕواتە دەرێ، دوو سەربازەکە بە خێرایی گۆڕەکە پڕ دەکەنەوە).

**باوە گابرێڵ:**

سۆفیا کەس سەر لە کارەکانی خوا دەرناکات. لەوانەیە بۆ خۆی ئەوە گوناهێک بێ... بەوەی کە میشێل هێشتا زیندوو بێ. نابێ هەرگیز هیوابڕاو بی.
(وچانێکی کورت).
تکاتان لێ دەکەم، هەمووتان بمبەخشن.
(دەڕواتە دەرەوە).
(سەربازەکان نیشانێکی خاچی هەرزانبەها، لەسەر گۆڕەکە دەچەقێنن و دەڕۆنە دەرەوە).

**ئالێکساندرا:**

سۆفیا سوپاست دەکەم.

**سۆفیا:**

میشێل. ئەوە بۆ من ئەوپەڕی شەرمەزاری بوو.
(دەڕواتە دەرەوە).

**ئالێکساندرا:**

ئالێکسس.



(ئالێکساندرا بەرەو لای ئالێکسس دەڕوا و دەڕۆنە دەرێ، یانیناش بەدوایاندا دەچێتە دەرێ. فیدیلا هەر لە دوورەوە دەمێنێتەوە، لەو شوێنەی کە بەدرێژاییی کاتەکە ڕاوەستابوو، دوور لە گۆڕەکە؛ هەروەک ئەوەی تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆی هەبێ، لەگەڵ منداڵەکە دەدوێ).

**فیدیلا:**

شتێک بڵێ. بڵێ... دا. هەموو منداڵەکانی هاوتەمەنی تۆ فێر بوون بڵێن.. دا.
(تەماشای بینەران دەکات).
لەوانەیە هەرگیز نەیەوێت شتێک بڵێ. تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، لەوانەیە هەروا بە بێدەنگی بمێنێتەوە و هەرگیز چیرۆکێک بۆ کەس نەگێڕێتەوە.
(لەگەڵ منداڵەکەدا دەڕۆنە دەرێ).

## دیمەنی هەڤدەم

(تاریکی شەو دادێت و دواتر کازێوەی بەیانی هەڵدێت و گۆڕستانەکە ڕۆشن دەکاتەوە، ڕۆژێکی خۆشە. سۆفیا بە قژی ئاڵۆسکاو و دانەهێنراو دەردەکەوێ. دەستەوارەیەک نانی بەدەستەوەیە و لەسەر گۆڕەکەی زیۆی دای دەنێ. تەماشای گردەکە دەکات.
مشتێک خۆڵ هەڵدەگرێ و لێی ورد دەبێتەوە و دواتر لە روخساری خۆی هەڵدەسووێ و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێ.

به سۆزێکەوە کەمێک لە خۆڵەکە بەناو سنگیدا هەڵدەپرژێنێ ئەوجا بەناو قاچەکانیدا بڵاوی دەکاتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە فڕێی دەداتەوە سەر زەوییەکە. نانێک دەکات بە دوو کەرتەوە و کەرتێکی لەسەر زەوییەکە دادەنێ و لەو کاتەدا کە دەیەوێت پارچە نانەکەی دیش دوو کەرت بکات ژنێکی دی دەردەکەوێ کە ئەویش نانی بەدەستەوەیە. هەر تاو ناتاوێک ژنێکی تر بە نانێکەوە دەردەکەوێ و نانەکە دەکات بە دوو کەرتەوە و لەسەر گۆڕەکەی زیۆی دادەنێ، هێندە نابات گۆڕەکە وای لێ دێ وەک کێویک نانی لێ دێ. یانینا دێت و لەسەر گۆڕەکە لە تەنیشت سۆفیاوە دادەنیشێت. ئالێکساندراش دێت بەڵام بە تەنیا لە شوێنێکەوە دادەنیشێ. ژنەکان هەموو دادەنیشن و نان دەخۆن).

**کاسرینا:**

دەزانم کە ڕووبارەکە یەکەم لاشەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هەر ئەو ساتەی دەستم لەسەری دانا بۆم ڕوون بووەوە کە ئەوە براکەمە. دەبوو لەسەری سوور بوومایە. من دەترسام.

**تریسا:**

ئەوە برای تۆ نەبوو. برازای من بوو. من ناسیمەوە. بەڵام بوێریی ئەوەم نەدەکرد هیچ بدرکێنم. کاتێ تۆ بە ئەفسەرەکەت گوت کە پێت وایە ئەوە لاشەی براکەتە، من بە خۆمم دەگوت، ئەو ژنە شێت بووە و بە هەڵەیدا چووە، بەڵام هەرچییەک بێ جورئەتی ئەوەی هەیە قسە بکا و بدوێ.

**ڕۆسا:**

ئەو لاشەیەی کە لە سەرەتاوە دەرکەوت، زۆریش بە تەواوی





دڵنیا نیم بەڵام دەستەکانی، ئەگەرچی ورد و خاشیش کرابوون، لەوە دەچوو کوڕە گەورەکەی لوشا بێ. بەڵام تەواو دڵنیام کە لاشەی دووەم کە....

**تریسا:**

هیچ گومانێکم نییە لەوەی کە مێردەکەی من بوو.

**مێری لاز:**

باوکی من بوو.

**ڕۆسا:**

ئەوە باوکی من بوو. بەدرێژاییی ئەمشەو نانم بۆ کرد، ئەوە باوکی منە لەو گۆڕەدا ڕاکشاوە. من نانم بۆ ئەو گۆڕە کرد بە خێر.

**تریسا:**

ئەوپەڕی بەهەڵەدا چوونە.

**ئەماندا:**

بەدرێژاییی ئەمشەو خەڵکی هەموو سەرقاڵی نانکردن بوون، ئەم دۆڵە بۆنی خەمیرەی گرتووە.

**تریسا:**

تۆ بڵێی هەر کەسێک پێی وا بێت؟

**کاسرینا:**

کەس تەواو دڵنیا نییە. لەوانەیە هەر هەموویان هەڵە بن.

**مێری لاز:**

لەوانەیە هەر هەمووشیان ڕاست بکەن.

**تریسا:**

تەنیا لاشەیەکە و مەحاڵە پێوەندیی بە هەموومانەوە هەبێ.

**کاسرینا:**

بەڵێ. ئەوە ئێدواردۆی کوڕمە.

**تریسا:**

ئەوە لاشەی ئەنتۆنیۆی مێردمە، هەر ئەو ئاوا لاواز و بنێسە.

**رۆسا:**

ئەوە لاشەی باوکی منە.

**مێری لاز:**

نەخێر، ئەوە ئێرنستۆ تۆریسەکەی من بوو. من ژیانی خۆمی پێ دەبەخشم.

**ئەماندا:**

هیچ شتێکی لە باوکی تۆ نەدەچوو، ئەو ئاوا باڵای بەرز نەبوو، باوکی تۆ....

**لوشا:**

ئەوە قەیسەر بوو. ئەو بەرازە ئەشکەنجەی دام، ڕقم لێی بوو، من دەمویست ماڵ بۆ ئەو سەگە زۆڵە چۆڵ بکەم و بڕۆم، بەڵام ئەوە بوو قۆڵبەستیان کرد و بردیان. تا ئەو کاتەی بۆم دەردەکەوێ ماوە یان مردووە، ژیانی منیش بۆ هەتاهەتایی بە خۆیەوە گیرۆدە دەکات. ئیدی ئێستا بۆم دەکرێ...

**تریسا:**

چیت بۆ دەکرێ؟

**لوشا:**

تۆزێ گووی بۆ هەڵکەنم و لە ناویدا بیشارمەوە و لەسەر



گۆڕەکەی سەما بکەم.

(هەندێک لە ژنەکان پێ دەکەنن، کاسرینا بێدەنگیان دەکات).

**تریسا:**

بەڵام ئەوە تەنیا لاشەیەکە و هەر کەسێکیش دەیەوێ بۆ خۆی بینێژێت. دەبێ دەربارەی ئەوە چی بکەین؟

**سۆفیا:**

تۆ بۆ خۆت دەزانی چی دەکەیت. تۆ خۆت ئەوەت پێگوتم. بڕۆن ڕوخسەتی ناشتنیان بۆ وەربگرن و پیاوەکانتانی تێدا بنێژن.

**تریسا:**

بەڵام ئەو هەژارە تەنیا بۆ خۆیەتی....

**سۆفیا:**

ئەوە کێشەی ئێمە نییە. تۆ دەیناسیتەوە؟ کەوابوو دەبێ بەخاکی بسپێری. بڕۆ ڕوخسەت وەربگرە. وا بکە کاپتن بۆت جێبەجێ بکات.

(ژنەکان هەڵدەستنە سەر پێ، لە شوێنێکەوە گوێمان لە خوێندنی باڵندەیەکە.

ڕووناکی دەگۆڕێ. دەنگی ڕووبارەکە و خوڕە و خڕینی ئاو هەستێکی ئەفسووناوی دێتە گوێمان. یەکێک لە ژنەکان بەر لەوانی دی دەدوێ و ژنەکانی دیش لە دوایەوە تێکەڵی دەبن و هاوبەشی دەکەن، لەوە دەچێ گۆرانی بڵێن، یان گفتوگۆ بکەن، یان ئەفسوون و جادووی ئەو دووبارە بکەنەوە).

**ژنەکان:**

ئاوەکە لە هەموو شتێ دڵنیایە و بۆ خۆی هەموو شتەکان پێ

دەزانێ، ئاوەکە لەوێ بوو، هیچ شتێ لە ئاو ون نابێ، بۆ خۆی بەدوای نهێنییەکاندا دەگەڕێ و بۆمانی دەدۆزێتەوە و لە دوورترین جێگەوە وشەکانمان بۆ دێنێ و بە گوێماندا دەچرپێنێ، دەیهێنێتەوە بەرچاو و دیدەمان، دەیخاتەوە سەر لێوەکانمان، لە دوورترین شوێنی خۆیەوە، یادەوەری و ئازارەکان، چیرۆکەکانتان لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەیانهێنێتەوە، ئەو چیرۆکانە بانگ دەکاتەوە کە خەریکە دەرژێنە ناو زەریاوە، بەگۆرانی دەیانهۆنێتەوە و بە دەنگێکی بەردین بۆ دۆڵەکەی دەچرێ، ئەو ئاوەی کە قورگەکان بینی پێوە دەنێن، ئەو بارانەی ئەو خاک و خۆڵە دەبینێ کە ئارەقەی ماندووبوونی پیاوەکانی ئێمەی لەسەر ڕژاوە و تین و تاوی گەرمایی تێکەڵ بەهەورەکانی دەکا و جارێکی تر دەیانکاتەوە بە باران، ئاوێکی تر و ئاوێکی تر و ئاوێکی تر، هەندێ ڕووبار پان و بەرین و هێمن و سەوز و لووسن، هەندێ رووباری تر تیژڕۆ و خوڕەمن.

بەڵام هەموو ڕووبارەکان، زۆر بە ڕوون و خاوێنی لە چیاکانەوە هەڵدەقووڵێن، ڕووبارەکەی ئێمە لەو ڕووبارانەیە کە تەنکاوە و سارد و سووره و لەگەڵ خۆی لەو گۆڕە بەردینانەوە هەموو پیاوەکانمان بۆ دێنێتەوە، هەموویان بەرەو خاکی نیشتمان هەڵدەگرێ و دەیانهێنێتەوە، بەڵام دنیایەک پیاو هەن کە بێ سەروشوێنن یان لەناوچوون، دنیایەک پیاو هەن کە ڕووبارەکە بۆی ناکرێ هەر هەموویان لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ و بیانهێنێتەوە. گەلێ چیرۆک هەن کە دەبێ ڕووبارەکە بۆمانی



بگێڕێتەوە، لە سەرەتادا لاشەیەکی بۆ هێناینەوە کە ئەو خوانەناسانە سووتاندبوویان، لاشەیەکی تریش بۆ ئەوەی لەسەر گردەکە بە خاکی بسپێرین، کاتێ ڕووبارەکە لاشەکەی لەگەڵ شەپۆلەکانی خۆی هێنابوو، ئەوەندەی دابوو بە دار و بەردا ، سیمای بە جۆرێک شێواندبوو کە کەس بۆی نەدەکرا بیناسێتەوە... ڕووبارەکە بۆی ناکرێ هەموو لاشەکان هەڵبگرێ و بیانهێنێتەوە، چونکە لێشاوی لاشەکان لە جووڵەی دەخەن و بڕستی لێ دەبڕن، دۆڵەکەش پڕ دەبێ لە لاشەی مردووان و هەموو کێڵگەکان دادەپۆشێ، بە جۆرێک کە ئیدی چڵێ سەوزی لێ نەڕوێ و داروپەردووی بۆگەن بکات، ئەو لاشەیەی بۆ دۆزینەوە کە لە پیاوەکانی هەمووان دەچێ، لە ڕۆڵەکانی هەمووان دەچێ، ئەوە ڕۆڵەی منە، ئۆی تکا دەکەم با ڕۆڵەی من نەبێ، ئەوە ڕۆڵەی منە، ئەوە پیاوی منە، ئۆی دەپاڕێمەوە کە ڕۆڵەی من نەبێ، پیاوی من نەبێ، ئەوە ڕۆڵەی منە، ئۆی خوایە با ئەوە ڕۆڵەی من نەبێ، ئەوە شەهیدی منە، تکا دەکەم، تکا دەکەم، تکا دەکەم.....

(ژنەکان یەک لە دوای یەک دەڵێن: ئەوە هی منە).

(کۆتاییی بەشی دووەم)

# بەشی سێیەم

## دیمەنی هەژدەم

(کاپتن و ئەمانۆئێل. بێوەژنەکان هەموو لە ریزێکدا وەستاون. تریسا سالس لەسەرکورسییەک دانیشتووە).

**کاپتن:**

سی و شەش بێوەژن! ئاخر من دەبێ لەگەڵ سی و شەش بێوەژندا چی بکەم!
بێوەژن، دایک، پوور، داپیرە، تەنیا ژنێک کە لەم دۆڵە خەمبار و هیچ و پووچەدا داوای ئەو لاشەیەی نەکردووە، ئەو ژنەیە کە لاشەکەمان داوەتێ! پێم ناڵێی ئەو دوابڕاوە چی لێ هات، بەردەست؟

**ئەمانۆئێل:**

کاپتن بۆم نادۆزرێتەوە، نازانم لە کوێیە....

**کاپتن:**

لەوە دەکات بۆ خۆشت بزانی کە هەموو ئەو کارانەی من پێم ڕاگەیاندووی هیچیت ڕانەپەڕاندووە. هەموو شتەکان کەوتوون بەسەریەکدا، باشە، هەمووی سووچ و خەتای تۆیە، ئەگەر کەمێک گوێت بەمەسەلەکان بدایە. بەلام تۆ کەمتەرخەمیت کردووە، تۆ تەنیا بەردەستێکی جووتیاری بێ دەسەلاتی کە



بەوپەڕی تواناتەوە هەوڵ دەدەیت بەکەڵک بیت و منیش ئەمەم پشتگوێ خستووە. بەبێ فەرمان هیچ شتێک ناجوولێ، لە ئێستا بەدواوە هەموو شتێ دەخەمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە. ئەگەر تۆ بتەوێت لێرەت بگوازمەوە، ئەوا دەبێ ئەو کچەم بۆ بدۆزیتەوە، ئەو کچەی هاوڕێت، ئەو بێوەژنەی کە لەم کێشە دوابڕاوەدا بووەتە سەری مارەکە.
(ئەمانۆئێل سەلامێکی سەربازی دەکا و دەڕواتە دەرەوە).

**کاپتن:**

کەسێک خۆی لێ گرتووم، کەسێک دەیەوێت بمکات بە مەخسەرە، ڕۆژنامەکان بەمە دەزانن و ئەو کاتەش.... خۆ ئێمە چالاکەوان نین لە بواری وەرزش و پێشبڕکێی جوانیدا. لە کۆتاییدا ئێمەش دەبێ شانازی بە خۆمانەوە بکەین کە پێوانەمان لە شتێکدا شکاندووە، لەم جیهانەدا تاکە وڵاتین کە بۆ هەر لاشەیەک لە بێوەژنێک زیاترمان هەیە.

**تریسا:**

ناوم تریسا سالسە، تەمەنم پەنجا و سێ ساڵە. ئەنتۆنیۆ سالس مێردمە و لەم مانگی ئازارەی کە بەڕێوەیە دێت، تەمەنی دەبێتە پەنجا و نۆ ساڵی تەواو. لەم دوایین هەڵبژاردنەی کە کرا، ئەویان بە قایمقامی کاماچۆ هەڵبژارد. لە یەکی ڕەشەمێدا، کە بڕیار درا چی تر هەڵبژاردن نەکرێ، وا خەریکە هەشت ساڵ تەواو دەکات، ئەویان گرت بە تۆمەتی ئەوەی کە هەوڵی داوە سەروەری بۆ نیشتمان بگەڕێنێتەوە. ئیدی لەو کاتەوە من نەمبینیوەتەوە. دوو ڕۆژ لەمەوبەر، کاتێ کە... کاتێ

ڕووبارەکە لاشەکەی بە رووتوقووتی بۆ هێنامەوە. ئێستاش دەمەوێ لای گۆڕی باو و باپیرانییەوە لاشەکەی بنێژم.

**کاپتن:**

(دەستەی سکالاکان ژێرە و ژوور دەکا) مێرد.. برا.. مێرد.. باوک.. کوڕ.. کوڕ.. خۆشەویست.. مێرد.. مێرد.. مام.. مێرد.. ئەمە سکالای کام ژنەیە.. مەبەستم ئەوەیە، تەنیا یەک لاشەیە و ناکرێ ئەو لاشەیەش هی هەر هەمووتان بێ.

**تریسا:**

ئەوە لاشەی مێردەکەمە.

**کاپتن:**

ژنەکانی تر درۆ دەکەن.

(وچانێک) تەواوە؟ یەکێک لە ئێوە ڕاست دەکات و سی و شەش ژنەکەی تر دەبێ بە هەڵەیا چووبن. وا نییە؟

**تریسا:**

کاری من ئەوە نییە هیچ شتێکت بۆ روون بکەمەوە. ئەوەی دەیزانم لە دڵی خۆما دەیهێڵمەوە. ئەوەی ئەوانیش دەیزانن وا لە دڵی خۆیاندایە. دڵنیام کە ئەوە مێردەکەمە.

**کاپتن:**

تۆ دڵنیا نیت لەوەی کە هیچ لەو مەسەلەیە نازانی، هیچ یەکێکیش لە ئێوە نایزانێ. هەر شتێک، ئێوە کۆمەڵێ جووتیارن لە ڕووی ئەقڵییەوە دواکەوتوون و بڕواتان بە شتی پڕوپووچ و بێ کەڵک هەیە.... لە خۆتانەوە شتێکتان دروست کردووە و مێشکی خۆتانتان پێوە تێک داوە... ئاگاتان لەوە نییە کە چ



کێشەیەکتان خوڵقاندووە، ئاگاتان لەوە نییە.... ئەوەی لێرە بەرپاتان کردووە هەمووی شێتی و گێرەشێوێنییە...

**تریسا:**

(بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە مەدالیاکەی لە ژێر بلووسەکەیەوە دەردەهێنێ و لە جووڵەیەکی چاوەڕواننەکراودا دەیخاتە بەردەم کاپتن و زۆر بە توندی دەدوێ).

گێرەشێوێنی؟ ئەوە گێرەشێوێنییە ئەگەر بتەوێ مردووەکەت بەخاک بسپێری؟ تۆ ناتەوێ ژنەکەت ئەوەت بۆ بکات؟ ئەوە مێردمە کە بۆ سی و دوو ساڵ لەگەڵی ژیاوم، نا، ڕووی خۆت وەرمەگێڕە. (مەدالیاکە لە ملی دەپچڕێنێ و زۆر بە ڕقەوە فڕێی دەداتە سەر مێزەکە). ئەوە مێردەکەمە کە هەموو شەوێک بە درێژاییی سی و دوو ساڵ لەگەڵی نووستووم، ئیتر چۆن لە ڕووت دێ پێم بڵێی چۆن دەیناسیتەوە؟ ئیتر چۆن لە ڕووت دێ پێم بڵێی ئەوە گێرەشێوێنییە؟ من دڵنیام.

**کاپتن:**

(بە بێدەنگی مەدالیاکە هەڵدەگرێتەوە) خاتوو سالس، بەسە.

**تریسا:**

لە بەردەمی خۆمدا کوڕە شازدە ساڵانەکەمیان لە پشتی سەریەوە گوللەباران کرد.

خۆم.. ئەوەم... بینی. ئەوان... کوشتییان.

**کاپتن:**

(هێشتا بێدەنگە) پێم گوتی بیبڕەوە.

**تریسا:**

ئەگەر ئەوە مێردەکەم نییە، ئەی کەواتە ئەو لە کوێیە؟ ئەگەر ئەوە کوڕەکەم نەبوو، کەوابوو کوڕەکەم بە زیندوویی بۆ بهێننەوە. ئەگەر ناشتوانی ئەوەم بۆ جێبەجێ بکەی، ڕێگەم بدە بینێژم.

وچانێک).

**کاپتن:**

تۆ دەتەوێ ئەو لاشەیە بنێژی کە پێت وایە مێردەکەتە، بەڵام چی دەکەی ئەگەر مێردەکەت.... هەر ئێستا لەو دەرگەیەوە خۆی کرد بە ژووردا؟ چی دەبێ ئەگەر من چەپڵەیەکم ئاوا لێ دا و (چەپڵەیەک لێ دەدا) ئەو لەو دەرگەیەوە خۆی بکات بە ژوورا.

(دەرگاکە دەکرێتەوە؛ تریسا بەرەو دەرگەکە دەڕوانێ. ئەفسەر دێتە ژوورێ.

تریسا تەماشایەکی دەکا و ڕووی خۆی وەردەگێڕێت).

پێم بڵێ چی دەکەی ئەگەر مێردەکەت لەو دەرگەیەوە خۆی کرد بە ژووردا؟

**تریسا:**

ئەگەر بە زرپ و زیندوویی گەڕایەوە، سوپاسگوزارت دەبم، کاپتن. لەوە زیاتر دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

**کاپتن:**

بەڵێ. تەنیا ئەوەندەم هەیە، خاتوو سالس.

پێم گوتی تەنیا ئەوەندەم هەیە.

بە بێوەژنەکەی تر بڵێ نەیەتە ژوورێ، نانی نیوەڕۆ دەخۆم.



(تریسا دەڕواتە دەرێ).

من بانگم نەکردووی.

**ئەفسەر:**

حەزم کرد ئاسوودە بم.

**کاپتن:**

بڕۆ لە شوێنێکی تر خۆت ئاسوودە بکە، من بە کاری خۆمەوە سەرقاڵم.

هێشتا حەڤدە....

**ئەفسەر:**

ئەوە لە بینینی یاریی سێرک خۆشترە. کاپتن و ئەو بێوەژنە سەرنجڕاکێشانەی کە لە بڕانەوە نایەن. ئەی فێڵی داهاتووت چییە؟

**کاپتن:**

تووشی سەرسوڕمانیان دەکەم.

**ئەفسەر:**

بتوانی کۆنترۆڵی ئێرە بکەی. ئەوا هەمووومان تووشی سەرسوڕمان دەکەی.

**کاپتن:**

من چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە.

باوکم سەگێکی هەبوو و هەموو رۆژێک لێی دەدا.

**ئەفسەر:**

کاپتن لە ڕاستیدا نامەوێ کە....

**کاپتن:**

دانیشە و دەمت دابخە و گوێ لە چیرۆکەکەم بگرە، ئەفسەر.
ئەوە فەرمانە. باوکم ئەو سەگەی هەبوو...

**ئەفسەر:**

هەموو ڕۆژێک لێی دەدا.

**کاپتن:**

بەڵێ. ڕۆژێکیان سەگەکە هەر لە خۆوە پەلاماری باوکمی دا و لە گۆشەیەکی توند کرد. من بەتەنیا لە خانوویەکدا لەگەڵی دەژیام. کاتێ سەگەکە باڵی باوکمی گەست، باوکم هاواری لێ کردم کە خێرا بڕۆم و دەمانچەکەی بۆ بهێنم، باوکم کۆڵۆنێل بوو، فێری کردبووم چۆن فیشەکی بخەمە بەر و گولله بتەقێنم. سەگەکەم پێکا، کەچی هێشتا لە کۆڵ باوکم نەدەبووەوە. سەگەکە پاشی ئەو هەموو ساڵانەی کە باوکم ئەشکەنجەی دابوو، تەنانەت پاش ئەوەش کە خەریک بوو گیانی دەردەچوو کۆڵی نەدەدا و وازی لە باوکم نەدەهێنا و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە. ئیتر دەبوو بڕۆم چەقۆی ڕاوکردنەکەی بۆ بهێنم و دەم و دانی سەگەکەی پێ بریندار بکەم. ئەو کاتە تەمەنم هەر حەوت ساڵان دەبوو.

**ئەفسەر:**

ئەوە... ڕوون بووەوە. چیرۆکێکی ئەندێشاوییە. تۆش سەگەکەت گوللەباران کرد.

**کاپتن:**

دەبوو گوللەبارانی بکەم.



**ئەفسەر:**

لێرە هیچ کەسێکت گوللەباران کردووە؟

**کاپتن:**

ئەها، بەڵام تۆ لە مەبەستی چیرۆکەکە نەگەیشتی. تۆ زۆر بەئاسانی گیرۆدەی چەکداری بووی.

**ئەفسەر:**

کەواتە مەبەستەکە لە کوێدایە؟

**کاپتن:**

مەبەستەکە ئەوەیە؛ کاتێ تۆ ئەو خەڵکە لە پاڵ دیوارەکاندا بۆ مردن ریز دەکەی، ئیدی ئەوان یەخسیر بوون. یاوەخود کاتێ ئەوان دەسبەرداری جەنگ و پەلاماردانەوە دەبن، تۆیان بەوە ئیفلیج کردووە. ئیدی باوکم جارێکی تر هەتا لە ژیان بوو بۆی نەکرا ئەو باڵەی بەکار بهێنێتەوە. مەبەستەکەم ئەوەیە کە خەڵکان کۆڵەوار بوون.

**ئەفسەر:**

ئەم خەڵکانەی ئێرە لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە ئەشکەنجەیان بدەی. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە؛ ئەو خەڵکە دڵنیا بن لەوەی کە قامچییەکە وا بەدەستی کێوە، ئەگەر تۆ قامچییەکەت بەدەستەوە بێ ئەوا بەهۆی ئەو قامچییەوە من بەڕێوە دەبەی. تۆ کاپتنی منی.
کاپتن، دەست بوەشێنە خەڵکی بۆت دەنوشتێنەوە.

**کاپتن:**

دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم؛ پارچەیەک وا لە گیانی مندا کە حەز

دەکات یەک دووانێک لەو بێوەژنانە گوللەباران بکات. پارچەیەکی تریش وا لە جێیەکی تری گیانمدایە کە پێی خۆشە تۆ گوللەباران بکات. بەڵام هەر هەرچی و پەرچییەک دەگری دەتوانێ تفەنگ بەکار بهێنێ. ئەوان دەتوانن گێرەشێوێنی بخولقێنن و تۆش دەتوانی هەڕەشەیان لێ بکەی، بەڵام دەبێ بەرەو پێشەوە مل بنێین و پاڵ بە ئێوەشەوە بنێین کە بکەونە شەپ لێدان و قیژاندن بەسەر سەدەی بیستەمدا.

**ئەفسەر:**

سەدەی بیستەم؟ ئێمە بۆ خۆمان وا لە ناو سەدەی بیستەمداین.

**کاپتن:**

نا ئێمە لەم وڵاتەدا لە ناو سەدەی بیستەمدا بوونمان نییە.

**ئەفسەر:**

بە پێچەوانەوە، دەبێ سەدەی بیستەم بەبێ ئەم وڵاتانەی ئێمە چ مانایەکی هەبێ؟ کەواتە چ ئێسقانێکیان بۆ دەهاوێژی؟

**کاپتن:**

ئەوە ئەوپەڕی سەرسوڕمانە.

## دیمەنی نۆزدەم

(ئەمانۆئێل و سیسیلا لەسەر ڕووبارەکەن، سیسیلا جانتایەکی پێیە و سەر و قژ ژاکاوە و بە تەنیا بەکەناری ڕووبارەکەدا بەخێرایی دەڕوا و ئەمانۆئێل بە دوایدا ڕادەکات).



**ئەمانۆئێل:**

تۆ هەموو شتێکت شێواندووە، ئازیزەکەم، بەیارمەتی، تۆ دەبێ....

**سیسیلا:**

من دەبێ لێرە دوور بکەومەوە. تۆ درۆت کرد. تۆ گوتت ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەتا هاتووەتەوە، گۆڕەکەش دەبینێ، هەموو شتێکی بۆ باس دەکەن کە من...

**ئەمانۆئێل:**

ئەو مردووە. زیۆ مردووە.

**سیسیلا:**

نا نەمردووە.

**ئەمانۆئێل:**

من خۆم کوشتم.

**سیسیلا:**

تۆ درۆزنیت.

**ئەمانۆئێل:**

پێت خۆش نییە بمرێ، تۆ منت خۆش ناوێ.

**سیسیلا:**

هەر ئێستا بمبە بۆ شار. من ئیتر بەوە باشتر دەبم و هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە. لێرە بۆم ناکرێ لە یادی بکەم، بەڵام لەوێ....

دەبێ هەر ئێستا بڕۆین، ئێمە....

(لە پڕێکدا سیسیلا دەوەستێ، لەسەر ڕووبارەکەوە تەماشای پێش خۆی دەکات).

**سیسیلا:**

ئۆی نا، ئۆی نا...

**ئەمانۆئێل:**

چی بووە؟ سیسیلا چی ڕووی داوە؟

(لە دۆخێکی ترسناکدا سیسیلا لەسەر ڕووبارەکە دەست دەکات بەڕاکردن. ئەمانوئێل ڕادەوەستێ و دەمانچەکەی دەردەهێنێ و  تەماشای ئەو جێگەیە دەکات کە سیسیلا لێی دەڕوانی. هیچ نابینێ.

بە دوای سیسیلادا ڕادەکا و ڕای دەگرێ).

**سیسیلا:**

(بەوپەڕی تۆقینەوە) ڕێگەم بدە بڕۆم، ڕێگەم بدە بڕۆم...

**ئەمانۆئێل:**

چی بووە، پێم بڵێ، هیچ شتێک لە ئارادا نییە...

**سیسیلا:**

ئەوەتانێ! ئەوە خۆیەتی! لەسەر ڕووبارەکەیە، ئەوە....

**ئەمانۆئێل:**

هیچ کەسێک لەسەر ڕووبارەکە نییە!

**سیسیلا:**

زیۆ لە ئاوەکەدایە، من بینیم....

(خۆی لە دەستی ئەمانۆئێل قوتار دەکا و ئەمجارە بەرەو ڕووبارەکە ڕادەکات).



**ئەمانۆئێل:**

سیسیلا ڕابوەستە، ئای خوایە. پێت دەڵێم ڕابوەستە.

(فیشەکێ بە ئاسماندا دەتەقێنێ، سیسیلا دەوەستێ بەڵام ئاوڕ ناداتەوە بۆی)

**سیسیلا:**

مەمکوژە، تکا دەکەم مەمکوژە.

(ئەمانۆئێل بە جێی دەهێڵێ و بەرەو لای ڕووبارەکە دەڕوات).

ئای خوایە، لە گوناهم خۆش بە، لە گوناهم خۆش بە.

**ئەمانۆئێل:**

بێدەنگ بە،، قڕوقەپی لێ بکە و دەمت داخە. ئەوە....

(ئەمانۆئێل بەرەو ڕووبارەکە دەڕوا و دەگەڕێتەوە، پارچە قوماشێکی رەشی تەڕی بەدەستەوەیە).

تەماشای بکە؟ هیچ نییە. خاشاکی سەر ڕووبارەکەیە. رۆحت بەردامە خوارەوە، ژنان.... تەماشای بکە؟

**سیسیلا:**

دەمانچەکەت دوور بخەرەوە.

**ئەمانۆئێل:**

(دەمانچەکەی دەخاتەوە کیفەکەی). بەڕاستی پێت وابوو کە ئەوە....

**سیسیلا:**

بەڵێ وابوو. بەڵێ تەواو لێی ترسام.

**ئەمانۆئێل:**

بەڵام ئەوە هیچ نییە.

(بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە تەماشای یەکتر دەکەن).

ئەو نەبوو، بەخۆت بڵێ کە ئەوە زیۆ نەبوو.

**سیسیلا:**

ئەو... نەبوو.

**ئەمانۆئێل:**

بڵێ؛ زیۆ هەرگیز ناگەڕێتەوە.

(وچانێک). بڵێ؛ زیۆ هەرگیز ناگەڕێتەوە.

(وچانێک). دەنا من دەڕۆم.

(ئەمانۆئێل دەڕوات، سیسیلا شوێنی دەکەوێت. ئەمانوئێل ئاوڕی لێ دەداتەوە).

بڕۆ لەسەر ڕووبارەکە لەگەڵیدا بمێنەرەوە. ئیتر هەرگیز...

جارێکی تر لە من نزیک نەکەویتەوە.

**سیسیلا:**

ناتوانم تەنیا بم، دەنا خۆم دەکوژم.

**ئەمانۆئێل:**

من دەچمەوە بۆ شارەکەی خۆم، لەوێ ژنێک دەدۆزمەوە کە پاک و خاوێن بێ، ژنێک کە قەت جلوبەرگی لە ناو کانی و ڕووباردا نەشۆردبێ.

ژنە جووتیاریش نەبێ.

**سیسیلا:**

من خۆم دەکوژم.



**ئەمانۆئێل:**

جا کوا خۆت بکوژی و بەتەواوی لە کۆڵم بیتەوە. دەی خۆت بکوژە.

## دیمەنی بیستەم

(کاپتن لەسەر شانۆ بە تەنیا دەبینرێ و قسە بۆ کۆمەڵێ لە ژنانی گوندەکە دەکات، بێجگە لە فیدیلا، منداڵەکە لە باوەشیایەتی و لەلایەکی تری شانۆوە تەماشا دەکات، ئالێکسسیش لە تەنیشتییەوە ڕاوەستاوە).

**کاپتن:**

کاتێ من گەیشتمە ئێرە بۆ کاماچۆ پێم وابوو... هەردوو لامان پەیڕەوی لەو ڕێکەوتنە بکەین کە لە نێوانماندا بوو. من بتوانم ئەو ئەرکەی لەسەرشانمە بەوپەڕی هێمنی و جڵەوگیرییەوە ڕاپەڕێنم و ئێوەش خۆتان لەسەر ئەوە ڕابهێنن کە بەرەو ژیانێکی باشتر بڕوانن.

من لەلایەنی خۆمەوە دڵسۆزانە درێژەم بە پەیمانەکەی خۆم دا و ئێوەش لە ئاستیدا بێ وەفا بوون. ئێوە خۆتان بە نمایشێکەوە سەرقاڵ کردبوو کە پیاو تێیدا شەرمەزار دەبوو، هەر بۆ ئەوەی منی پێ لەکەدار بکەن... بەڵام ئێمە پێکەوە گرێ دراوین. هەر لە پێناوی ئەو داهاتووە پڕشنگدارەشدا دەمەوێ ئەوەتان بۆ بسەلمێنم کە دەکرێ لە دوژمنەکەت خۆش بی و نیازپاکی خۆشتی نیشان بدەی. ئاسوودەم کە لە ژێر ناوی لێبووردنی گشتیدا یەکەم بەندکراو ئازاد بکەم. بڕوانن، ئەو کەسەی کە لاشەی مردوو فڕێ دەداتە ناو ڕووبارەکەوە، تەنیا بۆی دەکرێ

لاشەی مردووتان بداتێ. بەڵام من دەتوانم پیاوانی زرپ و زیندووتان پێ ببەخشمەوە.

(چەپڵەیەک لێ دەدات. بێدەنگییەکی تەواو... ژنەکان هەموو هەناسەیان لەبەر خۆ بڕیوە. دوو سەرباز پیاوێکی چەماوەی لەڕ و لاوازیان لەگەڵ خۆ هێناوە و بەرانبەر ژنەکان ڕای دەگرن، پیاوەکە بەهیچ جۆرێ سەری بەرز ناکاتەوە. بێدەنگییەکی درێژ، هیچ یەکێک لە ژنەکان جووڵە ناکەن، هەموو لە پیاوەکە دەڕوانن، لەوە دەکات بیناسنەوە یان بترسن لەوەی هەستی خۆیان دەربڕن).

**کاپتن:**

(قوڕگی پاک دەکاتەوە) سۆفیا فۆنتس، لەم دوا نیوەڕۆیەدا بە ئالۆنسۆ فۆنتسی کوڕتان شاد دەبنەوە.

## دیمەنی بیست و یەک

(ڕۆشنایی دەگۆڕێ و بێجگە لە ژنانی فۆنتس کەسێکی دی لەوێدا نامێنێ، ماڵی فۆنتسە یانینا منداڵەکە لە فیدیلا وەردەگرێ).

**یانینا:**

پیاوە بچکۆلە و سەنگینەکەم دەگەڕێتەوە ماڵێ. من هەر پێم دەگوتی کە دێتەوە. باوکت هێندەی درەختێک بالای بەرزە، بەڵام لێی مەترسە.

**ئالێکساندرا:**

دەبێ دەستوبرد بکەین، هاکە گەیشتەوە ماڵێ.



(ئالێکساندرا منداڵەکە لە یانینا وەردەگرێ و دەیدات بە ئالێکسس کە لەو کاتەی سۆفیا بە کەلوپەلی ئارایشتکردنەوە دێتە ژوورێ، ئەو دەڕواتە دەرێ. یانینا خۆی ڕووت دەکاتەوە و پۆشاکە ڕەشەکەی دادەکەنێ، تا ڕادەیەک ژنەکان دایان پۆشیوە و لە پێش چاوی بینەران شاردوویانەتەوە و سەرقاڵی ئەوەن بیشۆن).

**سۆفیا:**

ئاگات لە خۆت بێ سەرمات نەبێ.

(کاتێ لە شۆردنی دەبنەوە، سۆفیا بەتانییەک دەهێنی و یانینا دادەپۆشێ. ئەوان دەچنە دەرەوە، تەنیا فیدیلا و ئالێکساندرا لە حەوشەکەدا دەمێننەوە).

**فیدیلا:**

بۆچی ڕێگەیان بە باوکم نەداوە بێتەوە و کەچی ئالۆنسۆیان ئازاد کردووە.

(وچانێک) . دایە تۆ بەو ئاسوودەییەی یانی، شادی؟

**ئالێکساندرا:**

(زەردەیەک دەیگرێ) ئای فیدیلا. تۆ بۆچی هەمیشە ئەو جۆرە..... پرسیارە دژوارانەم لێ دەکەی؟ وەرە نزیکەوە.

(دایک و کچ لە یەکدی ورد دەبنەوە).

**ئالێکساندرا:**

باوکیشت وەک تۆ وابوو، پرسیاری دژواری لێ دەورووژاندم. ئێوە هەردووکتان هەر سەرئێشەن. کاتێ ژنەکان سەرقاڵی ئەوە بوون بیناسنەوە... بۆ ساتێک خۆزگەم دەخواست باوکت بێ،

بۆ من وەک فریادڕەسێک بوو. لێم تێ دەگەی؟

**فیدیلا:**

بەڵێ دایە.

**ئالێکساندرا:**

تۆ کیژۆڵەیەکی زرنگیت. نازانم چۆنت بۆ باس بکەم کە چۆن مردم و زیندوو بوومەوە.

(یانینا لە ئاستانەی دەرگەکەوە بە کراسێکی ڕازاوەوە دەردەکەوێ و ئالێکساندرا لێی دەڕوانێ).

**ئالێکساندرا:**

(پاش وچانێکی کورت) لە کوێ؟ ئەوەت لە کوێ...

**یانینا:**

ئەو کاتەی کە سکم هەبوو ئالۆنسۆ چوو بۆ شار و لەوێ ئەم کراسەی بۆ هێنام. وتی پێم خۆشە ئەوەم لە یاد بێ کە لەو دەمەی بەسەر سکەکەتەوە دەئاوسێی و دوای ئەوەش کە منداڵەکەت دەبێ چۆن دەنوێنی. ئیتر ئەوە بوو کە ئەو... بەرلەوەی منداڵەکەم بێ دیار نەما و.... منیش لەبەرم نەکرد.

لەبەرمدا جوانە؟

**ئالێکساندرا:**

هەر زۆر جوانی... بەو کراسەوە زۆر ناسک دەنوێنی.

**یانینا:**

پێم بڵێ چەند ناسک؟

**ئالێکساندرا:**

هەر ئەوەندەی دنیایەک.



**یانینا:**

ئۆی ئالێکسی. ئالێکسی من بۆ تۆ زۆر داخدارم.

**ئالێکساندرا:**

باسی هیچ مەکە.

**یانینا:**

بۆنم ناخۆش نییە؟

**ئالێکساندرا:**

ئممم. بۆنی گوڵت لێ دێ.. ئممم.

**یانینا:**

ئەو بۆنەی شەوی بووکێنیم.

**ئالێکساندرا:**

ئەو شەوەی بووکێنیت بۆنی شەرابی هەرزانت لێ دەهات.

(ئالێکسس بە منداڵەکەوە بەرەو حەوشەکە دێ).

**یانینا:**

ئۆی ئەو شەوە زۆر سەرخۆش بووم....

(هەردووکیان پێ دەکەنن و لە پڕ شەرم دەیانگرێ. ئالۆنسۆ بەرەو حەوشەکە دێ. ژنەکان ئاگایان لێ نییە. ئالێکسس دەیبینێ، بۆ تاوێک تەماشای ئالۆنسۆ دەکات).

**ئالێکسس:**

دایە...؟ دایە... ئەو...

( یانینا و ئالێکساندرا ئاوڕ دەدەنەوە. چرکەساتێکی تەزێنەر و دواتر یانینا بەرەو لای ئالۆنسۆ ڕادەکا و هەردووکیان شەرم

دایان دەگرێت.  سۆفیا و فیدیلا لە ژوورەکەوە دێنە دەرێ).

**سۆفیا:**

شۆربایەکمان لێ نا، زۆرتان....

(سۆفیا و ئالۆنسۆ لەیەک دەڕوانن.

لە پشتیانەوە ژنەکانی دۆڵەکە کۆ دەبنەوە).

**یانینا:**

سۆفیا؟ سۆفیا وەرە پێشەوە، ئەوە کوڕەکەتە، لێی بڕوانە چەندێ لاواز بووە. سۆفیا پێوەی دیارە، زۆر لاواز بووە و ڕەنگی پێوە نەماوە.

**سۆفیا:**

ئەوە کوڕەکەی من نییە.

**یانینا:**

ئەوە تۆ باسی چی دەکەی، بێگومان خۆیەتی، ئەوە....

**سۆفیا:**

بەڵێ جەستەی ئەوە بەڵام خۆی نییە.

**یانینا:**

ئای خوایە ئەو ژنە بەتەواوی مێشکی لەدەست داوە.

ئالێکساندرا، پێی بڵێ کە..

**سۆفیا:**

ڕۆحی لە کوێیە؟ لێی بپرسن کە چییان لە ڕۆحی کردووە؟

ڕۆحی وا لای ئەوانی تره . لێی بپرسن ئەوانەی تر لە کوێن؟

لێی بپرسن ئەم چی کردووە... وا ڕێگەیان داوە جەستەی خۆی



دەرباز بکات؟ چیت کردووە کوڕەکەم؟ کێ وای لێ کردی پاکانە بکەی؟

**یانینا:**

ئای خوا ئەم ژنە... سۆفیا لە شوێنی خۆت ڕابوەستە. ئەوە ئالۆنسۆی جگەرگۆشەتە، ئەو... ئەو بەهیچ جۆرێ تێکەڵ بەسیاسەت نەبووە و هیچ هەڵەیەکیشی نەکردووە تا پاکانەی لێ بکات، ئەو هیچ شتێک نازانێ.

ئالۆنسۆ بەدایکت بڵێ کە تۆ بۆ خۆشت نازانی ئەو باسی چی دەکا و لە چی دەدوێ، پێی بڵێ....

(بەرەو لای ئالێکسس دەڕوا و منداڵەکەی لێ وەردەگرێ).

ئەوە کوڕەکەتە، لێی بڕوانە، ئەوە...

**ئالۆنسۆ:**

من.... بەڵێ. من....

**یانینا:**

وەرە ژوورێ، وەرە ژوورێ، پێویست ناکات کە....

ئالۆنسۆ بە هێواشی دادەنیشێ و سەری دادەنەوێنێ.

**ئالۆنسۆ:**

بە پارچە پەڕۆیەک چاوت دەبەستنەوە و لە ژوورێکت دەهاوێژن. نازانی بۆ کوێت دەبەن و بە چەند پلیکانەیەکدا شۆڕت دەکەنەوە بۆ خوارێ. سی و یەک پلیکانە و دەتکەن بە ئاودەستێکدا و چل و چوارەمین پلیکانەش ژووری ئەشکەنجەدانە. ئەگەر شەست پلیکانەش بتبەنە خوارێ ئیتر ئەوە دوا جێگەیە و شوێنێکی تر

نامـێنێ کـە بتـبـەن. هەمـوو ڕۆژێک لێت دووبارە دەکـەنەوە کـە ناوێک بڵێی... منیش... ئەمجا داوات لێ دەکەن ناوی زیاتریان پێ بڵێی... منیش هەرچی ناوێکم زانی......

(بۆ یانینا) ناوی تۆش.

**یانینا:**

(بە بڕوا بەخـۆبوونەوە) هـەرچییـەکت کـردووە بۆ ئەوە بووە کـە ژیانی خۆت ڕزگار بکەی. بەلامەوە گرینگ نییە چیت کردووە.

**ئالێکساندرا:**

ئایا... ئەمیلینۆ لە کوێیە؟ ئایا تۆ...

(ئالۆنسـۆ هەڵدەسـتێ و خـولێک دەخـوات، تەمـاشـای ژنەکـانی دەوروپشتی خۆی دەکات).

**ئالۆنسۆ**:

من ئـەوم نەدیـوە. من کـــەسم نەدیـوە. لەو ڕۆژەوە کـــە بردیـانین لێکیـان جیـا کـردینەوە و ئیـتر من کەسـم نەدیوە. هەریەکەی لە شوێنێکیان توند کردین و ئیتر لەو دەمەوە من کەسم نەدیوە.

(سـۆفـیـا بەرەو لای ئالۆنسـۆ دەڕوات، دەسـتـی دەگرێ و مـاچی دەکات.

زۆر بە هێـواشی بە لایلایەیەکی بێ وشـە دەیلاوێنێـتــەوە. کـە تەواو دەبێ دەستی بەرەڵا دەکا و ڕووی وەردەگێڕێت).

**سۆفیا:**

( یانی، ئالۆنسۆ ماندووە. بڕۆ خواردنی بەرێ و بینوێنە.

سـۆفـیـا دەڕواتە ژوورەوە. کـورسـیـیـەکی چۆڵ دەبیـنێ ڕۆشن دەبێتەوە. دەڕوات بەرەو لای).



**یانینا:**

(بۆ هەموو ژنەکان) هەرچییەکی کردبێ.

(سۆفیا بە کورسییەکەی ئەمیلینۆوە دەگەڕێتەوە).

**ئالێکساندرا:**

ئەوە کـورسـییـەکـەی ئەمـیلینـۆیە. کورسیـی مێردەکەم بۆ کوێ دەبەی؟

**سۆفیا:**

بۆ سەر ڕووبارەکە.

**ئالێکساندرا:**

بۆچی؟

**سۆفیا:**

تۆ خـۆت دەزانی بۆچی؟ ئالێکسـاندرای داماو، بەهێـز بە و دان بە خـۆتدا بگرە. هەمـوو نێـرینـەکانمـیـان بۆ ڕەوانە کـردمـەوە. دووانیـان بە ڕووبارەکـەیدا بۆ ناردمـەوە. سـێـیـەمـیـان لە تووڵە ڕێگەوە. هـەر هـەموویان بـە مـردوویی بـۆ هێنامـەوە. ئێـسـتـاش دەچمەوە سەر ڕووبارەکە تا چاوەڕوانی دوایەمینیان بکەم.

### دیمەنی بیست و دوو

(سۆفیا بە خۆی و کورسییەکەوە لەسەر ڕووبارەکەیە. تریساش کورسییەک بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت).

**سۆفیا:**

چی دەکەی لێرە؟

**تریسا:**

منیش هاتووم چاوەڕێ دەکەم.

**سۆفیا:**

ئەوە کورسیی کێیە؟

**تریسا:**

کورسیی براکەمە.

**سۆفیا:**

کورسیی سیبا؟

**تریسا:**

نا هی فرناندۆیە.

**سۆفیا:**

ئەمشەو سارد و تووشە، سەرمات دەبێ.

**تریسا:**

خۆ من لە تۆ زیاتر نیم.

**سۆفیا:**

ئاگرێ بکەرەوە، ئێمە هەردووکمان پیرین.

**تریسا:**

چیلکە و چەوێڵی لێ نییە.

(تەماشای کورسییەکان دەکەن، تریسا ئەوەی خۆی گڕ تێبەر دەدات. هەروەها سۆفیاش).

**تریسا:**

ئاگرێکی خۆشە، گڕ و تینی پێ بەخشیمەوە.



**سۆفیا:**

دوو کورسی هیچ نییە بۆ سووتان.

**تریسا:**

خەمت نەبێ دنیایەک کورسیی تریش وان بەڕێوە.

## دیمەنی بیست و سێ

(ئەمانۆئێل لای کاستۆریایە، دوو قەنەفەی چەرمی گەورەی قۆڵدار ڕوویان لە شانۆیە و دووکەڵی جگەرەیان لێوە بەرز دەبێتەوە، بۆ ماوەیەک قەنەفەکان وەک ئەوە وایە کەسی لەسەر دانەنیشتبن. فیلیپ و براکەی لەوێن، فیلیپ دەبینرێ بەڵام براکەی بە نهێنی دەمێنێتەوە و بە تۆنێکی دەنگی دەدوێ کە تا ڕادەیەک دەنگێکی ئامێر ئاسای گڕی هەیە. ئەمانۆئێل بەوپەڕی شەرمەوە لە نزیک بیاترێسەوە دانیشتووە.

لەو لایانەوە فیلیپ دادەنیشێ و تەماشای دەرەوە دەکات).

**فلیپ کاستۆریا:**

بە کاپتنەکەت بڵێ من تەواو هەست بە دڵنیایی ناکەم.

**ئەمانۆئێل:**

بەڵێ، بەڕێز کاستۆریا.

**فلیپ کاستۆریا:**

دوو لاشە و ژمارەیەکی بێ شومار بێوەژن. مەبەستم ئەوەیە ئەم بارودۆخە تاکەی ئاوا درێژە دەکێشێ؟ ئەم سیاسەتە تا کەی ئاوا بەردەوام دەبێ، ئەمە چۆن وا دەبێ؟ ئەمە بە قسە و گفتی کێ نیزام ئاوا دەگەڕێنرێتەوە؟ ئەمانۆئێل، تۆ دڵنیای

لەوەی کە هیچ ناخۆیتەوە؟

**ئەمانۆئێل:**

نا زۆر سوپاستان دەکەم کاستۆریای بەڕێز.

**بیاترێس کاستۆریا:**

ئەمانۆئێل لەوە دەکات لەوێ خواردنت نەدەنێ، زۆر لاواز بووی.

**فلیپ کاستۆریا:**

بیاتریس کوڕەکە بۆ خۆی هەر وا لاواز بووە.

**بیاترێس کاستۆریا:**

من هەرگیز لە بەڕێز کاستۆریا خۆش نابم کە ئاوا تۆی بۆ سەربازی ڕەوانە کرد.

**ئەمانۆئێل:**

سوپاسگوزارتانم خاتوو بیاترێس.

**بیاترێس کاستۆریا:**

ئەو خەڵکانەی کە ئیستا بەردەستیمان دەکەن بەئێمە بێگانەن. خۆشیم پێیان نایە. بۆچی ناگەڕێیتەوە بۆ لامان؟

**فلیپ کاستۆریا:**

ئەم بەکەڵکم دێ، ئەوانی تر کۆمەڵێ گەمژەن.

**ئەمانۆئێل:**

سوپاسگوزارتانم بەڕێز کاستۆریا.

**فلیپ کاستۆریا:**

(لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و دەجووڵێ) پێم وایە ئەم هەرا و گێرەشێوێنییە هەمووی بەهۆی ئەو کاپتنەی تۆوە بێت.



براکەشم هەمان ڕای هەیە. (ئاماژە بۆ کورسییەکە دەکات) پێم خۆشە ئەوە لە کاپتنەکەت بگەیەنی.

**ئەمانۆئێل:**

بەڕێز کاستۆریا، منیش پێم وایە، کە تەنیا هەر ئەو هەوڵ دەدا....

**براکەی کاستۆریا:**

خەمساردە.

**ئەمانۆئێل:**

" لێی تێ ناگات " بمبەخشە. بەیارمەتی دەکرێ، بەڵام من...

(براکەی کاستۆریا). فلیپ، تێی بگەیەنە با بە کاپتنەی بڵێ کە زۆر خەمساردە. هەشت ساڵ لە کاری سەخت و بێ بڕانەوە لە شەوێکدا بە با چوو، بۆ خۆت دەزانی، لەوەوبەر دەهاتن و هەروەک پیشەی خۆیان بە پەرژینەکەدا هەڵدەگەڕان و پەنجەیان لە خاکی ئێمە گیر دەکرد.

ئەگەر هێشتا دەرسیان وەرنەگرتووە، چەند کەسێکیان لێ بکوژە. خوا پشت و پەنامان بێ، هێزە سەربازییەکەی پێشتر هەرکە دەستیان بەکار کرد چاپووک و بە زەبروزەنگ بوون. ئەمە لابەن. کەسێکی تری لە شوێنی دانێن. ئەو کارە بخەنە ئەستۆی ئەو کوڕەی کە لێرەیە. کەسێک کە پەنجەکانیان ببڕێتەوە. ئەوە خەریکە دەبێ بە چوار هەفتە. کۆتایی بەم هەرایە بهێنن. ئەوەی تێ بگەیەنە فلیپ.

**فلیپ کاستۆریا:**

بەڵێ، زۆر باشە...

**براکەی کاستۆریا:**

میدیای جیهانی هیچ و پووچ چییە؟ بڵێ با لاپەڕە پەنجای ڕۆژنامەی پاش نیوەڕوان بسووتێنن. ئەوان نایەنەوێ ئەو تووڕەهاتە بخوێننەوە. دەیانەوێ دەربارەی ئەو کیژۆڵە ئەمریکییە ناسک و جوانانە بخوێننەوە ... ئەوانەی تەکساس! پێ دەکەنێ، بە وتنی تەکساس گەشکە دەیگرێ.

تەکساس!

**بیاتریس کاستۆریا:**

من سەرسامم بەو کاپتنە.

(براکەی کاستۆریا). فلیپ، ئەوە دیسانەوە دەستی پێکردەوە...

**بیاتریس کاستۆریا:**

ئەو ژنانە داوای چییان کردووە؟ تەنیا لاشەی مێردەکانیان دەوێتەوە؟

**فلیپ کاستۆریا:**

بیاتریس بە یارمەتیی خۆت.

**بیاتریس کاستۆریا:**

ئەوەی داوای دەکەن بۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوە هەقێکی ئاینیی خۆیانە.

**فلیپ کاستۆریا:**

خاتوو کاستۆریا کەمێک تووڕەیە، ئەمانۆئێل، ئەم ژنە....

**بیاتریس کاستۆریا:**

بۆچی هەر کاتێ من و تۆ لەسەر شتێک نەگونجێین پێم دەڵێی تووڕەیە؟ من تووڕە نیم. من دەترسێم.



دەزانی ئەمانۆئێل بە ڕێکەوت گوێم لە خزمەتکارەکان بوو لە ناندینەکە باسی چییان دەکرد؟

**فلیپ کاستۆریا:**

ئۆهـ... باسی ئەوە مەکە.

**بیاتریس کاستۆریا:**

دەربارەی ژنەکانی سەر رووبارەکە دەدوان، باسی ئەوەیان دەکرد کە گوایە گوێییان لێ بووە، کە دەڵێن مردووەکان دەچنە هەموو شوێنێکەوە، تەنانەت بۆ ئێرەش دێن، بۆ ناو ئەم مۆڵک و ماڵەی ئێمەش دێن، دەچنە ناو هەموو کێڵگەکانەوە بۆ ناو هەموو باخی میوەکان.

**فلیپ کاستۆریا:**

(لاسایی دەنگیی خێو دەکاتەوە) هۆۆۆۆۆۆۆۆۆ...

**بیاتریس کاستۆریا:**

فلیپ، دەمت داخە. بە چرپە دەدوێن، من گوێم لێیانە. هەروەها دەیانگوت.... کە ئەو لاشانە شێواون و ڕوخساریان تێک چووە....

**فلیپ کاستۆریا:**

بیاتریس، تکات لێ دەکەم ئەو قسانە خۆش نین.

**بیاتریس کاستۆریا:**

هەروەها لە شەودا.. دەیانگوت گوایە بۆ خۆیان بینیویانن کە هاتوچۆ دەکەن، ترسناکن. کەس ناتوانێ هیچیان لێ بکات لەبەرئەوەی هیچ لەگەڵ مردوواندا ناکرێت.

(براکەی کاستۆریا) پێ دەکەنێ.

**بیاتریس کاستۆریا:**

بەڵێ ژنە خزمەتکارەکە گوتی؛ کەس ناتوانێ بەر بە مردوو بگرێ. دوو شەویش لەمەوبەر، فلیپ من ئەوەم بۆ باس نەکردووی بەڵام، لە خەوێکی زۆر ناخۆش بە ئاگا هاتم و چوومە خوارەوە بۆ ژێرزەمینەکە، خزمەتکارەکان، دەرگە و پەنجەرەکانیان هەموو خستبووە سەر گازەرای پشت. هەموو شتێکیان بە کراوەیی بە جێ هێشتبوو بۆ ئەوەی کە مردووەکان بتوانن بە ئاسانی بێنە ژوورێ.

**فلیپ کاستۆریا:**

(بەرەو لای بیاتریس دەڕوات) ئیتر بیبڕەوە... دەبینی ئەمانۆئێل، لەبەرئەوەیە کە ژنان ناتوانن ببنە سەربازی باش. لەبەرئەوەیە کە دەبێ کۆتاییەک بۆ ئەو بارودۆخە دابنرێ. دەمەوێ بە فەرماندارەکەت بڵێی کە ئیدی لەوە زیاتر بەرگە ناگیرێ.

**ئەمانۆئێل:**

بەسەرچاو گەورەم.

**فلیپ کاستۆریا:**

یاوەخود ناچار دەبم پیاوەکانی خۆم بخەمە کار. تێگەیشتی؟

**ئەمانۆئێل:**

بەڵێ گەورەم تێگەیشتم، دڵنیابە کە کاپتنیش لەوە تێ دەگەیەنم.
(ئەفسەر دێتە ژوورێ).

**ئەفسەر:**

ئەمانۆئێل، پێم وایە کاپتن خەریکە لە هەموو شتەکان تێ بگات.



(براکە یکاستۆریا). ئاهـ.. ئەی فریادڕەسی ئێمە، ئەم بەیانییە تەلەفۆنم بۆ باوکی ئێوە کرد.
(لەودیوی ئەو دیمەنەوە، ژنەکانی تر دەبینین چوونەتە پاڵ سۆفیا و ئەو ژنەی تر کە بۆ یەکەم جار لە کەناری ڕووبارەکە بوو. هەموو کورسیی تەختەیان پێیە).

**بیاتریس کاستۆریا:**

فلیپ، بڕوانە، دۆڵەکە دووکەڵی لێ هەڵدەسێ.

**ئەفسەر:**

بەڵێ، ژنەکانن، هەر سی و شەش بێوەژنەکە پێکەوە ئاگریان کردووەتەوە. لەڕاستیدا یەکێکیان لێ کەم بووەتەوە. ئەم بەیانییە خۆی لە ڕووبارەکەدا خنکاندووە. (بۆ ئەمانۆئێل) پێم وابێ ئەو یەکەیان بێ کە تۆ دەیناسیت.
(ئەمانۆئێل ڕووی بەرەو ئەفسەر وەردەگێڕێ. هەردووکیان لەیەک دەڕوانن).

**فلیپ کاستۆریا:**

(تەماشای ئاگرەکە دەکات) ئەو کارەساتە چییە ڕوو دەدات؟

**ئەفسەر:**

هەر هەموو ژنانی گوندەکە کورسییەکانیان دەسووتێنن.
(براکەی کاستۆریا). هەر ئەوەندەی دەستیان بە ئاگر گەیشت...

**فلیپ کاستۆریا:**

ئەوە دەستیان پێی گەیشت. کاتی ئەوە هاتووە بەدەستی خۆم ئاوێ بکەم بەم ئاگرەیا.

**ئەفسەر:**

نا خۆت ماندوو مەکە، من ئەم کاپتنە دەناسم، ئەویش خەریکە سەبری نامێنێ.

## دیمەنی بیست و چوار

(کاپتن و ئەفسەر لە ژووری کاپتن پێکەوە دەبینرێن).

**ئەفسەر:**

ئاگرێکی ترسناکە، لەوپەڕی دنیاوە دەبینرێ. هەرکەسێ ئەو ئاگرە ببینێ سەری دەسوڕمێ لەوەی کە کێ کاروباری کاماچۆ بەڕێوە دەبات؟

(وچانێکی کورت).

**کاپتن:**

ئەوانە چییان دەوێ؟ ئەوە بوو من دیلێکم.... ئەوەشم نیشان دان کە هەندێک لە پیاوەکانیان ئازاد دەکەین، بەڵام ئەوان... دیارە خۆشییان بە مردوو دێ. لێم دەپاڕێنەوە کە پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی دەمانچەکەم دابگرم.

**ئەفسەر:**

نەک هەر یەک کەسیان، یان هەندێکیان، بگرە دەیانەوێ هەموو مێردەکانیان بۆ ئازاد بکەی.

**کاپتن:**

هەموو، بەڵام ئەوە مەحاڵە.

**ئەفسەر:**

مەحاڵە، هەر ئەوەندە هەبوو.



**کاپتن:**

چۆن؟

**ئەفسەر:**

هەر ئەوەندە هەبوو. ئەوان بۆ خۆیان وا ڕادەگەیەنن.

**کاپتن:**

هەر ئەوەندە چی.

**ئەفسەر:**

لێیان بپرسە.. هەر ئەوەندە هەبوو.

**کاپتن:**

تۆ دەبێ زۆر بەوە ئاسوودە بی.

**ئەفسەر:**

ئاسوودە بم؟

**کاپتن:**

باشە، تۆ گرەوەکەت بردەوە. ئێستاش ئەوەی ئارەزووت دەکرد وا بۆت هاتووەتە دی، دەست لەکارکێشانەوەکەم، ئامانجەکانیشت، کە لەوانەیە بەسەدان بن. خوێنڕشتن و چێژ بینین.

**ئەفسەر:**

چێژ بینین؟ کاپتن ئەوە دادپەروەری نییە. تۆ پێت وایە من چێژ لەوە دەبینم؟ ئەو منداڵەی ئەو ڕۆژە دەڵێی؟ پێت وایە من خۆشیم لەوە بینیوە؟

**کاپتن:**

خۆشیت لێ نەبینی؟

**ئەفسەر:**

من برایەکم هەیە کتومت لە تەمەنی ئەودایە. تۆ زۆر تێکۆشاوی بۆ ئەوەی ژیانیان پڕکەی لە خۆشگوزەرانی. سەرەڕای ئەوەی دەبێ بەدەست چاکەخوازی تۆوە بنالێنن. هەرچییەک دڵیان ئارەزوو بکا بۆیان دابین کراوە، من بەزەییم بەو خەڵکەیا دێتەوە.

**کاپتن:**

قەشمەریم پێ دەکەی؟

**ئەفسەر:**

کاپتن من و تۆ یەک بەرگمان پۆشیوە.

**کاپتن:**

مەبەستت ئەوەیە ئامادەی لەگەڵمدا پاشەڵت تەڕ بێ.

**ئەفسەر:**

مەبەستم ئەوەیە ئێمە لەیەک بەرەبابین. لێم تێ دەگەی. مەبەستم لەوەیە کە من و تۆ هەردووکمان برای یەکین، ئەگەر هەڵەیەکیش ڕوو بدات ئەوا هەردووکمان پێکەوە باجەکەی دەدەین.

(وچانێکی کورت).

من ئامادەم بۆ هەموو فەرمایشتێکی ئێوە.

(وچانێکی کورت).

**کاپتن:**

لەوانەیە کە... لەوانەیە کە... من لەگەڵتان خراپ جووڵابێتمەوە.

(وچانێکی کورت).



هەر ئێستا ئەو فۆنتسە پیرەم بەرەو بەندیخانە بۆ ڕاپێچ بکەن.

**ئەفسەر:**

داوا دەکەم لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدرێ.

**کاپتن:**

ئەو پیرێژنە بەند بکەن کە پێشرەویی ئەو یاخیبوونە دەکات.

**ئەفسەر:**

ئەوەت لە یاد بێ کە ئاگرەکە پەرە دەسەنێ و ئەم دۆڵە و ئەم وڵاتەش پڕن لە کورسیی کۆن و بێ کەڵک کە چاوەڕێی سووتان دەکەن.

خەڵکانێکی بێ شوماریش تەماشا دەکەن.

**کاپتن:**

تەماشای من دەکەن.

**ئەفسەر:**

تەماشای ئێمە دەکەن.

**کاپتن:**

سوپاست دەکەم. پێ موابێ من و تۆ دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا دانیشتنێکی پڕ ئاهەنگ و خۆشی لە شاردا ساز بکەین، یەک دوو ئافرەتی جوانیشمان لە نزیکەوە بێ. ژنەکانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دزێون.

**ئەفسەر:**

بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشیش کەللەڕەقن. " هەردووکیان پێ دەکەنن " لە دواجاردا، هیچ چارەسەرێک لەگەڵ ئەم ژنانەدا کەڵکی نییە. ئەم پیرێژنە شێتە.

**کاپتن:**

من بۆ خۆم دەزانم چۆن لەگەڵیدا قسە دەکەم. پیشانی دەدەم چارەسەری سەد دەر سەد چۆن دەبێ. من پشتی دەشکێنم.

**ئەفسەر:**

ئەوا من دەچم دەیهێنم.

**کاپتن:**

کە چوویت بۆ ئەوێ کوڕەزاکەشیم لەگەڵ خۆتدا بۆ بهێنە.

(وچانێکی کورت).

ئەگەر ناتەوێ ئەو منداڵەم بۆ بهێنی ئەمانۆئێلی بۆ ڕەوانە دەکەم.

**ئەفسەر:**

کاپتن.. ئەوە ڕاگرتنی دڵی بەرانبەرە.

(وچانێکی کورت).

**کاپتن:**

هیچ نییە. دایکێکی میهرەبانم هەیە.

هەر لە منداڵیمەوە فێری ئەوەی کردووم کە برای خۆم بپارێزم.

**ئەفسەر:**

هەروەها منیش.

## دیمەنی بیست و پێنج

(ماڵی فۆنتسە، کەلوپەلی ماڵەکە لێرە و لەوێ لە حەوشەکەدا فڕێ دراون. فیدیلا لەسەر پارچە بەردێک دانیشتووە، ئالۆنسۆ لەسەر پلیکانەی دەم دەرگاکە دانیشتووە و منداڵەکەی لە



باوەش گرتووە. یانینا بەپێوە ڕاوەستاوە و لەو وێرانەیە دەڕوانێ، بەرەو لای ئالۆنسۆ دەڕوا و باوەش بەسەریدا دەکات و بە هێواشی پیایدا دەکێشێ و زۆر بە ناسکی منداڵەکەی لێ وەردەگرێ. ئالۆنسۆ بە کپی دەگری.

یانینا منداڵەکە بەرەو ناو حەوشەکە دەبات.

ئەلێکساندرا بە هەناسەسوارییەوە دێتە ژوورێ و سەروقژی ژاکاوە و جلەکانی لەبەر خۆیدا دادڕاندووە و ڕوخساری خوێناوییە).

**ئەلێکساندرا:**

ئیتر جارێکی تر نایبینمەوە.

**یانینا:**

دەمت بشکێ. خەمت نەبێ، هیچی لێ ناکەن. ئەو... فیدیلا؟

(فیدیلا لە شوێنی خۆی ناجووڵێ).

**ئەلێکساندرا:**

فیدیلا، یانینا لەگەڵ تۆیەتی.

**یانینا:**

فیدیلا، مامت لەگەڵ خۆت ببەرە ژوورەوە. مامت...

دەیەوێ بچێتە ژورەوە.

(فیدیلا لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ. فیدیلا و ئالێکساندرا لە یەکدی دەڕوانن.

دواتر فیدیلا دەستی ئالۆنسۆ دەگرێ بەرەو ژوورەوەی دەبات).

**یانینا:**

تۆ تەواو شڵەژاوی.

**ئەلێکساندرا:**

منداڵەکە چۆنە؟

**یانینا:**

پێ دەکەنێ. کوڕەکەت بۆ دەهێننەوە. هەر هەموومان پێکەوە هەوڵ دەدەین.

کوڕەکەت بۆ دەهێننەوە، بڕوا مەکە هیچی لێ بکەن.

(ئالۆنسۆ دێتەوە دەرێ).

**ئالۆنسۆ:**

یانینا..؟

**یانینا:**

(هەڵدەستێ و بەرەو لای ئالۆنسۆ دەڕوات و لەگەڵ ئالێکساندرا دەدوێ)

ئەو پیاوانە کێ بوون کە ئاوایان لێ بەسەرهێنای، ئەوانە کێن کە دێنە ناو خەونەکانتەوە؟ کەی باجی ئەو ئازار و ئەشکەنجانەت دەدەنەوە؟ دەمەوێ شۆڕ ببمەوە بۆ ناو خەونەکانت و ئەو پیاوانە لەو تاریکییە کێش بکەمە دەرێ و بۆ دنیایان ئاشکرا بکەم. هەست بەجۆرە تووڕەبوونێکی سەیر دەکەم کە خەریکە دەمکوژێ.

فیدیلا دەردەکەوێ.

**ئەلێکساندرا:**

ئەو دەمەی کە ئەمیلینۆیان برد، پێم وابوو ئەگەر دان بە خۆمدا بگرم و بێدەنگ بم، ئەوا هیچی لێ ناکەن و ڕۆژێک بە ساخ و سەلامەتی دەیهێننەوە ماڵێ. ئیدی لەو دەمەوە وایان لێ



کردبووم کە هەموو ڕۆژێک بێدەنگ بێدەنگ شوێن جێ پێکانیان بکەوم. ئێمە هەمیشە نوقمی ئەندێشەی گەڕانەوەی ئەوان بووین و کەچی پەیتا پەیتا ڕۆژانە کەسانێکی تریان پەلکێش دەکرد. من دەمەوێ کوڕەکەم سەلامەت بێ، بەڵام... لە دواییدا هەر دەبێ کۆتاییەک بۆ ئەمانە هەبێ. ئەو مافانەمان بۆ بگەڕێننەوە کە لێیان زەوت کردووین. چ بە مردوویی بێ یان بە زیندوویی، پیاوەکانمان پێ بدەنەوە، ئەگەر کوژراویشن ئەوا بکوژەکانمان بدەنێ تا ڕاپێچی دادگەیان بکەین.

**یانینا:**

ئالۆنسۆ من دەچمە خوارێ بۆ سەر ڕووبارەکە تا لەوێ لەگەڵ ژنەکان بم.

**ئالۆنسۆ:**

یانینا...

**یانینا:**

ئەگەر کات بوار بدات، دەتوانم ئەوە چارەسەر بکەم، بەڵام ئێستا بوار نییە.

" بۆ فیدیلا " منداڵەکە لە باوەش بکە.

(یانینا بەرەو لای فیدیلا دەڕوات، کە هەنگاوێک دەگەڕێتە دواوە.

یانینا منداڵەکەی دەداتێ، دواتر کورسییەک هەڵدەگرێ کە لە حەوشەکەدا کەوتووە و دەڕواتە دەرێ).

**فیدیلا:**

دایە...؟

**ئالێکساندرا:**

منیش دەڕۆم.

**فیدیلا:**

دەمەوێ منیش لەگەڵتدا بێم.

**ئالێکساندرا:**

دەبێ کەسێک ئاگای لە منداڵەکە بێ.

**فیدیلا:**

ئالۆنسۆ چاوی لێ دەبێ.

**ئالێکساندرا:**

نا بڕوا ناکەم ئالۆنسۆ بتوانێ چاودێریی بکا.

**فیدیلا:**

خۆ ئەوە منداڵی من نییە. نازانم ئەگەر منداڵەکە وڕکی گرت چۆن ژیری بکەمەوە....

**ئالێکساندرا:**

خواردنی بدەرێ.

**فیدیلا:**

ئەی ئەگەر خواردن نەبوو؟

**ئالێکساندرا:**

قسەی بۆ بکە. حیکایەتی بۆ بگێڕەوە.

**فیدیلا:**

دایە تکات لێ دەکەم مەڕۆ.



**ئالێکساندرا:**

(لە جیاتی من لە ماڵەوە بە و ئەو منداڵەش لە باوەش بکە.
ئەو کورسییەی تر لەگەڵ خۆی دەبا کە لە باخەکەدا ماوە.
من دایکتم).
(ئالێکساندرا و یانینا قۆڵ دەکەن بە قۆڵی یەکا و لە باخەکە، بەرەو ڕووبارەکە دەڕۆنە دەرێ. فیدیلا تەماشایان دەکات).

دیمەنی بیست و شەش

(ژوورێکی زیندانە، کاپتن و ئەمانۆئێل و سۆفیا لەوێن. شوێنەکە تەواوێک تاریکە. گوێمان لە دەنگی تکەی ئاوە).

**کاپتن:**

بدوێ، دەی بدوێ، ئەی پیری خەڵەفاو. وا دەزانی ئەمە ئازایەتییە؟ پێت وایە هەموو کەس ئاگای لەوەیە لێرە چی ڕوو دەدات؟ لاشەی تۆ و لاشەی هەموو ئەوانەی تریش کە لەگەڵتان، دەخەمە پشتی گەلابەیەکەوە و دەتانبەم لە شوێنێکی دوور زیندەبەچاڵتان دەکەم کە هەرگیز خۆڵ و خاشاکیشتان نەدۆزرێتەوە. هەروەک ئەوەی کە نەبووبن.
ئەوە کۆتاییی هەمووتانە. ئاسەوارتان ناهێڵم. جا پێم بڵێ خۆت کۆتایی دەهێنی بەم هەلایەی کە ناوتەتەوە یان من کۆتاییی پێ بهێنم.
(بۆ ئەمانۆئێڵ) ئەو گلۆپە نەفرەتییانە هەڵبکە، وا دەزانی شەمشەمەکوێرەم. ئەو کوڕە بهێنە ژورەوە.
(سۆفیا دەشڵەژێ).

ئەمانۆئێل، بە قۆڵ بەستراوی و چاوی بەستراوەوە ئالێکسس دەهێنێتە ژوورەوە، کراسەکەی لەبەریدا دڕاوە و شانێکی لێوە دەرپەڕیوە).

**سۆفیا:**

ئەوە توڵفێکە.

**کاپتن:**

پیاوێکە بۆ خۆی. ئیتر لەوە گەورەتر نابێ.

(کاپتن دەست لە شانی ئالێکسس توند دەکات، کە لە کراسەکەیەوە دەرپەڕیوە، ئالێکسس دەقیژێنێ).

**سۆفیا:**

ئەو چ گوناهێکی کردووە.

**کاپتن:**

بەڵام ئەو تۆی هێنایە قسە. ئەم منداڵە بۆ من وەک موجیزە وایە.

(وچانێک).

بە ژنەکان بڵێ با بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. مل بۆ ئەوە دەدەی یان کوڕەزاکەت بنێرمەوە بۆ تاریکترین کونجی ناو ئەو چاڵە دۆزەخەی بەندیخانە، لەوەش دڵنیابە کە خوا پێی خۆش نییە کە.... گوێت لێمە؟ جارێکی تر ئەم منداڵە بە چاوی خۆت.... نابینیتەوە.

گوێت لێمە؟ ئەشکەنجەی دەدەین.

**ئالێکسس:**

داپیرە....؟



**سۆفیا:**

کاپتن، بۆ خۆت منداڵت نییە؟ بیکە بە خاتری منداڵەکانی خۆت. دەمەوێ بۆ ماوەیەک بە تەنیا لەگەڵی بم تا ماڵئاواییی لێ بکەم.

(وچانێک).

**کاپتن:**

ئای خوای گەورە..

تۆ شێتیت، ئەو کوڕە زیندووە و هەوڵ بدە ژیانی بکڕیتەوە.

هەست و سۆزت هەبێ....

(سۆفیا دەستی لەسەر دڵی ئالێکسس دادەنێ. وچانێک. کاپتن دەستی سۆفیا دوور دەخاتەوە). چیت بۆ بکەم تا بڕۆی بۆ سەر ڕووبارەکە و پەشیمانیان بکەیتەوە.

**سۆفیا:**

دەمانەوێ هەموو پیاوەکان بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆیان. هەر هەموویان. ئێوە هەموویانتان بە زیندوویی برد و ئێمەش هەموویانمان بە زیندوویی لە ئێوە دەوێتەوە. ئەگەر مردووشن ئەوا دەمانەوێ بەخاکیان بسپێرین.

**کاپتن:**

بەڵام من داوات لێ دەکەم کە....

**سۆفیا:**

دوای ئەوەش داوا دەکەین هەر لەسەر ڕووبارەکە، هەموو پیاوکوژان سزای خۆیان وەربگرن. ئەوە داوای هەر یەکێک لە ئێمەیە. داوای هەر هەموومانە.

(وچانێکی کورت).

**کاپتن:**

مەرگەساتی ئەم وڵاتە ئەوەیە... لە کاتێکدا کە نابێ وشک و برنگ بێتەوە. چاوەڕێی ئەوە دەکا بگەشێتەوە، دەیەوێ سەوز و پاراو بێ، بەڵام... کەس لەوە تێ ناگات کە دەبێ هەنگاو هەنگاو بچینە پێشەوە، هیچ شتێک لە چاوترووکانێکدا ڕوو نادات. ئەوەی بەرز بڕوانێ، نزم دەنیشێتەوە و هیچ بەدەست ناهێنێ تەنیا بەتاڵی نەبێ. ئەو منداڵە دەکرێ فێری خوێندەواری بکرێ. دەتوانێ دەنگ بدات. دەکرێ ببێتە... کەسێکی بەکەڵک بۆ نیشتمانەکەی. دەرگەکانی ژیان لە بەردەم هەر هاووڵاتییەکدا کراوەیە، ئەو ئەشکەنجە و مەرگە بەسوێیەی بۆ کوڕەزاکەتی دەخوازی، خەون و ئارەزووی تۆیە نەک هی من.

(کاپتن دەمانچەکەی دەردەهێنێ و لەسەری ئالێکسسی نزیک دەخاتەوە).

**کاپتن:**

داوای لێ بکە ژیانت بپارێزێ. پێی بڵێ، پێی بڵێ!

(چاوبەستەکە لە سەری ئالێکسس لادەبا. ئالێکسس چاوی دەنووقێنێ و سەنگینیی خۆی ون دەکات).

**ئالێکسس:**

داپیرە.

(بێدەنگی).

**سۆفیا:**

هەر تۆزێک بوارم بدە.

(وچانێک).





**کاپتن:**

تۆ چیم پێ دەبەخشی ئەگەر من کەمێک بوارت پێ بدەم.

**سۆفیا:**

لەوانەیە کەمێک ئارامی. لە دواجاردا پێویستت بەکەمێک ئارامییە.

**کاپتن:**

ئیدی من لەوە زیاتر داواکاریم لە تۆ نییە. هیچت نییە بە کوڕەزاکەتی بڵێی.

(میلی دەمانچەکەی ڕادەکێشێ).

**سۆفیا:**

دەتوانم دەستی لێوە بەم.

**کاپتن:**

بۆچی؟

**سۆفیا:**

تکات لێ دەکەم.

(وچانێکی کورت).

**کاپتن:**

تۆ ماندووم دەکەی، پیرێژن.

بە سەر ئاماژەی بۆ دەکات کە دەتوانێ دەستی لێوە بات. سۆفیا (بەرەو لای کوڕەزاکەی دەڕوات و جارێکی تر دەست دەخاتەوە سەر دڵی).

(ماوەیەک بەو جۆرە ڕادەبووری و لە پڕێکدا ڕۆشنایی دەگۆڕێت. سۆفیا و ئالێکسس پێکەوە بە تەنیا دەبینرێن).

**سۆفیا:**

دەتوانی گوێت لێم بێ؟

**ئالێکسس:**

بەڵێ.

**سۆفیا:**

پیـــاوە بچکۆلەکـــەم، ئەوان ناتوانن گـــوێمـــان لـێ بگرن. جگەرگـۆشـەکـەم من بۆم ناکـرێ ژیانـی تۆ بپـارێزم، لەوە تێ دەگەیت بۆچی؟

**ئالێکسس:**

تێ ناگەم.

**سۆفیا:**

لێم دەبووریت؟

(وچانێک).

**ئالێکسس:**

بەڵێ.

**سۆفیا:**

شتێکم هەیە پێتی ڕابگەیەنم. دنیایەک گوند هەن بۆ زیندووان و دنیـایەک گوندیش هـەن بۆ مـردووان، هەمـیشـەش ئابلـووقـەی ئێـمـەیان داوە. خـۆت بنووسـێنە بەو دیـوارەی کـە کـەوتووەتە پشـتتەوە. دەستێک وا لە ناو دیوارە بەردینەکەدایە، دەسـتی لێ نزیک بکەرەوە و توند بیگوشە.

**ئالێکسس:**

من دەترسم، من...



**سۆفیا:**

بەڵێ، بەڵێ، دەستەکەی لەوێیە، هەستی پێ دەکەی؟

**ئالێکسس:**

هەست بەهیچ ناکەم.

**سۆفیا:**

ئەوە دەستی باوکتە، دەیناسیتەوە.

**ئالێکسس:**

بەڵێ.

**سۆفیا:**

دەسـتێکی پۆلایینە. بۆ تۆ زۆر بەسـۆزە. بۆیە دەبێ بەجـەرگ بی بۆ ئەو کەسـەی کە لە دوای تۆوە دێ، بگرە بۆ هـەمـوو ئەوانەش کە لە دوای تۆوە دێن، خەڵکانی وەکو ئێمە نامرن. تا ئەو دیوارە هەبێ من و تۆ و گەلێ خـەڵکی دیش لە ناو ئەو دیوارە بەردینەدا دەبین. پیـاوە بچکۆلەکـەم، جگەرگۆشـەکەم ئێـمـە لـەوێ پێکەوە دەبین.

(ڕووناکی دەگـەڕێتـەوە دۆخـەکـەی پێـشـووتر، کـاپـتن دەسـتی سـۆفـیـا لەسـەر سنگی ئالێکسس دوور دەخـاتەوە و تەمـاشـای سۆفیا دەکات).

**کاپتن:**

خودا لێت خۆش بێ، خوا لە هەموومان خۆش بێ.

(تاریکی، دەنگی فـیـشـەکـێک و دواتر فـیـشـەکی دووەمـیش دەبیستین.

بەخێرایی سەر شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە. فیدیلا و منداڵەکە دەبینین.
لە خواریشەوە لەسەر ڕووبارەکە سەرباز و ژنەکان کۆبوونەتەوە).

## دیمەنی بیست و حەوت

**فیدیلا:**

(بۆ منداڵەکە) پێویستت بەوە هەیە قسە بکەی، دەبێ فێری ئەوە بی کە چۆن قسە دەکەی. دنیایەک شت هەن کە دەبێ بیانگێڕیتەوە.
بەڵام ئەگەر بڕیاریشت داوە کە هەرگیز نەدوێی، ئەوا هەرچۆنێ بووە چیرۆکەکانت هەر دەگەنە دنیا. حیکایەتگەلێک هەن کە دەبێ هاوار و قیژە بیانگێڕێتەوە، ئەگەر هاتوو وتن و وشەش ئامادە نەبوون ئەوا هەر بۆ خۆیان لە پێستەوە دەڕژێنە دەرێ. ڕەشەبا لەگەڵ خۆی هەڵیان دەگرێ، دووکەڵ لەگەڵ خۆی دەیانبات، ڕووبار تێکەڵ بە هاژە و خوڕەی خۆی دەکا و لە جێگە تەنیا و دوورەدەستەکانەوە بەرەو ئەو شوێنانەی ڕادەفڕێنێ کە خەڵکەکانیان ئامادەن گوێ بگرن....
دەتوانم چاوەڕێ بم، دەتوانم چاوەڕێی تۆ بکەم تا زمانت دەکرێتەوە.
من سەبرم هەیە و دەتوانم قەدەرێکی درێژ چاوەڕێ بکەم.
(دەڕواتە دەرەوە.
ڕۆژێکی خۆش و خۆرەتاوە لەسەر ڕووبارەکە، ژنەکان لەوێن و



سەربازەکان بە تفەنگ و تەقەمەنییەکی زۆرەوە، پێشیان لێ گرتوون. کاپتن و ئەمانۆئێل لەوێ چاوەڕێن، ئەفسەر دەگاتە لایان).

**کاپتن:**

ئەم وڵاتە چی تر هیوای تیا نەماوە. دەبێ هەموو دانیشتوانی ئەم خاکە فڕێ بدەیتە دەرەوە و خەڵکانی تازەی لە دەرەوە بۆ بهێنی، خەڵکانێک کە خاوەنی ئەقڵ و هۆشن.
وچانێک. کاپتن تەماشای ژنەکان دەکات.

**ئەفسەر:**

گەورەم لەوە دەکات بتەوێ فەرمان بدەم بەسەربازەکان.

**کاپتن:**

بەڵێ دەکرێ فەرمان بدەی.
(سەربازەکان میلی تفەنگەکانیان دەهێننەوە و شوێنەکانی خۆیان دەگرن).

**کاپتن:**

ژنان، بۆ دواجار ئاگەدارتان دەکەمەوە کە گوێڕایەڵ بن و بەرەو ماڵەکانی خۆتان بڕۆنەوە دەنا ئاماژە بە پیاوەکانم دەدەم کە بە زەبروزەنگ بڵاوەتان پێ بکەن.
(وچانێکی کورت).
جەنگاوەران دەمەوێ کەناری ڕووبارەکەم بۆ خاوێن بکەنەوە.
(کاپتن جارێکی تر تەماشای ژنەکان دەکات کە هەموویان لێی دەڕوانن.

له پڕێکدا گوێمان له گریانی ئاژەڵێک دەبێ، قەلەڕەشێک یان....
هەر هەموویان، ژنەکان، سەربازەکان، تەماشا دەکەن. دەنگی هاژە و خوڕەی ڕووبارەکە بەرز دەبێتەوە، هەر هەموویان دەگەڕێنەوە دواوە.

ژنەکان بە بێدەنگی بەرەو ڕووبارەکە دەڕۆن و دەچنە ناو ئاوەکەوە و لاشەیەک هەڵدەگرن و دەیهێننەوە سەر کەنارەکە، دواتر بەرەو سەربازەکان دەڕۆن و ڕادەوەستن و هەردوو لایان لەیەک دەڕوانن.

جارێکی دی ڕووەو سەربازەکان دەڕۆن و لەوە دەکات سەما بکەن، یان لەوە دەکات گۆرانی بڵێن، هەروەها لەوەش دەکات تەنیا بەرەو پێشەوە بڕۆن و لاشەکە لەگەڵ خۆیاندا وەک منداڵێکی تازە زاو ڕابژەنن).

تاریکی

کۆتاییی شانۆییەکە